

# بەیان

ژ (١٢٠) حوزەیرانی ١٩٨٦

chalakmuhamad@gmail.com

## پیرۆزبێت جەژنی لە دایك بوونی

## شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمموزی نەمر

# بەیان

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی یە

سەرەکی ئەنجومەنی گارگێرو سەرنووسەر

## مصلح جەلالی



دەستەی نووسەران

سکرتێری نووسین فؤاد حسين احمد

دكتور احسان فؤاد

دكتور كاوس قفتان

دكتور عزالدين مصطفى رسول

مصطفى نريمان

عبدالرزاق بيمار

محمد مصطفى حمەبۆر

محمود زامدار

عبدالكريم فتلى يحيى

صلاح شوان

سكڤان عبدالحكيم

محمد سليم سوارى



سەرپەرشتی هونەری و نەخشەکێشان سحر فريد

مۆنتێف وخۆش نووس: نزار بەزاز


بەرگی یەکەم: گوڵ و گوڵاڵە لە کوردستان دا

بەرگی دووەم: دوو کچە خنجیلانەی کورد

## لەم ژمارەیەدا


● تۆماری جەنگ

- سەرکردەی گشت گەل - جمال احمد -
- تیرمەها دەسکەفتیا - سمکۆ علي -
- با هەر شەکاوەبێت ئاڵای شۆرشی تەمموز - عثمان حمد -
- سێ تەمموز چی دەگەیەنێت؟ - علي حسين -
- ولاتي من عيراقە . . شيعر . . - عبدالله طاهر -
- هاوار . . چیرۆك - سيروان -

● لێکۆڵینەوە

- ساغ کردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی - عبدالرزاق بيمار -
- شتێك لە بارەی گۆرانی و ئاوازەوە - حسيب قەرەداغی -
- حەمە ئاغای - محمد علي قەرەداغی -

● شیعر

- ئەمەن . . . - علي ناجي عطار
- پایز . . . - محمد ئەمین پێنجوێنی
- تراژیدیای برینێکی خەمج و سیامەند - حمە احمد جاف
- سێ نووسەر . . پەخشان - عثمان خواکەرەم
- هەیڤا ئاری کۆژ - صديق خالد هەرووری
- ئەمەن گوڵێکی نەورۆزە - مستەفا زەنگنە

● چیرۆك

- مەرگی شاعیر . . . - رەووف بیگەرد
- وێنەکەی خوشکت . . . - رەووف حسن
- مامۆستای گوندەکە . . . و. . . - د. کاوس قەفتان
- پیاوە بەختیارەکە . . و. لە ئینگلیزیەوە - انور قەرەداغی
- دوو کورتە چیرۆك . . و. لە عەرەبیەوە - هێرش محمد امين

● لە یادگارەکانی نووسەران دا

- نەورۆزو چەند یادگارێك . . . - د. عزالدين مستەفا رەسول
- دووا یادگاری پیرەمێردی نەمر . . - مستەفا صالح کەریم

● فۆلکلۆر

- بەیتی غەزالا کوردە . . . - شوکور مستەفا
- پایزۆك . . . - عبدالرحمن مزوری
- مە چرا خوە قەمراند - صبری بۆتانی

● رەخنە

- بە شیعرەکانی «بەیان»دا چوومەوە . . - کاکەی فەلاح

● بەرهەمی لاوان

● راپۆرتی رۆشنبیری

- راپۆرتی هەولێر . . . - شێرزاد عبدالرحمن
- راپۆرتی سلێمانی . . . . باوکی دۆست
● پاتەی بەیان . . . - ئاسۆ



دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی

وەزیریە

ئەنیشت

«المعهد القضائى» ت ٤٢٥١٨٤٦ پێنج خەتە


تکاوگلەیی: -

تکـایە هەر نووسـەرێ خەتـەکـەی خۆش و شاش و جوان نەبێ ، نووسینەکەی دەخرێتە پشت گوێ .

ئابوونەی ساڵانە لەناو عیراقدا

7,000 دینار

# سەرکردەی هەموو گەل

• جمال احمد •



هەموو گەلێك پێویستی بەرابەرو پێشەوایانی خۆی هەیە، مێژووش پڕە لە چەندان نموونەو بەڵگە کە ئەو ڕاستی یە دەردەخات چۆن توانیویانە باری ژیانی ئەو گەلانە بگۆڕن و شۆڕشی ئەوتۆی مێژوویی بەرپابکەن کە بووە بە سەرەتایەکی نوێ بۆ ئەو گەلانە..

لە گوندێکی ساکاری ئەم عیراقە، ڕۆڵەیەکی بە جەرگ لە دایك بوو، کە هەر لە سەرەتای ژیانی لاویەتی جموجوڵ و هەڵس وکەوتی ڕۆژانەو خەباتی لە هەموو بوارێکی کارکردندا دەری‌خست، ئەم ڕۆڵەیە، دەبێتە موژدەیەکی گەورە بۆ عیراقی سەربڵند، کە بە خۆشەویستی ئەم ڕۆڵە چاو نەترسەی لە باوەش گرت ئەگەر بێت و بە ژیان و خەباتی سەرکردەی خۆشەویست «صدام حسین»دا بچینەوە، پڕە لە نموونەی قارەمانیەتی و فیداکاری‌و چاونەترسی‌و هەستی شۆڕشگێرانە بۆ گۆڕینی عیراق و پێشکەوتنی ژیان و زامن کردنی ئاسوودەیی‌و خۆشبەختی بۆ گەلی عیراق.

• بایەخی مێژوویی...

کاتێ شۆڕشی تشرینی ساڵی ١٩٦٣ دووچاری باری نائاسایی خۆی هات، پارتی سەرکردە لەو هۆیانەی کۆڵیەوە کە بووە مایەی شکستی‌و دەست نیشان کردنی کوژانەوەی «بزووکی شۆڕشەکان»، ئا لەو کاتە، مێژوویی‌یەدا «سەرکردەی گرنگ» دەرکەوت.. دەرکەوتنی سەرکردەی خەباتگێر «صدام حسین» مەسەلەیەکی ئاسایی نەبوو، چونکە لە ئەنجام دا بووە سەرەتای دەست پێ‌کردنی هەنگاو بۆ ڕزگاری عیراق.. لە کاتێکا کە پارتی سەرکردە لەو بارەدا ژیا، هاوڕێ «صدام حسین» وەکو سەرکردەیەکی سەر بەگەل، توانی دەوری پێشەوایەتی خۆی ببینی...

دەتوانین بڵێین، هاوڕێی خەباتگێر سەرکردەی دیاربوو بۆ پاراستنی ناسنامەی پارت و چەسپاندنی بیروباوەڕی ڕاستەقینەی، لە هەمان کات لە زۆربەی دەسکەوت و بیروڕاکانی شۆڕش شوێنی خۆی هەبوو، بەتایبەتی دوای تەقینەوەی شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی تەمموزی نەمر، پێش ئەمیش بە خەباتی نهێنی‌و هاندانی هاوڕێیان و هەوڵی

کۆکردنەوەی جەماوەر لە دەوری پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب.. ئەگەر بێت و بە بڕیارو دەسکەوتەکانی شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ی تەممووزی مێژوویی‌دا بچینەوە، بە ڕووناکی دەوری سەرکردە دەردەکەوێ لە دروست بوونی بڕیارەکان و دانانی پلان و ستراتیجیەتی شۆڕشگێڕانە لە بەرەوپێشەوە ـ بردنی ڕەوڕەوەی شۆڕش و بەدی هێنانی ئامانجەکانی کە بریتی‌بوو لە خزمەتی هەموو گەلی عیراق و دەوری مێژوویی لە ناوچەکەدا کە ببێتە ناسنامەی عەرەب و، دامەزراندنی عیراقی نوێ...

● سەرکردەی هەموو گەل.

لە سەردەمی هاوڕێو خەباتگێڕ «صدام حسین» عیراق کەوتە قۆناغێکی نوێوە... بە ماوەیەکی کورت، وڵات سەردەمی ڕاپەڕین و تەقینەوەی شارستانیەتی بەخۆیەوە بینی کە سەرنجی هەموو دنیای ڕاکێشا... ئەوەی سەردەکاتە شارەکانی عیراق بە تەواوی ئەو وێنە جوانە دەبینی کە عیراق پێشکەوتنی تێدا دەژی... کامەرانی و ئاسوودەیی چووە هەموو ماڵێکەوە، ئازارو مەینەتی ساڵانی پڕ کوێرەوەری ڕامالی.. بۆیە، گەلی عیراق بە گەورەو بچووک سەرکردە صدام حسین ـ یان لە باوەش گرت...

خۆشەویستی گەل بۆ سەرکردە «صدام حسین» ناتواندرێ سنووری بۆ دابنرێ، چونکە گەل بە سۆزێکی گەورەوە وێنەی هاوڕێو ڕابەریان لە دەروونیان داکێشا... هەر لە ڕۆژی یەکەمی دەسەلات وەرگرتنی سەرکردە، «مرۆڤ»و گەلی عیراق بووە گەورەترین مەسەلەی شۆڕش لەلای هاوڕێی پێشەوا، چونکە ئامانجی شۆڕش ڕزگارکردنی عیراق بوو لە دەست ئەو ڕژێمانەی ئازاری گەلی عیراقیان دا... سەرباری هەموو ئەو دەسکەوتە مەزنانەی کە بۆ گەلی عیراق هاتەدی، سەرکردەی مەزن بەردەوام نزیک بووە لە هاووڵاتی، هەمیشە سەردانی شاروقەزاو گوندی عیراقی کردووەو لە نزیکەوە گوێی لە خۆزگەو ئاوات و گیروگرفتی عیراقیەکان گرتووە، هەر لە چیاوە، تاکو بیابان میوان بووە، جگە لەوەی دەرگای کراوەبووە بۆ هاووڵاتی کە لە نزیکەوە پێویستیەکانی گوزەران و ئاستی ژیانی ڕوون بکاتەوە...

سەرکردەی گەل زۆر نزیکە لە خەڵک، هاوڕێی منداڵ و پیرە، دۆستی کوردو عەرەبە، بۆیە لە ناخی گەلدا دەژی... چونکە ناخیان دەردەبڕێو سەرکردەیەکی نموونەیی‌یە لە هەموو جیهاندا کە بەو ڕادەیە جەماوەری لێ کۆبێتەوە...

● سەرکردەو جەنگ.

لە کاتێکدا کە ئێرانی ڕەگەزپەرست ویستی دڕندانە پەلامار بداتە عیراقی پێشکەوتن و گەشەسەندن، گەلی عیراق مەردانە ڕووبەڕووی ئەو دەست درێژیی‌یە تاوانبارە بووەوەو زیاتر لە دەرسێکی دایێ کە بیری نەچێتەوەو سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتنی تۆمار کرد...

یەکێک لە نیشانە هەرە دیارەکانی ئەم سەرکەوتنە بەردەوامەش بریتی‌بوو لە سەرکردایەتی‌کردنی ڕاستەوخۆی ڕابەری کاروان تێکۆشەر «صدام حسین» کە بە درێژایی شەش ساڵ ڕابەری ئەم جەنگەی کردووەو هێزی سەرکەوتنی بۆ هێناوەتە دی...

هەموو مانایەکی سەرکردایەتی‌کردن لە کەسایەتی سەرەکی فەرماندە «صدام حسین»دا هەبوو... هێزی دوژمنیش هەر لە ڕۆژی یەکەمی جەنگەوە ترسی هەبو لەو هێزە گەورەیەی کە لە کەسایەتی ڕابەری مەزندا بوو.. چونکە سەرکردەی خەباتگێڕ نیشانەی دانایی و خۆڕاگرتن و ڕۆشنبیری و ڕەسەنایەتی بوو.

ئەوەتا هەر لە سەرەتای جەنگەوە لەگەڵ جەنگاوەری بەتوانای عیراقدا بووە لە بەرەکانی جەنگ داو بەشداری نەخشەی ڕاستەقینەی سەرکەوتن بووە... لە هەر هێرشێکدا وەکو سەرکردەیەکی لێهاتووی سەربازیی ئامادە بووەو بە هێزەوە وەستا... بیرو ڕاکانی سەرکردە بەرامبەر بە جەنگ، بیروڕای سەرکردەیەکی ڕەسەن بوو کە لە پێناوی مەسەلەیەکی مێژوویی و شکۆمەندی‌دا پێشەوایەتی جەنگ دەکات و ورەی مەردانە لەلای عیراقیە شەرەفمەندەکان قووڵتر دەکاتەوە...

# تیرمەها دەسکەفتیا

○ سمکۆ علی ○

کار هاتنە ئامادەکرن بو شورەشا ١٧ ـ ٣٠ تیرمەهێ پشتی کەفتنا ٨ شواتێ ل چریا دووێ سالا ١٩٦٣و هەژ وێ روژێ قوماندارِیا پارتێ دەست ب هزرو بیرێت خو کرن بو رابونا شورەشێ دژی حوکمێ عارفی.

و لسەر هندێ را سەر وبەر یێت بزەحمەت بون لوی وەختێ قوماندارِیا پارتێ شیای جارەکا دی خو پێك بینیت لدور ئێك گرتنێ و پێکڤە فانێ و دەمێ بزاڤا بزەحمەت هندەك قوماندارێت گەنج ڤەدان لپێشاهیکا وان هەڤال صدام حسین بو دەمێ شولێ کومکرنا پێك هینانێ دانای لسەر ستوێ خو لوەختێ هاتیە ژێك ڤەکرن و تەرا بەرابون ژ لایێ رژێما رەدا چریێ.

هەڤال صدام حسین بەرز بو وەکی قوماندارەکی قارەمان لدەمێ پارتێ گەلەك نەخوشی بەرهنگار بوین ئەو ژیك بدەورەکێ بەرز رابو ژ قوماندارِیا بزاڤا پارتێ و رابو شورەشێ.

شورەش ژیك د وان حەیت و پەیتا دا شولەکا ب هێز بو چونکە هەڤالێت بەرژ هەمی د زینـدانا بون و دەستێت کێشای بون ژ لەشکەرێ و هندەکێت دی ژێك خو ڤەشارتی بون.

و شولکرنا پارتێ برەنگەکی ئاشکەرا دەمێ شورەشا شواتێ رژێما عارفی، پێك هینانا پارتێ یا باشبزوخی و لەشکەری دنیاسین برەنگەکی گشتی.

خیچ کێشانا شورەشا ١٧ ـ ٣٠ تیرمەهێ یا هویر و بەرفرەهـ بو بو هەمی شول و ئەگەرا، و پێتڤی بو کو هەمی هەڤال خو کوم کەن ژ بو بنەجهکرنا شورەشێ ل چوار شینوارێت پارتێ بو وەرگرتنا چەکی و جلك و فێرکرنێت تایبەتی لوەختێ هندەك کومکێت دی ژ هەڤالا ئەوێت ژ پێك هینانا تایبەتی و فێری لەشکەرێ بوین کومبوین ل چایخانەکێ هاتیە هەلبژارتن و ل ١٦ تیرمەهێ دەمێ قوماندارِیێ کومبونا خو دیار کرین بو لێچونا خیچ کێشانا بجهئینانا شورەشێ ژ نژکەکی. ڤە قاسدەك ژ عبدالرزاق النایف ریڤەبەرێ سەح سیێت رژێما عارفی هات و گوتی کو نایف دڤێت پشکدارێ د شورەشێ دا بکەت.

لڤێرە ژیك لسەر قوماندارِیێ یا پێتڤی بو بریارەك ڤەنج و ودجهێ خودا بدەت و بزویکا بەرسڤا پێشڤەهەنێرێ نایف هاتە دان بو قەبیل کرنا پشکدارِیا وی دشورەشێ دا بەلێ لوی وەختی دا بریار هاتە دان دەمێ شورەشی بسەربکەڤیت نایفی خلاس کەن وسەر برین کەن و ئەڤ

شولا هەنێ کەتە لسەر ستوێ هەڤال صدام حسين . . ئەڤە ژێك هاتە کرن ل ٣٠ تيرمەهێ و شورەش قورتال بو ژڤی کرێ کرتيێ نەد رێدا .

دەمێ پارتا بەعسا عەرەبيا هەڤپشکی قومانداريا شورەشا ١٧ ـ ٣٠ تيرمەها سالا ١٩٦٨ کری هندەك شول دانانە د بيرو هزرێت خودا ئەوێت خەبات و بزاڤ بو هاتينە کرن ژ بەر بنەجهکرنا وان ئارمانجا .

هوسا پارتێ شولێ ئاڤاکرنا عيراقا ئابوری و کومەلێ نوی و رژێما سياسی و پەيوەنديێت جيهانی دانان بەرچاڤ لسەر جەهسيس ژ وەلاتی خلاسی کرين و رەوشەنبيريا نيشتمانی و نەتەوايەتی بەلاڤەکری، و شورەش ئاڤابوی و حوکمداريا بنگەهی موکرم بوی ل دەولەتێ و بەرفرەهـ بوی تێکەلاهيێت جيهانی دا .

و ب چاڤەکی بەرکەتی شورەشێ بەرێخو دا مەسەلا کوردی و ل ١١ آدارا سالا ١٩٧٠ هيڤيێت نەتەوا ميللەتێ کوردی بجهێناندی دەمێ حوکمێ زاتی دروست کری بو کوردا ل کوردستانا عيراقێ .

و قومانداريا پارتێ و شورەشێ ئاڤاکرنا عيراقا نوی



ئاڤاکرنەکا پێك هاتی ژ هزرێت کومەلی و ديمکراتی و هەڤپشکی و پێشکەفتی .

و مازنترين نەخوشی و دوژوار ترين شول ئەو بو دەستەسەکرنا ئابورێ چونکە عيراق هيڤيێت خو د دانيت لسەر گازێ، دەمێ گازا وەلاتی د دەستێت کومپانێت بيانی دا ژ بەر ڤێ چەندێ خومالی کرنا گازێ هاتە کرن ل ئێکێ خزيرانا سالا ١٩٧٢ ، ئەڤە بو بنياتێ دەستەسەرکرنا ئابورێ و گاز ژێك بو سامانەکێ نيشتمانی کەفت دبن رێڤەبەريا ميللەتێ عيراقێ دا برەنگەکێ گشتی .

شورەشێ دەستەسەرکرنا سياسی بنەجهکر دەمێ بنەجهکر ب ئاڤاکرنا جەبها نيشتمانی و پێشکەفتی داکو هەمی لا پشکدارێ بکەن د ئاڤاکرنا عيراقا نوی دا .

و شورەشێ هندەك پێنگاڤێت جوان و بەرکەتی هاڤێتن بو ئاڤاکرنا مؤسساتێت ديمکراتی و درێڤەچونا خودا لسەر دوو پێلا چون :

يا ئێکێ بەرفرەهکرنا دەورێ دەزگەهێت ميللی وشولينی و پێك هينانا جڤاتێت ميللی و بەرزکرنا دەورێ روژنامە ڤانێت رەسمی و پارتێ . . و يا دووێ بکارئينانا ديمکراتێ ب رێکا مؤساتێت ديمکراتی لپێشاهيکا وێ جڤاتا

نیشتمانی دەمێ بو جارا ئێکێ ل سالا ١٩٨٠ میللەتێ عیراقێ جڤانا نیشتمانی هەلبژارتی.

و مەیدانێت بازرگانیێ و سنعەتی و چاندنێ و ساخلەمیێ و فێرکرنێ پێنگاڤێت مازن دیتن و عیراق گەهشتە پێلەکا پێشکەفتی.

و دمەیدانا سیاسەتا دەرڤەی دا عیراقێ تێکەلاهێت موکوم و هەڤالینی گرێدان دگەل دەولەتێت جیهانێ لسەر بنیاتێ بنەجهکرنا خزمەتا نەتەوایەتی بو پاراستنا تەناهیا دەولەتێ.

و عیراقێ خو دا دگەل هێزا بێلا بو موکوم کرنا ڤێ هێزێ و پێش کێش کرنا هاریکاریێت ئابورێ بو وەلاتا.

و پشتی شورەشا عیراقێ ئەڤ پێنگاڤێت جوان و بەرکەتی هاڤێتن هەمی دوژمنا و نەیارا بەرێ خودانە ڤان دەسکەفتیا ب چاڤەکێ غەزەب و دوژمناتی دەستێ خو درێژ کرنە شورەشا عیراقێ ئێك ژ وان رژێما ئیرانێ دەمێ دەستێ خو درێژ دکەتە خاك وئاڤا عیراقێ و پیلانێت ئیمپریالزمێ و سایونزمێ بنەجهکەت دەمێ جەنگ فەرز کریە لسەر عیراقێ بێ سیج و بێ سەبەب . . و ل شەش سالێت شەری دا رژێما خمینێ چەپەل چ حاسل نەکر ژ غەیری مال وێران کرنێ و تەلافەتێ، و نەشیا مرادا خو حاسل کەت چونکە میللەتێ عیراقێ ئەڤروکە ب کوردو و عەرەب و هەمی کێماسێت دی یێت بەرەڤانێ دکەن ژ دەسکەفتێت شورەشا ١٧ - ٣٠ تیرمەها پیروز.

و قارەمانێت قادسیا صدام ئارمانجێت رژێما ئیرانێ دێ پویچ کەتن ئەڤە یا ئاشکەرا دبیت د وان سەرکەفتنێت جوان ئەوێت کو هێژێت، قارەمانێت قادسێ بنەجهـ دکەن روژ بو روژێ ل چەپەرێت شەری. .

و روژ ژێك بێ نێزیکە بو هەرشاندنا سەرێ مەژێ هشکێت ئیرانێ ئەوێت دەستێت خو درێژ دکەن ئاڤا عیراقێ بەلێ خەونێت وان دێ ب ئاڤا شط العرب دا دچن و دێ هەرڤن د کەندالێت چیایێت گەردەمەند و چوارتە و هەمی چەپەرێت عیراقا خوشتڤی دا.

٦ بەیان

# با هەڕەشەکاوە بێ ئاڵای شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی تەمموزی پیرۆز

○ عثمان حمد ○

شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی تەمموزی مەزن بە سەرۆکایەتی بەرێز سەرەکی فەرماندە (صدام حسین) خوا بیپارێزێ مۆمی (١٨) مینی دەکوژێنێتەوەو یادی بیرەوەری تەمەنی پڕ لە گۆڕنکاریو ڕووناکی گشت لایەنێکی وڵاتە خۆشەویستەکەمان دەکاتەوە. گەر بێتو ئاوڕێك لە سەردەمی پێش شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی تەمموز بدەینەوە، عیراق بە پەردەیەکی ڕەشی ئیمپریالیزی داپۆشرا بوو. بوارەکانی ئابووریو رامیاریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری لە عیراقدا قوڕ پەست کرا بوو. ئیمپرلیزم و نۆکەرانی هەمیشە لەو خەون و خەیاڵانەدا بوون و هەروا هەوڵی پێ پایانیان ئەدا بۆ داچەقاندن و کوژانەوەی تروسکەی ڕووناکی لە عیراقدا، هەمیشە لە خەڵوەتی تاڵان کردن و بردنی سامانی نەتەوایەتی بوون، بۆ بە کار هێنانی ئامانجی گڵاوو ڕاپەراندنی نەخشەی نارەوایان لە ڕووی بە ڕووی عیراقدا.

بەڵام دوای بەرپا بوونی شۆڕشی مەزن شۆڕش ١٧ - ٣٠ی تەمموزی پیرۆز هەموو نەخشەو پلانی ئیمپریالیزم و

کاسەلێسان خرایە گۆمێکی بێ بن و دەستی چەپەڵیان بن بڕ کرا.

کاروانی خەبات و تێکۆشانی ڕاستە قینەی شۆڕش بەرەو پۆپەی هەرە بەرزی پێشکەوتن کەوتە ڕێ. . . هەر لە سەرەتاوە شۆڕش مەزن چەندین خاڵی کردە بناغەو بنەڕەت بۆ پێشخستن و گۆڕانکاری عێراق لەگشت بوارەکاندا چەسپاند. هەروا جێبەجێ کردنی هەنگاوەکانی شۆڕشی تەمموزو گۆڕینی ڕووی عێراق لە بارێکی دوا کەوتوو بۆ بارێکی پێشکەوتوو. بێگومان گۆڕینی ئەم قۆناغە بە سووك و سانا نایەتە دیو بە سەدان کۆسپ و تەگەرەی دێتە ڕێ، نۆکەرو ناحەزان بە هەمیشەیی لە خەڵوەتی نەمان و تێچوونی شۆڕش ١٧ - ٣٠ی تەممووزو گەڕانەوەی عێراق بۆ سەردەمی ڕەش و ژێر دەستەیی نەخشە پلانیان گێڕا.

بەڵام پتەوو بە هێزی کۆڵەگەو ئەستوونەی شۆڕش گشتی پچڕ پچڕ کرا شۆڕش ڕێبازی ڕاستەقینەی گرتەبەرو پەیتا پەیتا عێراقی وێرانبوو ئاوەدان کرایەوە.

بەڵێ لە خاڵە هەرە گرنگەکانی شۆڕشی مەزن، خۆماڵی کردنی نەوت بوو. سامانی نەتەوایەتی و بەرووبوومی عێراق بۆ پێشخستن و ئاوەدان کردنەوەی وڵات خرایە کارو ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر وڵاتە خۆشەویستەکەمان هەنگاوی پیرۆزانەی بەرەو پێشەوە ناو هەروا خۆماڵی کردنی نەوت بووە بنەڕەتێکی گەلێ بە هێزو پەرژینێکی قایم بۆ پێشکەوتن و پاراستنی عێراق.

شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی تەمووزی پیرۆز هەر لە سەرەتای بەرپابوونییەوە مەسەلەی کوردو چارەسەرکردنی ڕەچاو کرد بوو. ئەوە بوو دوای بەرپابوونی بە شێوەیەکی ئاشتی مەسەلەی کورد چارەسەر کراو ئاسایش و هێمنایی گەڕایەوە وڵات، بە سەدەها پرۆژەی ئاوەدان کردنەوەو گۆڕینی ڕووی کوردستانی عێراق جێبەجێ کرا. بێگومان لەم گۆرانکاریە بێ هاوتایەدا بەڕێز سەرۆکی فەرماندە (صدام حسین) دەورێکی هەرە گرنگ و باڵای لە دابین کردنیدا هەبوو.

دوژمن و ناحەزانی شۆڕشی ١٧ ٣٠ی تەمووزی مەزن بۆ وەستانی ڕەو ڕەوەی پەرەپێدان و ئاوەدان کردەنەوەی عێراق گشت شێوازێکیان بە کار هێنا، ئەنجام پوچەڵ بوونەوە. دوا گرەویان هاندانی ڕژێمی ئێران و هەڵگیرساندنی شەڕی نێوان عێراق و ئێران بوو. بێگومان لەم چەنگەشدا نەك تەنیا هێرشی چەکدارانەی ڕژێمی گومان لێکراوی ئێران نەبوو بەڵکو قەوارەی زایۆنی بەو خەیاڵە بێتە پاڵپشتێك بۆ ڕژێمی ئێران و تێك چوونی ڕێبازی عێراق، دەزگای ئەتۆمی عێراقی بەردوومان کرد. ئیمپریالیزم و کاسە لێسانی گشت



تواناو هێزیان بۆ تێك شیواندنی عێراقی نوێ خستە کار. بەڵام ئەنجام بە ئاوات و خەونی ڕزیوویان نەگەیشتن چونکە دامەزراندنی بناغەو بنەڕەتی ڕێبازی شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی تەممووزی پیرۆز بە شێوەیەکی ئەوتوو چەسپێندراوە هیچ هێزێ نی یە بتوانێ جێ لەقی بکات. دوژمن و ناحەزانی عێراق هەرچەن پیلان بگێڕن و نەخشە بنێنەوە ناتوانن شۆڕشەکەمان لەکەدار بکەن. چونکە گەلەکەمان هەمیشە وەك جەنگاوەرێکی ڕاستەقینەو کۆڵنەدەر دەجەنگێ. . . ئاهەنگ گێڕانی ئیمساڵ بە بوونەی یادی (١٨) مینی شۆڕش ١٧ - ٣٠ی تەممووز تام و چێژێکی تری هەیە لە کاتێکا جەماوەری عێراق ئاهەنگی سەرکەوتنی سوپا دلێرەکەمان دەگێڕێ ئەو سەرکەوتنانەی کە لە ڕوو بە ڕووی هێزی بەزیوی ئێران وە دەس هێنراوە ‧

# ٣٠ی تەمموز چی دەگەیەنێت..؟

○ علي حسين ○

بڕیاری لەناوبردنی دام ودەزگاو دەسەڵاتی عارف هەر لە ڕۆژی ١٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣دا درا..

بەڵام لەبەر هەندێ باروزروف و ئیش وکاری ناوەوەی حیزب ئەم بڕیارە دواخراوو جێبەجێ نەکرا.. لەبەر ئەمە پێویست بوو بۆ حیزب بۆ ماوەی ساڵانی داهاتوودا واتە دوای ساڵی ١٩٦٣ ئیشی بەردەوام بکات بۆ گەیاندنی زروف بەرەوئەم لایەنە.. بەتایبەتی ئەو کۆششە فراوانەی کە سەرکردەی حیزب دەیکرد لەبارەی دووبارە کردنەوەی بینای

حیزب، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو لێدانانەی کە ئەندامانی حیزب تووشی دەبوون، بەتایبەتی دوای هەڵگەڕانەوەی تشرینی ڕەش یان لە کاتی هێرشە دڕندەکە ئامرازەکانی دەسەڵاتی ڕاست ڕەوەکە بەسەر حیزب دا دەیکرد لە ١٩٦٤/٩/٥و دوای ئەم مێژوەش ،بە ئاواتی لەناوبردنی حیزب و پاکوداتی ئەندامەکانی، هەروەها ئەوەی شوباتیەکان کردیان لە ١٩٦٦/٢/٢٣ لە سوریا کە هەڵگەڕانەوەیەك بوو ئامانجی سەرەکیی ئەوە بوو حیزب لە بیروراو ناوەڕۆکە نەتەوایەتیەکەی دووربخاتەوە..

بەڵام سەرکردایەتی توانی ئەمەش لە ئەنجامی تواناو ئازایەتی و بەجەرگیی یەوە بە دەوری مێژوویی خۆی هەڵسێت.. و یەکێتی و هێزو توانای حیزب بگەڕێنێتەوە ئەمەش هەر دیسان لە ئەنجامی تێکۆشان و ئەرکی بێوچانی دوو ساڵی ڕەبەق بوو.. وە بۆ جارێکی ترو سەرلەنوێ جێگای سەرکردایەتی شۆڕشگێڕایەتی جەماوەر ببینێت و دەسەڵاتی عارفیەکان لەناوبدات..

شۆڕشی ١٧ تەمووزی ١٩٦٨ بە شێوازو شێوەیەکی هونەری و ئامادەیی بەرپابکات و سەرکەوتنی گەورە وەدەست بێنێت..

بەڵام چەند کەسێك لە هەڵگەڕاوەکان توانییان خۆیان بخەنە نێو شۆڕشەوە ئەویش لە شەوی ڕاپەڕاندنیدا.. ئا لەم کاتەدا سەرکردایەتی شۆڕش ڕوو بە ڕووی دوو ئیحتمال بووەوە..

یەکەم: دەبێت یان قبوڵی ئەم بارووواقیعە بکات یان قبوڵی ئەم چەند کەسەبکات.

دووەم: یان قبوڵ بەوە بکات حیزب و ئەندامانی تووشی «تصفیە»و لەناوبردن بین..

بەڵام دانایی و هوشیاری و تێگەیشتویی حیزب و سەرکردایەتیەکەی باشترین بڕیاریان داو چاك ترین ڕێگایان هەڵبژارد واتە سەرکردایەتی قبوڵی بەوە کرد کە ئەم چەند کەسانە لە بەرپاکردنی شۆڕش دا بەشداریبکەن و هەر لە عەینی کاتیش دا بڕیاریدا دوای سەرکەوتنی شۆڕش لەناویان بەرێت و پاکۆیان بدات.. بە زووترین کات.. وە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە پێویست دەکرێتەسەر حیزب کەوا خۆیان بگرن و بەوپەری هوشیاریەوە لەنێو حیزب دا بجوڵێنەوەو ئەوپەری بڕوایان بە سەرکردایەتیەکەیان و دانایی و ڕاستیی بڕیارکەی هەبێت..

ڕۆژی ٣٠ی تەمموز ئەوپەری تواناو بەهێزیی و سەلیقەی سەرکردایەتی حیزب دەردەخات.. توانایەکی بێ هاوتاو چەشنیە دەخرێتەپاڵ کارە نایابەکانی تری سەرکردایەتی شۆڕش و قارەمانەکانی، بۆ خۆ ڕزگارکردن لەو زەحمەتیانەی کە تووشی دەبوون و پێویست بە تواناو ئەقڵی دەکرد..

**بەڵێ واتای مێژووی ٣٠ی تەمووز ئەوە دەگەیەنێت کە درێژەپێدانێکی مێژوویی ڕەسەنی شۆڕشی ١٧ تەمموز دەبەخشێت.. لەبارەی بڕیاردان بۆ بەرنگاربوون و وەستان ڕووبەڕووی هەر زەحمەتێك یانە درگە و داڵێك ئەگەر لە ڕێگای دا بچێنرێت و لەناوبردنی هەر لایەنێك ئەگەر نیازی ناپاکی هەبێت بەرانبەر بە ئاوات و ئامانجە پیرۆزەکانی حیزب، یان ئەوانەی هەوڵی نامەردانە دەدەن بۆ ئەوەی شك وگومان بخەنە سەر بیروباوەڕەکانی حیزبەوەو جۆرە گومانێکی دروست کراو پەیدابکەن.. جا دەبێت ئەم جۆرە کەسانە لەناوبدرێت و ماوەیان نەدرێت ژەهراوی خۆیان بڕژێنن..**

**دیسان ٣٠ی تەمموز ئەوە دەبەخشێت کە سەرکردایەتی شۆڕش چ جۆرە دەورێکی مێژوویی و نایاب و لێپرساوی بینی بۆ ڕاپەڕاندنی شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی تەموزو**

پلان دانان بۆ لەناوبردنی ئەم چەند کەسانە ئەویش بە سەلیقەو سەبووریی و بە شێوەیەکی ووردو هوشیاریەوە...

هەروەها دیسان توانی ئەوە ڕوون بکاتەوە کە حیزب لەمانە بەهێزترەو بڕیاری ئەوەیە ڕێگای گشت جەماوەر ڕۆشن بکاتەوەو ئامانجە پیرۆزەکانیان وەدی بهێنێت.. ئەوە لە ٣٠ی تەمووز سەرکردایەتی حیزب و ئەندامە قارەمانەکانی توانییان ئەم چەند کەسانە لەناوبەرن و پاکۆیان بدەن بەمە سەرکەوتنی تەواوو یەکجاری و نایاب بۆ شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی تەمموز نووسرا...

# وەلاتێ من عیراقە



بهەلکەتنا لەشکەرێ مەیێ قەهرەمان
لە فەیلەقا ئێکێ وسیێ و حەفتێ...

هوزانا: عبدالله طاهر بێسفکی

عیراقا رەنگین
هەی نیشتیمانێ من.
خاکێ پر بها
وەلاتێ شرین
ئەی خوینا سور
دناف دلیدا...
من دڤێت ...تە
بدەمە بەر سینگێ خو.
لە چەژنێت سەرکەفتنێت
زێرین دا

من دڤێت...
ناڤێ تە
بێ جوان «عیراق»
گوڵ و رحانا
بێ وەرکەم
چاڤێ زاروکا
ماچی کەم
شوکرا خودایێ دلوڤان
بکەم
ئەی نیشتیمان

باغێ گولێت جوان
عیراق ...ئەی عیراق
تویی سترانەکا نەمر
ش هەمی سەلیقا
ئەی درا
زێرین
یارەنگە سحرین
ب گرنژین و
بشکورین
یاژیای ل

نیڤا دلێت پرئەڤین . .
عیراق . . وەلاتێ من
من دڤێت
ژبیر نەکەم
ئاڤێ هەر دارەکێ . .

بەرەکی . .
هەر دندکەکا ئاخێ
لسەر خاکێ رەنگین
گولێت بشکفتی
دبێهن خوشن

بو ولاتیا . . کرێکارا
جوتیارا . . .
هەمی خاندەڤانا
ئەی وەلاتێ شرین
توخیبێت تە
ئاگرن بو دوژمنا
بدەستێت
لەشکەرێ تە
ژبو

پاراستنا ژینێ
عیراق . . . مالا مەزن
هەی‌گەلێ باب وباپیر
پاگرێدای
ب پیلای وزنجیرا

دی پاریزین
بخەنجەر وشیرا

کوچکێت حاکم و میرا
بێت رەنگین و فەقیرا

هەی سێنیا ددنی

هەمی گەلێ تەدا . . .
ژبو سەرکەفتنێت مەزن
دێ هەر ژین
سەربەستی

وئاشتی وئازادی
ئو سەرفەرازی . . .
دگەل بورینا

سال و چەرخا
ئەی وەلاتێ من . . . عیراق
خودان چەلەنگ

عیراقا پێشکەفتی
هەی بویکا
هاڤینگەها

وچەژنێت خوش
ئەی لولوکا سپی
یاسیتافکا ددەت . .
ژبو رونکرنا
هەمی دەرا . .

وەلاتێ من . . عیراق
ئەی بەحەشتا لسەر جیهانێ
هەی مالا من
یا مەزن
تێ‌یە خەملین
دەنگ ڤەددەی

لێجەر کەترا
ئەی گولا ژێ گرتی
ژ ناڤ باغێ گولا
هەی حوریا
هەمی بشکوژا
دناڤ شەڤا

بویکنیا زێرین دا
مەکریە دناڤ
کەلەکا دا

ئو لسەر پێلێت ئاڤێ
یا خەملاندی
بهەمی رەنگێت
روناهیا . . .

هزار سترانێت
پر ئاواز

لناڤ گەمیادا
دگەل خەملا ژیهاتی
دورمان دور
زەندکێت مێرخاس وچەلەنگا

سەرکەتن بوئینا
خودان ناڤ ودەنگا
عیراق وەلاتێ من
کەلهێت بلند ئاڤاکە
ژبو پێشکەتنی

ژبو خوشکرنا ژینێ
بچاڤدێریا
کورێت تە
لسەر عەردێ تە
بچاڤدێریا

خودایێ مەزن
ل ئەسمانی
بدەست دوژمناڤە
نائێت بەردان .
نائێت بەردان . . .




شەوێکی شێداری سەرەتای بەهار بوو، گەواڵە چڵکنەکان بە شێوەیەك ئاسمانیان تەنیبوو ئەستێرەکانیان لە جریوەی ئاسایی‌یان خستبوو. مانگی وێڵیش لەپەسا هەوڵ وتەقەلای ئەوەی بوو دڕ بە گەواڵە هەورەکانەوە بنێت بەڵام بێ‌سوود، هەورێ بارانـاوی یەکیان گرتبوو و چاوەڕوانی ساتی دیاری‌کراوی خۆیان بوون تا بە گرمەگرمیان هەرچی شریخەو قرمەی چەکی سووك و بۆمباهاوێژە قورسەکانی بەرەی جەنگە قووتی بدەن.

تەنها لوورەلووری گوللەتۆپ دەهاتە گوێ کە هەموو یەك دوو دەقە جارێ بەرز بەسەر سەنگەرەکاندا گیڤەیان دەکرد، هەتا یەك گوللەتۆپی دوژمن دەهات و کوێرانە زەوی دەهێنایە لەرزە چوار گوللە تۆپی سەربازە

دڵیرەکانمان دەمکوتیان دەکردن... جاروبارەش قرمەی دۆشکە لە دوورەوە دەبیسترا کە سەربازەکانمان بە دوژمنی شکاوو هەڵاتوویانەوە دەناوە ترس ولەرزی دەخستە دەروونی بەزیویانەوە.

ئەگەر لە سەنگەرەکانەوە چاوت ببڕیایەتە گۆڕەپانی مەرگ، لەو تاریکی یە ئەنگوستە چاوەدا، لێرەولەوێ نێلەوپلیسەی زرێپۆش و ئوتومبیلی دوژمنت چاو دەکرد کە بەسەریەکدا توابوونەوەو دووکەڵی ئاسنی قرچ هەڵاتووو بۆ چرووکی کوژراوانی دوژمن تێکەڵ بەیەك دەبوون و جارجار شنەیەکی فێنك دەیهێناو دەیدا بەسەر سەنگەرەکاندا... قەیرێك دنیا کپ و بێدەنگ دەبوو ئنجا ناڵەی تەقینەوەی گوللە تۆپێك دەبیسترا.

لەناو ئەو سەنگەرانەدا کە بەدرێژایی بەرەی جەنگ کشابوون، سەربازەکان دانیشتبوون پشوویان دەداو بە تام ولەزەتەوە خواردنی خۆیان دەخوارد، ئەگەر ئەو سەرکەوتنەش نەبوایە کە دوانیوەڕۆی ئەو رۆژە کە بەدەستیان هێنابوو ئەوا نەپشوودانیان دەبوو نە خواردنەکەشیان ئەوتام وچێژەی دەبوو.

جەلال کە لەپاڵ غەفووردا دانیشتبوو، بێتاقەتانە سەموونەکەی دەکرد بە قوتووی مرەباکەداو وەك زۆری لێبکەن ئەوها دەیخوارد، غەفووریش کە پاڵی دابوو بە دیواری سەنگەرەکەوە زووزوو بە دزەنیگا سەرنجی دەدا، لەناکاو دەستی لە خواردنەکەی هەڵگرت و وتی :- جەلال ئەوە چی یە، خۆ ئەمە یەکەم جارت نی یە لەشەڕدا بەشداری بکەیت، بۆچی وا کزیت؟

جەلال، بێئەوەی خواردن بوەستێ یاخود سەر هەڵبڕێت یاخود لا بکاتەوە، بەدەنگێك دەبیستراو نەدەبیسترا وتی :- هیچ... هیچ نی یە.

غەفوور بزەیێکی کێشاو دەستێکی کێشا بەڕانی جەلال داو وتی :- عاجز نەبیت ئەگەر بڵێم ئەمجارە لە چاو جاران زۆر باشتر بوویت، شەڕەکەی ئەمڕۆش لەچاو جاران جیاواز بوو، تێکڕژان بوو، تێکڕژانیش گاڵتە نی یە، جەرگێکی دەوێت پیاو هەتا سەر لەگەڵیدا بڕوات و کۆتایی پێبێنێ.

غەفوور کە ئەمەی وت تۆزێك قاچی جووڵاند، ئنجا دەستی درێژکردو قەیتانی پۆستاڵەکانی توندکردەوە. جەلال سەری بەرەو ئاسمان بەرزکردەوەو چاوی گێڕاندە هەورەکان و وەك چووبێتە دنیایەکی ترەوە وتی :- دەزانیت... کە بەو شێوەیە هێرشەکەمان کردو لێیان نزیك بووینەوە بڕوام نەکرد بمێنم، لەدڵی خۆمدا وتم هەر دەکوژرێم، بەڵام نازانم چی بوو شتێك لە ناوەوەمدا پاڵی پێوە نام خۆم بپارێزم، کارێك بکەم نەکوژرێم، ئیتر ئەوەبوو کە رووی دا... دەبوایە ژیانی خۆم بپاراستایە.

غەفوور دوای ئەوەی هەردوو قاچی لەدیواری ئەوبەری سەنگەرەکە گیرکردو لە قایم وقوڵی پۆستاڵەکەی دڵنیابوو وتی :- بێگومان پاراستنی ژیانی خۆمان لەسەر حسابی لەناوبردنی دوژمنە، ئەوە شتێکی ئاشکرایە، چونکە نەکوژیت کوژراویت. ئەمە یاسای جەنگە... ترس و بەزەیی جێگایان لە فەرهەنگی جەنگدا نی یە.

جەلال لەسەرخۆ وتی :- یاسایەکی سەختە، بەڵام لەبارێکی وادا پێویستە.

غەفوور پێکەنی و دەستێکی کێشا بە شانی جەلال داو وتی :- ئەی چۆن... یاسای ژیانە... ژیانیش خۆشەویستە.

لەوکاتەدا گوللەتۆپێك بە سەریاندا لووراندی و لە دووری سێ سەد مەتر دای بە زەویدا. جەلال لای بۆ غەفوور کردەوەو وتی :- مەبەستت چی بوو کە وتت وەك جاران نەبوویت؟

ئەویش لەسەرخۆ پێکەنی و برایانە وتی :- هەرچۆنێك بوویت، بەڵام هەر وەك ئەمڕۆ نەبوویت، ئەمڕۆ سەری

ئیمەت بەرز کردەوە، بە تەما نەبووم وابیت.

سێ گوللە تۆپ بەردوا لەپێش سەنگەرەکاندا تەقینەوەو رەوی‌یەکەیان لەرانـدەوە. . . چەند سائێك رانەبوردن کە رستێك راجمە وەك پشکۆ بەسەریاندا گیڤەیان کردو رووەو

سەنگەرەکانی دوژمن ئاسمانیان رۆشن کردەوە، ئەوەندەشی نەخایاند زرمـەی تەقینـەوەیان بیسترا، جەلال و غەفوور پێکەوە گوێیان هەڵخست، گوللەتۆپی دوژمن دەنگی نەما، ئنجا غەفـوور سەری نا بەدیـوارەکـەی پشتیەوەو وتی :- ئاوا دەمکوتتان دەکەین.

جەلال ئاوڕی بۆ غەفـوور دایـەوەو وتی :- دەزانیت. . . کە هێرشەکەمان کرد مولازم عادل چ هاوارێکی لێ کردم.

غەفوور وتی :- ئاگام لێ‌بوو. دیارە هەستی بە شلەژانت کردبوو.

جەلال سەری نەوی‌کـردو وتـی :- دیـارە. . . راستت دەوێت تەریقیش بوومەوە، لەدڵی خۆمدا وتم خۆ من لەمان زیاتر نیم. . . ئیتر ملم نا.

لەم ساتانەدا، لەناو سەنگەرەکەدا تارمایی زەلامێك بەرەو روویان هات، هەردوو سەربـازەکـە چاویان تێ‌بڕی، کە نزیك بووەوە جەلال خۆی راست کردەوەو لەوەدابوو هەڵسێ کە دەنگی زەلامەکە وتی :- هەڵمەسە، ئیسراحەتی خۆت بکە.

جەلال و غەفوور لەدانیشتنەکەیاندا قنج بوونەوە، مولازم عادل مانـدووتـەبوونی لێ کردن و بەلایانەوە چیچکەی کرد، ئنجـا رووی دەمـی کـردە جەلال و وتـی :- ها کاکـە جەلال. . . پیاو یا وەك ئەمڕۆ بجەنگێت یا هەر نەیکات.

- وایە گەورەم.

ئنجـا مولازم عادل رووی دەمی کـرد غەفـوور و وتی :- یەکی سێ رۆژ ئیجـازەتـان هەیـە. . . لەلایـەن منەوە. . . بەڕاستی ئازایەتیتان نواند.

غەفوور بە بزەکێشانەوە وتی :- **سوپاس گەورەم.**

لێـرەدا جەلال سەری کـزکـرد، **مولازم عادل پەکـسەر** هەستی کـرد بیر لەچی‌دەکـاتـەوە، **پێکـەنینێکی لەدەم پژاو** وتی :- کاکە جەلال. . . **دەبوایە ئەو هاوارەم لێ‌بکردیتایە،** ئاگام لێت بوو چۆن بوویت. . .

جەلال بەخـۆدا شکـانـەوە وتی :- **گەورەم سوپاست** دەکەم، بەلام ئەو هاوارەش نەبوایە هەردەبوایە ژیانی خۆم بپاراستایە، دەنا دەکوژرام.

مولازم عادل سەرێکی باداو وتی :- وانی‌یـە. . . ئەمـە بیرێکی هەڵـەیە، ئەمە بیرێکی سەربازیی رووتە، دەبێت هەندێك بیری رامیاریشی تێکەڵ بێت تا ئەنجامی خوازراو وەدی‌بێت. . .

جەلال وتی :- مەبەستت چی‌یە گەورەم؟

مولازم عادل پێکەنی‌و وتی :- مەبەستم ئەوەیە نابێت لە شەردا ژیـان پاراستن ئەنجام بێت. . . چونکـە بۆی هەیە هەڵاتنی بەدەمەوەبێ.

غەفوور گوتی :- وایە گەورەم.

مولازم عادل درێـژەی بەقسـەکـەیدا و وتی :- جا ژیان پاراسـتن ئەگـەرچی پاڵ پێـوەنـەرێکی گەورەیـە، بەلام هەچ کاتێك زانیت لەپێناوی چی‌دا دەجەنگیت ئەو کاتە بە هەڵمـەتـر دەبێت ئامـانجی سەرەکیت لەبـەرچاو نەبێت دەبەزیت. . . چونکە ورەت نابێت. . . ئەوەت لەبیرنەچێتەوە.

مولازم عادل سووك هەڵسـاو دوعـاخـوازی لێ‌کـردن و بەجێی هێشتن. جەلالـیش سەرێـکی باداو دەستی بۆ سەمـوونـەکـەی ناو کۆشی درێـژکـردو ژەنیـەوە لە قوتـووی مرەباکەداو، ئەمجارەیان وەك زۆر برسی بێت ئەوها کەوتە خواردن.

● ● ●

## ساغ کردنەوەی

# دیوانی حاجی قادری کۆیی

(عبدالرزاق بیمار)

ئەمیندارێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان جێگەی سوپاس و ستایشە کە دیوانی حاجی قادری کۆیی بە چاپێکی ڕێکوپێک و جوان بڵاوکردەوە، کۆششی مامۆستایان سەرداری میران و کەریمی شارەزاش بۆ ئامادەکردنی دیوانەکە جێگەی ڕێزو سوپاسە، بەتایبەتی مامۆستا سەرداری میران کە یەکەم جارە دێتە نێو مەیدانی ساغ کردنەوەو لێکۆڵینەوەی کەلەپووری شیعری کوردیمان.

تا ئێستا نەبوونی دیوانێکی ڕێکوپێک و بێ هەڵە بەرهەڵستێکی گەورە بوو بۆ گەیشتنە دنیای هونەری شیعری حاجی، ئەوەی بە سەرپێیی شیعرەکانی لە چاپەکانی پێشوودا دەخوێندەوە، لەوانە بوو تێبینییەکی باش لە شیعرەکان وەرنەگرێت و لەلایەن کێشەوە بە لەنگ و لەلایەن زمانەوە بە کەچ و لەلایەن ڕێزمانەوە بە ناتەواو و لەلایەن هونەرەوە بە ناکامیان لە قەڵەم بدات. لە ڕاستیدا زۆر مامۆستای نووسەر لەم ڕووەوە تووشی وێستان لە هەڵوێستێکی چەوتی وەهادا هاتوون، بەڕای من هەرگیز هەڵە لەوە زل تر نی یە کە ڕەخنەگر لای وابێت ئەگەر حاجی شیعرە ناوەڕۆك نیشتمانی یەکانی نەبوونایە لە هونەری شیعردا پایەیەکی وەرنەدەگرت. بەپێچەوانەوە ئەگەر حاجی لە شیعری غەزەل و دل و دلداری‌دا وەستا نەبوایە بەو جۆرە شیعری نیشتمانیشی بۆ هەل نەدەستا. ئەوەی لە جیهانی

شیعری حاجی قووڵ بینێتەوە دەڕوانێ تاکێک یان دەربڕینێک، تەنانەت وشەیەک نی‌یە بەبێ وردەکاری بە هەناسەی شاعیرانەی گوڵاودار نەبوو بێ.

بێ‌گومان حاجی لەسەر ڕێبازی (نالی)و شاعیرانی هاوڕێگەی ئەو شیعری دانەناوە بۆیە ماوەی بەراورد لە نێوانیان دا زۆر بەرفراوان نی‌یە، دەنا هیچی لەوان کەمتر نی‌یەو لەڕووی داهێنانەوە لە گەلێک نیگارە شیعرو قاڵبە هونەردا لەوان پێشکەوتووترە.

حاجی نەک هەر شاعیرێکی بە سەلیقەو بەهرەداربووە کە لە سەرەتای زووی ژیانی‌یەوە کانیی شیعری هەڵ قوڵیوە، بەڵکو زانایەکی باش و خاوەن بیرێکی زیرەک و وردبین و خاوەن گیانێکی بەهەست و دووربین بووە. زمان زان بووەو لەباری ژیانی ڕۆشنبیریی گەلەکەی خۆی ئاگادار بووەو خوێندەوارو ئاگاداری زانینەکانی کۆن و دەنگدانەوەی زانیاری‌یە تازەکانی ئەو سەردەمە بووە.

لەبەر ئەوانە کارێکی نەکراوو دوور لەژیری‌یە ئەگەر شیعری چەوت و زمان ناتەواو و کێش لەنگ و نەشیاو لەبەر پەنجەی ئەو دەرچوو بێت، جا ئەگەر تا ئێستا شیعرەکانی شێوابن ئەوا لە سۆنگەی ئەوەدایە:

١ - ڕێنووسی کۆن لە هەندێک شوێن دا زۆر جۆرە خوێندنەوە هەڵ دەگرێ‌و شیعری ئەویش بێ‌گومان بە ڕێنووسی کۆن نووسراوەتەوە.

٢ - بڵاوی وشەو دەربڕینی هونەرمەندانەی حاجی لە زمان دا دەورێکی کاریگەر دەگێڕێ لەوەدا کە شیعرەکانی تابلێی ورد یان ناسک خۆبنوێنن، وشەگەلی زۆر زارو زاراوەی زۆر زانیاری‌و زمانانی کۆکردۆتەوە، بەنموونە ئەگەر یەکێک شارەزای زاری ئاخاوتنی کۆیە نەبێت هەندێک وشەی باش بۆ لێک نادرێتەوە.

٣ - شێوازی شیعری حاجی کە لە داڕشتن و وشە ڕازاندنەوە زیاتر پشت بە بیرو سۆز دەبەستێ، ئەمەش وا دەکات کە شیعرەکانی پڕ لە پرشنگدانەوەی فیکرو خەیاڵ و بۆچوونی تازەو لەم لاو لەولا بن، بۆیە لەبەردەم هەر تروسکەیەک دا دەبێ پیاو هەڵوەستەیەکی بۆ بکات و ناتوانێ وەگەڵ لێشاوی کێش و ئاهەنگی داڕشتنی قەبە بکەوێت وەکو لە شیعری کۆنینەدا دەی‌کرد بۆنەوەی زۆر (نیکتە)ی لەدەست دەرنەچێت.

لەگەڵ ئەوەش دا کە ئەم دیوانە بەری ڕەنجێکی دڵ خۆش کەرە، بەڵام من هەندێ تێبینی‌و وردەسەرنجم لا کۆبووەتەوە، کە لێرەدا بڵاویان دەکەمەوە مەبەستم ساغ کردنەوەیەکی باشتری لەمەودوای دیوانەکەیەو هەڵ گیرساندنی ڕای شارەزایان و مامۆستایانی ئەم مەیدانەیە بۆ لێکۆڵینەوەو وتووێژی بەکەڵک.

بەرلەوەی سەرنجەکانم بخەمەڕوو دەمەوێ بەکورتی باسێکی سەرچاوەکانی خۆم بکەم:

دەمێک بوو خەریکی ساغ کردنەوەی دیوانی حاجی بووم، بۆ ئەم کارە گۆڤارو ڕۆژنامەکان دەگەڕام، ئەگەر شیعرێکی (حاجی)یان تێدا بڵاوکرابوایەوە جیاوازیی ئەو دەقانەو دانەی دیوانی چاپ کراوی مامۆستا گیوم تۆمارده‌کرد. لە دەستنووسێک دا کە لە گۆڤاری (نووسەری کورد)[1] باسیم کردووە چەند پارچە شیعرێکی حاجی‌و لە دەستنووسێکی دی‌دا کە هی مامۆستا مەلا فەتحوللای شوان بوو لە مزگەوتی (خادم السجادە)ی کۆیە بەهاری‌یەکەی حاجی تێدا بوو، هەروەها مامۆستا مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغا دیوانەکەی حاجی نووسیبۆوەو شەرحیشی لێ‌دابوو، ساڵانی حەفتا هێنایە بەغدا تا چاپی بکات، بەڵام ڕێک نەکەوت، جا بە ئیزنی خۆی ئەویشم خوێندەوەو گەلێک سەرنجم دەربارەی شەرحەکەی عەرزکرد.

**«مەخابنە ئەو ڕەنجەی ماموستا مەلا ڕەئووف تا ئێستا بێ سەروشوێن مابێتەوە!»**

زووتریش کاک ئەحمەدی غەفووری زادەی بێ‌دەس (قوڵچی مالیە) شیعرەکانی حاجی لەبەربوو، خۆیشی شاعیر بوو لە ڕەواندوز ساڵی ١٩٥٨ پێکەوە بووین و سوودم لێ‌وەرگرت، لەگەڵ مامۆستا سەعید فەهیمیش (برای مەلا

رەئووف) لە بەڕێوەبەرێتی خوێندنی کوردی لە بەغدا پێکەوە بووین ئەویش شیعری حاجی و هەندێ زانیاریی لەبابەت شیعرەکانی‌یەوە لابوو، لەگەڵ ئەوەشدا شیعری حەمزە حیماری و مەلکەقوڕو فەقێ کیسەڵ و شەڕە جوێنی‌یان لەگەڵ شێخ ڕەزای لەبەربوو. جگە لە مام میرزا محمد امین کە هەر لە زووەوە شیعری حاجی لەماڵەوە بۆ دەخوێندینەوە بەتایبەتی دانەیەکی چاپ کراوی لە مەهابادەوە هاتووی لابوو کە شیعری مەلای گەورەشی تێدا بوو.

ئەوجا ئەو شیعرانەی حاجی کە کێشەی لەسەر بووبێت لای خۆم تومارم کردوون و نوسخەکەی ماموستا گیوم پێ ساغ کردوونەتەوە، جگە لە پەراوێزی مانا لێدانەوەی وشەو ڕوون کردنەوەی ماناو بۆنەو بابەتی هەندێك شیعر بەو ئاواتەی کە لە ماوەیەکی دیکەدا لەسەر شێوەی تازە دەست بکەم بە ساغ کردنەوەی دیوانەکە. ئێستاش کە ئەم (دیوانە) هاتوەتە بەر، تەنیا بە بڵاوکردنەوەی ئەم چەند لاپەڕەیە وازدەهێنم و لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی شیعرەکانیش بۆ وتارێکی دی هەڵ دەگرم.

**(١) بەهاری‌یەکەی حاجی (ل ٣١ - ٣٧):**

ئەم هەڵبەستە بەناوبانگەی حاجی گەلێك جار بڵاو کراوەتەوەو دووبارە کراوەتەوە، ئەویش هەڵبەستێکی وردو پڕ لە وردەکاری‌یە، بۆیە ساغ کردنەوەی پشوودرێژی و هێمنی پێ دەوێ. وا دەست نیشانی ئەو بەیتانە دەکەم کە پێویست بە وتوویژ و لێ‌دوان دەکەن:

**لەشادی وەك صەفی شایی لە کێوو کەژ ئەزهار**
**هەڕا بە خەلعەتی گول گوون و کەوتە ڕەقص و سەما**

وا دیارە سەرچاوەکان لە نووسینەوەی ئەم هەڵبەستەدا یەك نین، ئەوەتا گۆڤاری گەلاوێژ[٢] ئەم دێڕەی وەها نووسیوە:

لە شادی وەك صەفی شایی لەکێو کەژ ئەزهار
هەڕا بە خەلعەتی گول گون دەکەونە ڕەقص و سەما

چاپی یەکەم[٣] هەڕای بە (هوڕا) بە دوو واو نووسیوە، دەستخەتەکەی لای من (هڕا)ی نووسیوە، بە بیستن و بە لەبەرکردنیش خۆم بە (هوڕا)م زانیوە. بەرلەوەی لە مانای هوڕا بپرسین دەبێ بزانین ئەگەر وشەکە هەڕا بێت مانای بەیتەکە ڕێك هەڵ دەستێ یان نا؟

وەکو تێی‌دەگەم ماناکەی دیوان[٤] بۆ (هەڕا) ئەوەیە لە چیا وەکو گەری شایی، گوڵان لە خۆشییانا هەڕان، بە جلوبەرگی سوورەوە کەوتنە ڕەقص و سەما. بەڵام لەجیاتی هەڕان (کۆ) هەڕاو لە جیاتی کەوتنە (کۆ) کەوتە نووسراوە لەکاتێك دا ئەزهار کۆیە، بێ‌گومان ئەمەش کۆسپێکی ڕێزمانی‌یە لەڕێگەی لێکدانەوەی دروستی مانای بەیتەکە بەو شێوەیەی کە هەیە.

بەڵام وەکو چاپی یەکەم نووسیویەتی:

(هوڕا بە خەلعەتی گول گون دەکەونە ڕەقص و سەما) ماناکەی ڕێك ترە، ئەگەر زانیمان هوڕا، یان هوڕە ناوی گوڵێکە، لە هەندێ ناوچەدا بە (حوڕە) دەی‌بێژن لە قاموسی ئینگلیزی و کوردیی ماموستا توفیق وەهبی و ئەدمۆندزا دەڵێ جۆرە گیایەکە (قانع)یش دەڵێ حوڕە گوڵەو گەلاکەی لوولە:

**(حوڕە) گەڵالوول، (قومام) کلاولار**
**(تریشکە)و (تەرلە) هەزاران هەزار**

**ب - (لە دەنگەو) دووکەڵی شینی تفەنگی نێچیرەوان**
**میثالی سونبولی زولفێ کە تێك بچێ بە سەبا**

ئەم بەیتە دەمێکە بووەتە مایەی سەرلێ‌شێوانی ئەوانەی ئەم بەهاری‌یەیان چاپ کردوتەوە، لە چاپی یەکەم دا نووسراوە (لەبیست و دوو کەڵی شینە)، گۆڤاری گەلاوێژ ئەم بەیتەی نەنووسیوە، لەچاپی دووەم دا (لەبیست ی)و لە پەراوێزدا بە (لەبیستنی) لێك داوەتەوەو لە پەراوێزی چاپی سێ‌یەمیشدا نووسراوە (لە شوێنێکی‌تر نووسراوە لە دەنگی). ئەم دیوانەش بە دوا دەنگی ئەوەوە چووە.

بەتایبەتی سەرسوڕمانەکە لەوە دایە کە بیستو دوو ژمارە (٢٢) پێك دەهێنن.

بەڵام هیچیان ڕاست نین، ڕاستی‌یەکەی وەکو لە

دەستنــووسیش دا نووســراوە (لــە بستــوە)، بستــووش کە بۆرێکی لەســەر واوەکــەی کراوە وشــەیەکە هێشتا لە دەشتی کۆیــە بەکــاردێو بریتی‌یــە لە (گــردۆلکــەیــەکی بەرزایی‌و درێـژایی کەم بێ هەروەهـا کلکـە شاخ کە هێندەی نامێنێ دەگەڵ دەشتایی تێکەڵ بێتەوە)[٥]

هەر بەو مانایەش حاجی خۆی لە شیعرێکی‌دا دەڵێ:

**لێت دەشێوێ هەر کە زولفەینی پەشێوی لابدا**

**ماهتابی سەر کەلە یا رۆژەکەی سەر بستووە**

لەلایکی تریشەوە (دەنگ) لەگەڵ ئەو وێنە هونەری‌یەی حاجی کێشــاویــەتی رێــك ناکــەوێ چونکــە ئەو دووکــەڵــە شینکەی تفەنگی ڕاوکەران کە لە دوا یاڵەوە هەڵ دەستێ بە سونبولی پەرچەمێکی چوواندوە کە بای سەبا لێی‌دابێت و شێواندبێتی.

**جـ ـ لە (گورگە لوور)و، حەپەی سەگ، لە قارەقاڕی‌بزن لە عەکسی دەنگی (دووبارەی) کە (دێتەوە) لە چیا**

ڕاستی ئەم بەیتە بەم جۆرەیە:

**لە گورگە قاڵ و حەپەی سەگ، لە قارە قاڕی بزن**

**لە عەکسی دەنگی دووبارە کە دێتەوە لە چیا**

دەبێ بڵاوکــەرانی دیــوان لایــان وابــووبێ کە چاپەکانی پێشــوو نەیــان زانیــوە بۆ گورگ لوورە دەگــوترێ بۆیــە لەناو دەقەکانی پێشوودا هەر ئەوان گورگەقالیان لابردووە.

حاجی کوری کوردەواری (گــورگــەقال)ی زانیوەو حەپەو قارەو بارەو قۆرەو بۆرەو حیلەو قیرەقیرو ئۆحەشی لەم شیعرەدا کۆکــردوەتــەوە، بەڵام خۆ لە کوردستــان گورك بە لوورەلوور نایێتــەوە ماڵ لە ئێــواران دا؟ ئنجـا گورگەقال وەکو بیستوومە جۆرە حەپەیەکی سەگە مەبەستی پێی ترساندن و وەلامدانی گورگە.

وشــەی (دووبــارە)ش ئەو (ی)ی ئیزافــەی پێ‌نــاوێ، هەروەها دێتەوە (بە کۆمەڵ) ڕاستە نەك دێتەوەی تاك چونکە خەبەردانە لە سەگ و لە بزن. هەرچی دێرەکەی پێشووە کە شاعیــر گوتی (دێتــەوە ماڵات) ئەمــە چونکــە ماڵات ناوی جینسە بۆی هەیە بە تاك و بە کۆمەڵ ئیشارەتی بۆ بکرێت.

**ء ـ جەوابی دامەوە ئەمما جەوابەکی وا ڕەق نەما مەجالی مەقال و (موباحەثە لەم لا)**

خوێندەوار هەقی‌یەتی بپرسێ ئەرێ شاعیر لە دەربرینی (لەم لا) مەبەستی چی‌یەو کام لای دەوێ‌و کام لای ناوێ؟ دیارە بەپێی ئەم دەقە وەلامێکی دەم کوتی دەست ناکەوێ، چونکــە هەڵــەیــەو ڕاستی‌یــەکــەی وەکو لە دەستنووس داو لە گۆڤاری گەلاوێژدا هاتووە بەم جۆرەیە:

**جەوابی دامەوە ئەمما جەوابەکی وا ڕەق**

**نەما مەجالی مەقال و (موباحەثەی لەم و لا)**

واتــا ماوەی قســەکــردن و وتــووێــژ ی (لم)و (لا) کە دوو ئامرازی ڕێزمانی عەرەبین، یان بلێم (لماذا)و (لا).

**هـ ـ بەهاری وا هەموو (ساڵێکی) (دێتەوە) ئەمما (ئەوانی) دەچنە دیاری مەمالیکی عوقبا...**

دێــری یەکــەمــی ئەم بەیتــە هەڵــەی تێ‌کــەوتــووە، ڕاستی‌یەکەی وەکو لە دەستنووس دا نووسراوە بەم جۆرەیە:

**بەهاری وا هەموو ساڵێ دەبێتەوە ئەمما**

**ئەمانی دەچنە دیاری مەمالیکی عوقبا...**

واتــا هەمــوو ساڵێــك دەبێتــەوە بە بەهــارێکی وەکــو ئەم بەهــارەی شاعیــر وێنــەی دەگــرێت. دەبێ ئەوەش بڵێم لە گەلاوێــژدا دەبێتــەوە بە (دەبیتــەوە) واتــا بە دوو (ی) چاپ کراوەو لەوانەیە هەڵەی چاپ بێت.

**و ـ (مەکانە): شەوقی بە عێلاتە، پەشمە کۆنە هەوار (حەیاتە): زەوقی بە ئەحبابە، بایە ئاب و هەوا**

مامــۆستــایــان سەرداری میــران و کەریمی شارەزا لە پەراوێــزدا رایــان گەیــاندووە کە «ئەم دێرە شیعرەیان لەسەر دەقــی وتــارێــکــی گۆڤــاری (کــاروان)ی ژمــارە (٧) ڕاست کردوتەوە» لێرەدا جگە لە نەگونجانی ماناو چەژگەی ئەدەبی لەم دەقەدا لە هەردوو برایان دەستوور دەخوازم کە کەمێــك ڕێگــە بەرەو گۆڕی کێش و بەحــری ئەم شیعــرە بشکێنین، چونکــە لە وتــارەکــەدا، بۆ خوێــەرانــدنــەوە لە هەڵــەیــەکی هونــەری ئەدەبی، لە هەڵــوێستی بەرگــری‌یەوە خاوەن وتــار کەوتــوەتــە پەلامــارو بەندەی بە نەزانی مەیدنی

کێش و مۆسیقا حیساب کردووە ئەوجا بە هەرحاڵ لێرەدا دەمەوێ ئەم بۆچوونەی خۆم پتەوبکەم و بەیتەکەش ڕاست بکەمەوە.

پێش هەموو شتێـك دەڵێم لە هەر سێ چاپی دیوانی حاجی‌دا لە جیاتی (مەکانە) مەکان نووسراوەو لە جیاتی (حەیاتە) حەیات نووسراوە.

دووەم: هەموو دەزانین مەکانە هەیەو مەکانیش هەیە مەکانە لە مەکانەتەوەیەو مەکانەتیش پلەو پایەیە، هەروەها (حەیاتە)* ئەو (هـ)یە کاری ناتەواوە کە ئێرە جێی نی‌یە.

خەڵـك لە ئاخاوتن دا دەڵێن شوێن شەوقی بە خێڵ و عێلەساتەو ژیان خۆشیی بە دۆستانە خۆ ناڵێن (شوێنە... و ژیانە...) پاشان هیچ ئامرازێکی نیشان دانیش لەبەردەم ئەم دوو وشەیەدا نی‌یە، هەتا بە خەمڵ کردنیش بۆیان تەقدیر ناکرێت تا بڵێین ئەم مەکانە یان ئەو حەیاتە.

دەمێنێتەوە سەر کێشی بەیتەکە، کەڕاست کردنەوەکە گوایا لەبەرئەوەیە ئەم بەیتە دەبێ هەر دێرێکی (١٥) پەنجە واتا برگە بێت؟ بەڵام ژماردنی بەحری عەرووز بە ژمارەی پەنجە نارەزایانە نی‌یە چونکە بەحری عەرووز بە پەنجە ناکێشرێت و ئەگەر کێشانەش کرا مەرج نی‌یە ژمارەی پەنجەکان لە هەموو دێرەکان دا تەرازوو بێت.

هەروەها لە عەرووزدا زەحاف و عیللە هەیە کە جاری وا هەیە برگەیەك کەم دەکەنەوە، جاری واش هەیە برگەیەك زیاد دەکەن. لە دواییشدا بابزانین ئەم شیعرە لەسەر چ کێشێکەو چۆن دەکێشرێت؟

بۆ بەرامبەر نەبوونی ژمارەی برگەکان (معلقە) بەناوبانگەکەی عەنتەرە بەنموونە دەهێنمەوە کە دێری یەکەمی (١٤) برگەیەو دێری دووەمی (١٣) برگەیە:

**هل غادر الشعراء من متردم**

**أم هل عرفت الدار بعد توهم**

هەروەها شاعیرێکی ئەم سەدەیەش دەڵێ:

**ما حاجة الأملاك للطهر**

**أم تلك بعض عرائس البحر**

لەم شیعرەی (حاجی)شدا کە کێشەکەی بریتی‌یە لە: (مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن)

کە دەبێ هەموو دێرەکان (١٥) برگە بن، بەڵام جاری واهەیە تەفعیلەی (فەعیلون) دەبێ بە (فیعلون) ئەوسا دێرەکە دەبێ بە (١٤) برگە یان (مفاعِلن) دەبێ بە (مفاعیلن) وەکو لەم بەیتەدا ڕوویداوە، لە ڕاستیشدا پێ لەوە دەنێم کە ئەگەر تەفعیلەی صەدر لەم بەحرەدا بە مفاعلن دەست پێ بکا لە مفاعیلن چاکترەو کێشەکەی سوارترە. با بەیتێکی دیکەی شیعرەکە شی‌بکەینەوە:

**لەگرمەگر / می‌سەحاب وو / لەهاژەیی / باران**

ب - ب - / ب ب - - / ب - ب - / - - (١٤)

**چیایەپڕ / لەهەرائوو / نەوالەپڕ / لەسەدا**

ب - ب - / ب ب - - / ب - ب - / ب ب - (١٥)

بەڵام بۆ بەیتەکەی لەمەڕ خۆمان، خوێندنەوەیەکی شاعیرانە ئەو (تەپی)یەش لە مۆسیقای تەفعیلەی صەدردا ناهێڵێ چونکە لێرەدا دوای وشەی (مەکان)و (حەیات) پێویست بە ئیستێکی مانا لێـك دەرەوەی وەکو دوو خاڵی سەریەك ستوون دەکات و لەنگەری قورسی دەکەوێتە سەر (ن) و (ت)ی هەردوو وشەکە. هەرچۆنێك بێت ئەمە باسێکی عەرووزی‌یەو پێویست بە لێکۆڵینەوەیەکی لەمە درێژتر دەکات.

**ز - لە دوو صەدی یەکەکی زەحمەتە بناسی‌یەوە**

ئەم دێرەش بە چەند شێوەیەك هاتووە، لە گۆڤاری گەلاوێژدا وەهایە:

لە دوو سەدی زحمت یەکی ئەگەر بناسیەوە

لای من لە دوو دەست نووس دا بەو جۆرەیە:

لە دوو سەدی زەحمەتە یەکێکی بناسیوە

بەڵام من دەقەکەی ئەم دیوانەم لا پەسەندترە، یەکەم لەلایەنی کێشەوە، دووەم لەلایەن سفتیی دارشتنی ڕستەی شیعرەکەوە واتا ڕستەی لە دووسەدی یەکێکی، یان یەکێك لە دووسەدی لەوە بەهێزترە کە ناوبەندی (زەحمەتە)ی بکەوتە نێوانەوە.

**ح - ئەوی حەسوودو جەهوولن لەئیم و ڕەخنەگرن**

لە هەردوو دەستــووس دا لەجیــاتی لەئیم (لــەئیمــە) نووســراوە، دیــارە بەپێی ڕێنــووسی کۆن لەئیم و لەئیمە جیــاوازییــان زۆرەو نووسینیــان بە ئاشکرا لێك جودایە، هەر بەم جۆرەش لە نووسینی (مـەنـدەبووری لەئیم)ی بەیتێکی دی وشەی لەئیم لە ڕێنووسی لەئیمە جیا کراوەتەوە.

لەم بەهاری‌یە ڕەنگینەدا هەندێ جیاوازیی دیکەی نێوان دانەکان بەرچاو دەکەون بەڵام وردن و کارێکی وا لە ماناو لە دارشتن ناکەن، لەسەر نووسینیمان پشت گوێ خست.

(٢) لە غەزەلی (تــا لە مەکتــەب ئەو مەهــەم دی)دا کۆتایی‌یەکەی ئەمەیە: (ل ٤٧):

**ماچی دەست وپێی ئەمیری دەستگیری حازرە**

**شێتە حاجی ماچی (لێو)و دەستی دەست وپێ دەکا**

ڕاستی‌یەکەی وەکو لای من تومارکراوە دێری دووەمی بەم جۆرەیە:

**شێتە حاجی ماچی پێ‌وو دەستی دەست وپێ دەکا**

چونکە لە دێری یەکەمی بەیتەکەدا وشەی (لێو) نەهاتووە تا لە دێری دووەم دا دووپاتی بکاتەوە، نیازی شاعیر وەکو تێی‌بگەم ئەوەیە کە من ماچی دەست وپێی ئەمیرم دەست کەوێ شێتم ئەگەر داوای ماچی دەست وپێی نۆکەران واتا (دەستوپێ)یانی ئەمیر داوابکەم.

(٣) لە غەزەلی (ماهی سەرچاوەی حەیاتم دا) ل ٥٧: ئەم دێرە:

**ماهی (سەرچاوەی حەیاتم کەوتە بەندو داوی شەست**

لە چاپی یەکەم دا و لای من (سەرچاوە) سەر چاردە یە، لەو بڕوایەش دام ئەمە ڕاست تر بێت، چونکە شاعیر چەند هونەرێکی ڕەوانبێژی لەو نیوە دێرەدا تێك هەڵکێش کردووە، وەکــو لەنێــوان ماهـ (مــانــگ)و ماهی (مــاسی)، چاردە (تــەمــەنی لاوی)و شەست (تــەمەنی پیری)، لەنێوان ژمارە شەست و شەستی ڕاوەماسی‌دا ڕەگەزدۆزی‌و درکەو لەتافەت هەیە. لەلایەکەوە دەیەوێ بڵێ مانگی چواردەی ژیانم کە پڕو جوانە گەیشتە شەست وەکو ماسی ژیانم کە ڕاوکرا.

هەمــوو لایــەنــەکــان لێهــاتــوویی‌و دەست ڕەنگینی حاجی پیشان دەدەن، دەبێ ئەوەش بڵێم لە هەموو (نوسخە)کان دا نیوە بەیتی یەکەمی ئەم غەزەلە هەر بە سێ تەفعیلە هاتووە، نەك چوار. دوا بەیتی ئەم غەزەلەش:

**باوجوودی نەوجەوانی خەتی (سەوز)ی دەرکەوێ**

**عەهدو پەیمانی (نەبوو موو، بۆیە) پشتی پێ‌نەبەست**

لای من بەم جۆرە ڕەوانترو ڕەسەن تر هاتووە:

باوجوودی نەوجەوانی خەتی سەبزی دەرکەوێ

عەهدو پەیمانی بنی موویینە پشتی پێ‌نەبەست.

(٤) هەڵــبــەستی (خــاکی جزیــرو بۆتــان) ل٨٥ هەڵبەستێکی گرنگەو بنچینەی هەڵبەستی دەست هەڵبەستی خەڵکی‌یــە. لە بەیتی دەیــەم دا لەجیــاتی (حــاڵ ئێستێکــە وەهایە) لای من (گەر ئێستێکە وەهایە)یە، لە بەیتی ٢٥دا لە جیاتی شیرو قەڵەم لای من (سەیف و قەڵەمە)و لە بەیتی (٣١)دا لە جیــاتی (مــەحســوودی کوللی ئەدیــان) لای من (مەحصولی کوللی ئەدیان)ە.

بەیتی (٣٣) وەها نووسراوە:

**هەر ئێکە موستەقیللن، کوللیکی دەولەتێکن**

**صاحبی جەیش و (ڕایەت)، ئەرکانی حەرب و (مەیدان)**

بەڵام ڕاستی‌یەکەی لە چاپی یەکەم و دووەم و سێ‌یەمی دیوانەکەدا بەم جۆرەیە:

**هەر ئێکە (یێکە) موستەقیللن، کوللیکی دەولەتێکن**

**صاحبی جەیش و رایە ئەرکانی حەرب و لێدان**

لەوانەیە لێدان مەبەست لە سککەلێدان بێت کە یەکێکە لە کۆڵەکەکانی کاری دەولەت، هەرچی ئەو ڕستەیەیە: (ئەرکانی حەرب و مەیدان) ئەمە شوێنی لە لەتکە دێری دووەمی بەیتی (١٨) دایــە کە لە چاپــەکــانی تردا بە هەڵــە وەها هاتووە:

**ئەسپایی شەڕ پەیداکەن (تۆپ و تفەنگ و هاوان)**

واتە دەبێ بە:

**ئەسپایی شەڕ پەیاکەن، ئەرکانی حەرب و مەیدان**

دەبێ ئەوەش بڵێم لە بەشی کوردیی کۆلیجی ئاداب دا،

له دەرسی مێژوو جارێك دكتور محمد صالحی مامۆستامان له سالانی شەست دا لەبیرمه گوتی: ئەوسا کە حاجی لە ژیـان دا بووه تۆپی هاون دروست نەکرابـوو، ئیتـر چۆن حاجی ئەمەی گوتووه؟ ئەوجا بەڵگە مێژوویی یەکەی دکتۆر شایەتیی ڕاستیی ڕاست کردنەوەکەی ئێمەیە.

(٥) هەڵبەستە شاکارەکەی (ئەم خەیمە)ی حاجی (ل ١٠٨) لە سێ لاوە لەم دیوانەدا ناتەواو بڵاوکراوەتەوە:

یەکەم: بەیتی شەشەم نووسراوە:

**أ - وەصفی چ بکەم؟ نیوەنی گوڵ، (دامەنی) سونبول**
**شایستە سەناخوانی بکەم هەروەکو فەرزە**

لێرەدا هاتـوون هەڵـەیـەکی چاپی سێـیـەمی دیوانی حاجییـان به هەڵـەیـەکی تر گۆڕیوەتەوە، له چاپی هەولێردا نووسـراوە (یـا بنی سونبـول) ئەمـان کردوویـانـەتـە دامەنی سونبول، کەچی لەدوای ئەودا له بەیتێك دامەنی سونبول دووبـارەش بووتـەوە، ڕاستی یـەکـەی لای من (پـاینی سونبول)ە وا دیارە (یابن) خوێندراوەتەوە پایەنیش واتا ژێر.

**ب - لای ژووری سەمەن، نیوەنی گوڵ، دامەنی سونبول**
**(لەو) سوورەت و مەعنایە کە سەد جەننەتی لەغزە**

(لـەو) بۆ دوورەو ڕاستی یـەکـەی (لـەم)ە بۆ نزیـك، بەڕاستی دەربـڕینی ڕستـەی جەنـنـەتی لەغز دەربڕینێکی سوریالیی جوان و شێوازی تازەیە.

لە دێری دووەمی بەیتی پاش ئەودا نووسراوە:

**حـ - (دڵ پەستە) دەسا بادی سەبا هەستە مەلەرزە**

ڕاستی یەکەی (دڵ بەندە)یەو لەوانەشە لە نوسخەی تردا (دڵ بەستە) بوویێت، ئەو پەستەی کە بە مانا غەمگینی یە لەو وشە کۆنانە نی یە کە بەکاربردنی له شیعردا باو بوویێت.

ءَ - لە بەیتی دوای ئەودا:

**(هەر لێرە هەتا) دەشتی بەهەشت ئابنی لاجان**
**ئاهیستە برۆ نەك وەکو دیوانەیی هەرزە**

ڕاستی یەکەی ئەمەیە:

هەر لێـرەوە تا... هتـد کە ئەمـەش لەلایـەن ڕاستی و دروستی دارشتنی زمانەوە پەسەندەو جێی گومان نی یە.

دووەم: لە دەستنـووسی دیدا ئەم هەڵبـەستـە چەنـد بەیتێکی دی بە سەرەوەیە، نووسینیان لێرە بێ کەڵك نی یە:

١ - بەیتێـك لەپـاش دێـری (لای ژووری سەمەن... هتد)دا هەیە کە ئەمەیە:

**مەنوارە خەس و خاری دەرو دەشتی بە خواری**
**ئەم خواری یە حەڵقەی دەری دەرگانەیی فەیزە**

٢ - لە دەقێکی تردا ئەم چەند بەیتەشی لەگەڵ دایە:

أ - دوای بەیتی (ئەطنابی وەکو... هتد):

**ئەبریشمی زەرتارە کەوا میهری مونیرە**
**یا حەبلی مەتین یانە سیەهـ ئەفعەیی گەوزە**

ب - پاش بەیتی (هەروەك ئەلفی جانە... هتد):

**بۆ پیری فەلەك بوویتە عەسا هەروەکو کاخی**
**بەم دیرەکە قایم بووە، محفوظەیی لەرزە**
**ئەی قامەت و موویین کەمەرو بستە میانن**
**ئەیبەستی کەوا عەینی موژە حافظی ئەرزە**
**خێر وانی یە ئەمما بە عەلاماتی دیارە**
**مەکتووبی بەراست و کەدەرو صاحیبی قەرزە.**

سێیەم: ئاڵۆزیی لە ڕیزکردنی بەیتەکانی ئەم هەڵبەستەدا:

برایـانـی میـران و شارەزا بۆ پاش و پێش کردن و ئاڵـۆزکـردنی یەکیـەتیی بابـەتی هەڵبەستە تەختە نیگارەکەی حاجی دەقێکی لەم دوایی یە بڵاوکراوەیان کردوتە مام وەتکی خۆیـان و ئەگـەر بە چاوی بێلایـانـانە جارێکی دی هەموو هەڵبـەستـەکـە بخـوێننـەوە ئەوسا دڵنیام پشتگیریی قسەکەم دەکەن کە دەقی چاپی دووەم و سێیەم و دەقەکەی مامۆستا عەلائـەددین سەججـادی گەلێـك لەوهـەی لەم دیـوانـەدایە پەسندترو یەك پارچەترە.

لەبەرئـەوەیش شیعـرەکـە تەختەنیگارێکە ساغ کردنەوەی ڕێـك هاتن و ڕیزبـەستنی دێـرەکانی ئەم هەڵبەستە شتێکی ئەوەنـدە گران نی یـە. بەسـەرنووسـە ئەبینین دوو بەیتی ئەم هەڵبەستە کە ئەمەیە:

**(في الجملة) وەکو حالی ڕوحی دولبەری حاجی**

**دڵ بەندە دەسا بادی سەبا هەستە مەلەرزە**

بە نارەوا خراوەتـە ناوەنـدی هەڵبـەسـتـەکـەوە، ئەگەرچی نازنـاوی شاعیـریشی پێـوەیـەو رستەی (في الجملة) مانای کۆتایی مەبەست و دوا داخوازیی شاعیر نەبێ چی‌دی ناگەیێنێ.

هونەری شاعیر لەوەدایە خۆی لە کۆتی تەقلیدو لاسایی شیعـری کلاسیکی رزگـارکـردووە، سەیـردەکـەی وەسفی خیـوەتـەکـە دەکات و وەسفی جوانی ناو خیوەتەکە دەکات و ئنجا داوا لە نامەبەرێك دەکات کە بە ئەسپایی بچێتە ناو ئەو خیـوەتـەو نامـەی دڵی بەنـدی شاعیـر بگـەیەنێ. خوێنەر نازانێ رووی دەمی لەکێ‌یـە، تا ئەوپـەڕی هێـزی ترپـەی دەهـۆڵی کۆتـایی پارچـە مۆسیقـا سیمفونی‌یەکەی لەدوایی‌دا دەنـگ هەڵ دەبـڕێ‌و لەگـەڵ کۆتایی‌دا دەزانین نامەبەرەکە و قسـە لەگـەڵ کراوەکـە بای سەبایە! ئەوجا دووبارە بیرمان بۆ سەرەتـای تەختـە نیگـارەکـە پێـچ دەکـاتـەوەو نەپچـڕان و ساردنەبوونەوەیەکی هونەریی جوان دەهێنێتەدی.

خۆ حاجی نەهاتووە وەکو (دڵدار)ی شاعیر یەکسەر روو لە بای شەماڵ بکات و داوای نامەبردنی لێ بکات، حاجی لەم نمـوونـە داهێنەرانە بەهرەکردەی‌دا خۆی لە چوارچێوەی شیعری تەقلیدی رزگارکردووە. ئەوەتانێ (دڵدار) دەڵێ:

**ئەی بادی شەماڵ، ئەی بادی شەمال**

**پۆستەی هەوایی دڵەی پڕ زوخاڵ**

کە سەرتاپای شیعرەکە لە ئاستی ناوەراستیی هونەر سەرناکات و لە شیعری میللی جیاناکرێتەوە.

(٦) هەڵبـەستی (بـاز; عـدە) ـ ل ١٢٠ ـ کە ئەویش نیگـاریکی بەهـارانـەی دیکـەیـە حاجی ورد ورد نەخشی لێ‌چنیوە، ئێستـا لەو دیـوانـەدا هاتـووەتـە سەر ئەو شێوەیەی جارانی کە وەکو دەڵێن لە باڵدار دەکات. بەیتی سی‌یەمی ئەم هەڵبەستە کە لەم دیوانەدا ئێجگار نایابەو تازەیە ئەوەیە لە دەڵێ:

بولبول دەخوێنی. با (لە دەمی) بەرگی گوڵ دەدا

**غونچە لە بای ئۆی‌بگری دەم دەکاتەوە.**

داخـەکـەم لای من وشـەی (دەف) نی‌یـە تا نیگـارەکـە برازێنێتەوە بەڵکو دێری یەکەمی بەم جۆرەیە:

بولبول دەخوێنێ، باش دێ لە بەرگی گوڵ دەدا.

بەیتی دواییش:

**(لەم وەقتە) هەر کەسێ وەکو حاجی لە گوڵشەنا**

**دەستەگوڵی بە دەستەوە (یە) دەستی بردەوە**

لە دەفەکان دا بە گەلێك شێوە هاتووە، لە پەراوێزیشدا مامۆستا محمدی مەلا کەریم رای خۆی پێشان داوە، بەڵام هێشتـا (بـەتـایبـەتی دێـری دووەم) ماناکەی روون و رەوان نایێتە دەست، مانای راست‌تر لە بەیتەکەدا بەم شێوەیە:

**هەر کەس لە وەختی گوڵشەنا هەروەکو حاجی**

**دەستەگوڵی بەدەستەوە بۆ دەستی بردەوە.**

(٧) دوا بەیتی هەڵبەستی «دولبەرم مامزی‌یە» ل ـ ١٢٣ کە بۆ یەکەم جار بڵاودەکرێتەوە وەها نووسراوە:

**سەفەری زوڵفی مەکە حاجی شەوت لێ‌دەگەرێ**

**باوجود رۆژە لەلات وایە کە تاریکە شەوە**

جۆرەکەی تری ئەمەیە:

**سەفەری زوڵفی مەکە حاجی شەوت لێ‌دەگۆرێ**

**باوجود دوو مارەوانن ئەگە تاریکەشەوە.**

(٨) لە دوا بەیتی هەڵبەستی (تەماشای قامەتم)دا ل ١٢٤ وشـەی صاحب کراوە بە خاوەن، کە خاوەن **قوڵـەکـراوی** خاوەندو خودانە بڵاوبوونەوەی لەو ناوچەیەدا **زۆر کۆن** نی‌یە.

هەروەهـا وشـەی (زەوی) لە بەیتی **دووەمی هەڵبـەستی** (جـەهـلی ئیشکـالی)دا ل ـ ١٢٦ **بەم دەستـووره دەبێ** بکرێتەوە بە (زەمین).

(٩) لاپەرە ١٣٤ ئەم بەیتە:

لە (ناوەی) **هەڵگەراوەی زوڵفی خاڵی رەش تەماشاکەن**

**بۆ تەیری دڵ (بیەعێنیهی) دەڵێی ئەم دانە ئەو داوە.**

مامـۆستا محمـد دەڵێ لە دوو دەستـنووسی لای خۆی وەری‌گـرتـووە، **کەچی لە چاپی یەکـەم دا هەیـەو بەبێ دەستکاری بەم جۆرە بڵاوکراوەتەوە:**

**دزو حیزو پیاوکوژو هارن**
**مری ناوداری ورچی ناوداره**
**راستیان خواره، خواری خونخواره**
ل ـ ۱۹۱

که به راستی هەجوویکی خوارو نافرەجاو زمان کەچ و کووچە.

کابـرا که زانیـویـەتی حاجی پەسنی تەکنـەلـوجیـاو پێشکـەوتنی زانیـاریی ئەوروپـا دەکـا خۆی پێ نـەگیـراوە، تازەترین زانیاریی زمان زانیی خۆی‌و زاراوەسازیی بۆ سەربار کردووین و به دەمی حاجی‌یەوە گوتوویەتی:

**قسەیێ ئەمرۆ دەیگرن له زوبان**
**سالی تر بۆت دەکەن به بێ نوقسان**
**سەدو پەنجا لوغەت زیاد دەکەن**
**سالی بۆ ناوی سەنعەت و بۆ فەن**
ل ـ ۱۸٦

هەروەهـا که حاجی‌قـادر زوریـەی زۆری شاعیرانی کوردستـانی له شاعیـرنـامـه هۆنـراوەکـەی‌دا (ل ـ ۲۱۹) باس کردووه، چی تێدا نی‌یه هەندێ ناوچەو هۆزو خێلی بەسـەر نەکـردبێتـەوە، هەمـان برادەر تێـوەریخێکی بۆ زیـاد دەکـات و ناوی مەولـەوی (نـەك مەعـدومیش)و خانـاو مەلاوەلەو خانی تێ‌دەچنێ، ئەوەتا دەست هەلبەستەکه دەلێ:

**شاعیری جاف و نەزمی ئەترافی**
**مەولەوی‌و خانه کافی‌یەو شافی**
**ئەوی سەرخێلی عێلی ئەوزانه**
**له عەشایر مەلا وەلەد خانه**
(ل / ۲۲۲)

هەمـیـــسان کاکی گوڤـاری رۆژی کورد، ئەم جاره بەبێ‌ئـەوەی قافیـەی بۆ راست بکـرێتـەوە، یان لاسـایی زار زمانەکەی حاجی بکات، به ئاشکرا تێ‌کەوتووەو کووکەی دەستکاری‌یەکەی دەنگ دەداتەوە؛ کاتێك حاجی دەفەرموێ:

**میللەتی بێ کتێب و نووسین**
**غەیری کوردان نی‌یه له روویی زەمین**
**جوولەکه چاکه ئیتیفاقی هەیه**
**کورده بێ غیرەتی‌و نیفاقی هەیه**

کابرا هاتووه له نێوانیان دا ئەم دوومەلی بەیتەی هەلتۆقاندووه:

**سێ قەبیله حەقیرو بێ روومەتن**
**کوردو رۆم و یەهوودی گومراهن**

سەیـری زاراوەی (قـەبیله)و قافیـەی رووممەت و گومراهـ بفەرموون! ئنجا بۆ درێژەدان و بۆ تێپەڕاندنی مەبەستەکەی خۆی بەیتی دووەمیشی دەسکـاری کردووەو هەرچی تاك و كۆی رێزمان هەیه بەلاوەی ناوه:

**رۆم و جوو چاکه ئیتیفاقی هەیه**
**کورده بێ‌غیرەتی‌و نیفاقی هەیه**
(ل ـ ۲٦٤)

هەروەهـا بەیـتی دواییشی ئەم جاره لەلایـەن یەکێکی شارەزاوه لەبـۆ سەربـارکـراوەو وابزانم له چاپـەمەنی‌یەکانی مەهـابـادەوه بلاوبـوەتەوەو له چاپی هەولێریش دا نووسراوه؛ هەر چۆنێك بێ ئاموبوونی شیعری حاجی پێوه دیار نی‌یه:ـ

**حالەتی ژێر دەستی هەر وایه**
**(نوکەری) کاری چاکی بۆ نایه**
(ل ـ ۲٦٥)

هەر بەم جۆرەش لەهـەلبـەستی (شێخ بزێنی)دا (ل ـ ۲۰۹) ئەم بەیته له چاپی یەکەمی بەغداو دووەمی هەولێردا نی‌یەو به دەستی ئەنقەست له چاپی سێ‌یەم دا داندراوه، که نه پێـوەنـدی به شێخ بزێنی‌و نه ناوچـەو چیـرۆکـەکانی ناوچەکەیانەوه هەیه:

**مەم و زین و دیوانی شێخی جزیر**
**گەلێ چاکن به سەهلی بینەگیر**
(ل ـ ۲۰۹)

هەنـدەی ئەمـبـوو بەیتێکی [illegible] سەرەوەی دیوانی حاجی‌یـەوه گیـربێت که به چاپی دووەم دا لەسـەر

بەرگ بلاوکرابووەوەو لەوەی دەکرد کە بە شیعری حاجی بناسری بەلاّم مامۆستا گیو کاریکی باشی کرد کە لە چاپی سێیەم دا دووبارەی نەکردەوە و ئیمە هەموومانی لە کیشەی شیعری دەست هەلّبەست رزگارکرد، بەیتەکەش ئەمەیە:

**لە کوردی حەزنەکا کوردی مەلّین بۆچی وەیا چۆنە**
**لە دایکی پرسیاری کەن کە ئەو بێچوەی لە کوی هێنا؟**

ئیتر بەم جۆرە ئەگەر بلّێین نەك دیریك و دوو دیر بەلّکو قەسیدەیەکیش بەناوی حاجی‌یەوە بلاّوبکرێتەوە جێی سەر سورمان نی‌یەو پێویستی بە لێکۆلّینەوەو بەدواداچوون هەیە.

(١٥) لە هەلّبەستی (یا ئیلاهی)دا لاپەرە - ١٩٤ ئەم بەیتەش دووەم بەیتەو لای من هەیەو لە دیوانە چاپ کراوەکانی حاجی‌دا نی‌یە زۆر لەوەش دەچی کە هی حاجی بێت وای بەباش دەزانم لیرەدا بلاّوی بکەمەوە:

**بە صەحابەو بە تابعینی گوزین**
**رضي الله عنهمُ آمین..**

(١٦) - (دەبیاری) نەما لە جینسی ذی‌رووح
**غەیری (ئەمە) هاتە کەشتی‌یی نووح**

راستی‌یەکەی ئەم بەیتە بەم جۆرەیە کە دەینووسین:

**تاقە یەکی نەما لە جینسی ذی‌روح**
**غەیری ئەمەی کە هاتە کەشتیی نووح**

(١٧) لە هەلّبەستی (تاجی بسم الله)دا ئەم دوو بەیتە لە چاپی یەکەم دا دوو شوێنی بە بەتالّی ماوەتەوە:

**سەیری‌ناکەی طائفەی.....**
**وەك صەحابەو عادەتی پێشینان**
**رووت و پێ‌خاووس بە زەرکێك و مثال**
**باوك..... دەرهێنا لە چال**

لە چاپی دووەم دا بەتالاّیی یەکەم هەر ماوەو بەتالاّیی دووەم چارەکراوەو دیرەکە بووە بە:

**باوك و باپیری دەرێناوە لە چال**

لە دیرەکانی تریش دا چەند گۆرانیك هەیە وەکو ئەوە کە پێشینان بووە بە پێشینیان. زەرکێك جاری بووە (زرێ)و جاری دووەم بە (زریە)

بەلاّم لەم دیوانە نوێیەدا بەتالاّیی یەکەمیش بە (ئەو شێخەکان) پرکراوەتەوە، ئایا تایەفەی (ئەوشێخ) هەیە یان ئەگەر (ئەو) ئامراز بێت ئەوە لە رووی ریزمانەوە دواییش ئامرازی (کان)ی ناسین و کۆمەلّی زۆر وی‌نەچوون. (ل - ٢٠٣) من لە نوسخەیەك دا دیومە نوسراوە تاییفەی (ئەرمێنیان) بەو ناوە ئەگەر ئەمە پەسن بی‌و بۆ هانەهانی کوردەکان ئەمە گوترابێ، بەلاّم وادیارە پەسن نی‌یە، بەلّکو تانووتە لەو کەسانەی کە لە سەردەمی گەمی دەریاو بارووددو دینامیت دا وەك زەمانی غەزای ئیسلامان چەکی چاکیان زەرگ و مەتالە، بە پێچەوانەی فەرموودەی پێغەمبەر کە داوای خۆ پڕ چەك کردنی کردووەو گوتویە «الجنة تحت ظلال السیوف» بیستوومە دەلّین تاییفەی (ئیرانییان)ە کە حاجی گالّتە بە سەربازی رووت و پێ‌خاوسی ئەوان دەکات. دیری دواییش ئەمە راستی‌یەکەتی:

باوك و سەدمیانیان دەرهێنا لە چالّ

لە نوسخەیەکی تردا:

**باوکی سەییدانیان دەرهێنا لەچال**

**ب - تاکی دونیا (مایە) پوختەی (هەر هەیە)**
**لەم کەرو خامەی کە هەن باکم نی‌یە**

ئەم بەیتە لەچاو قافیەو دەرچوون لە زاری ناوچەیی‌یەوە بۆ زمانی گشتی‌یەوە ناتەواوە، راستی‌یەکەشی ئەوەیە لە چاپی یەکەم دایە:

**تاکی دونیا ماوە پوختەی کەم نی‌یە**
**لەم کەرو خامەی کە هەن باکم نی‌یە**

(تاکی) لیرە مانای (تاکو)ە

**جـ - ئاخیری نایێ وەکو (رووبارو چۆم)**
**یا شەرە جوینێ لە نێو خەرپات و دۆم**
ل - ٢٠٦

دوورنی‌یە لە چاپی‌یەکەم دا لەبەر بەرهەلّستێکی ئەدەبی یان سیاسی شوێنی نیوەی دووەمی دیری یەکەمیان بە بەتالّی داناوە، بۆیە پینەکردنی بەتالاّیی‌یەکە بە (رووبار)و چۆمی هاوواتای مەگەر هەر بۆ قافیەگونجاندن باش بێت،

لەناوی هەڵگەڕاوەی زوڵفی خاڵی ڕەش تەماشاکەن
بۆ تەیری دڵ بەبێ عەینی دەڵێی ئەو دانە، ئەم داوە.

واتــا خاڵــی ڕەش لە ناو زوڵــفــی هەڵگەڕاوەو ئەڵقەبەستوودا لە دانەو داو دەکات. (ناوە)ی سەرەوە مانا نابەخشێت و بەبێ عەینی لە بیعەینیهی ڕەوانترەو ماناکەشی ئاشکرایە.

(١٠) لە هەڵبەستی (ئەگەر کوردیك)دا ل - ١٤٦، لە جیاتی ئەم نیوە بەیتە:

**کە دەبگوت (شێخی من: من) دەستگیرم**

**لای من وەهایە:**

**کە دەیگوت پیری من: شێخ دەستگیرم**

لێرەش دا مەرج نی‌یە (پیر) کتومت شێخی تەریقەت بێت، بەڵکو دەشێ پیری تەمەن و هاودژی جاهیل و جوانی دێری دووەم بێت کە دەڵێ:

**لەلام وابوو، لەبەر جەهل و جوانی**

وشەی (کل دراو)یش لە دێری دووەمی ئەم بەیتەدا:

**بە چاوی کلدراوو ڕیشی پانی**

لەڕووی زمــانــەوە بە تەواو نابینم، چونکــە کەس ناڵێ چاوی خۆی کل دەدا وەکــو ئەسپی تاودەداو دارێــك ئاو دەدا. . بەڵێ دەگوترێ کلی لێ دەدا! ئەوسا دەبێ بگوترێ (کـل لێدراو) بێ‌گـومـانیشم شاعیـر لەو مەیـدانەدا ئەوەندە نەشارەزا نی‌یە جوداوازیی ئەم دوو دارشتەیە نەزانێت. هەر بۆیـەیـە ڕاستی‌یـەکـەی وشـەی (کلدار)ە بۆئەوەش کێشەکە تێك نەچێ دەبێ لە خوێندنەوەدا وەکو ئاوازی (کحل دار) لای کلەکە بە گیری بێتە بێژتن.

- بەیتیکی دی بەم جۆرە نووسراوە:

**(کەسێ پیاوە کە) دانێ وەك حەماغا**

**لەبۆ ئەبنایی جینسی نان و خوانی**

کە لەنگی و دەستکـاریی پێوە دیارە، لەم دێـرەدا وشەی پیـاو سێ برگـەیـەو لەبـەر ناچاری دەبێ بکرێتە دوو تاکو بە ئاوازی (پاو) بخوێندرێتەوە، جا وەکو لە چاپی یەکەم و لە دەسنوسیکی لای من دا هاتوە بەجۆرێکی ترە.

لە چاپی یەکەم دا نووسراوە:

**ئەوە ئینسان کە دانێ وەك حەماغا**

لە دەستنووس دا:

**ئەوە ئینسانە دانێ وەك حەماغا**

**لەبۆ ئەبنایی جینسی نان و خوانی**

بەڕای من شێوەی دووەم پەسەندترە.

- دوابەیتی کە دەفەرموێ:

**بە ئومێدی (دوو سێ دانایە) حاجی**

**بە هەرزانی دەدا دوڕڕی گرانی**

بەپێی ئەم دەقە لەوانەیە مانای وا لێبدرێتەوە کە حاجی بەهیـوای دوو سێ کەسی دانـا دوڕڕە گرانـەکـانی خۆی بە هەرزان دەدا، وەکـو ئەم لێکدانـەوەیە ئەم جۆرە نووسینەی بەیتـەکـەی داسـەپانـدووە، ئێمـە لە چاپی‌یـەکـەم و چاپی سێ‌یـەمـەوە جۆرە مانـایـەکی تری لێ تێدەگـەین. کە بەم جۆرەیان نووسیوە:

**بە ئومێدی دۆسەی داناوە حاجی**

**بە هەرزانی دەدا دوڕڕی گرانی**

واتــا حاجی ئەم شیعـرەی بە هیـوای ئەوە دانـاوە کە لە دۆسیەدا (فایل) هەڵ بگیرێت، بۆیە مرواریی گرانی خۆی بە هەرزان دەدات.

**(١١) ئافتابی حوسنی تۆ (ڕۆژەکە) دێو ئاوادەبێ**
**قامەتیشت وەك هیلالی یەك شەوە ئاوا دەبێ**

خوێنـدنـەوەیـەکی سەرپێی ئەم بەیتـە چ جای دەقی تر دیاری دەکات کە دەبێ ئەم دێرەی یەکەمە بەم جۆرە بێت:

**ئافتابی حوسنی تۆ ڕۆژێکە دێو ئاوا دەبێ**

ناشــزانـم بۆچی بە هەڵـە پەنجـە بۆچاپی سێ‌یـەم درێــژکـراوە خۆ ئەویش هەروەکـو ئەوانی نووسیـوەو ئەوان شتێکی ڕاست تریـان لە هی ئەو نەهێنـاوەتـە مەیـدان. لە ڕاستیشـدا (ڕۆژێکـە) نەك (ڕۆژەکـە) پڕمـانـاو دروست و لێوەشـاوەیـە. لە دوا دێـری دوا بەیـتیش دا ووشـەی ئێستەکەش ئێستەکەیە.

**(١٢) تا سالیکی مەسالیکی (مولکی) قەناعەتی**

بێ گومان سالیك، ڕێبواری ڕێیە نەك ڕێبواری ناو موڵك، هەر بۆیە وەكو لە دەقی چاپی سێیەم دا هاتووە دەبێ بەم جۆرە بێ:

**تا سالیکی مەسالیکی ڕاهی قەناعەتی.**

بەیتی سێیەمیش:

**ئیخلاصە ئەصلی مەقصەدو خۆرا شەقی دەبێ**

**وا تێدەگا بە (سەرمەقولاتە) سەعادەتی**

وشەی سەرمەقولات دەبێ وەکو لە گوتن دا وایە بە سێ برگە بخوێندرێتەوە، بۆیە ئەوسا کێشەکە لەنگ دەبێ وەکو لەو دەقەی لای من هەیە بەم جۆرەیە:

وا تێدەگا بە سەرمەقولاتەیە سەعادەتی سەرمەقولاتیش تەقلەی سەراوسەرەو مەبەستیشی ڕەنگە لە (نوێژ) کردن بێت.

(١٣) نەققاشی دەمی (ل - ١٦٩)

دانەیەکی نایابی ئەم هەڵبەستە ئەوەتانێ لە دیوانی مەلا عوسمان کە دکتور ئەمین موتابچی ساغی کردوتەوەو لە سەری نووسیوە لەلاپەرە ٢٦٠دا بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش چونکە کە مەلا عوسمان کردوویەتی بە پێنج خشتەکی، دانەیەکی لەو کونتریشی بە هەڵە لە (دیوانی سالم)ی کوردیو مەریوانی بە هی سالم زانراوەو لە لاپەرە (١٠٠)دا بڵاوکراوەتەوە، دانەکەی مەلا عوسمان ئەم بەیتەی لەسەرە:

**ساقی بە فیدات بم لەگەڵ ئەو دەورەیی جانت**

**لەو مەجلیسە ئێمەش بکە یەك جورعە فشانی**

لە چەند شوێنێك دا چەند وردە جیاوازییەك لەنێوان دەقەکان دا بەدیدەکرێت وا چاکە دەست نیشانیان بکەین. لە دێری یەکەمی بەیتی یەکەم دا (نوقتەیێ) لە جیاتی (نوقتەکی)یە، لەدێری دووەم دا (بینی) لەجیاتی (زانی)یە. لە دێری دووەمی بەیتی سێیەم دا (داناﺑﻮو) لە جیاتی (کێشابوو)، لە بەیتی پێنجەم دا (وا چاکە) لەجیاتی (پێم خۆشە)، لە بەیتی شەشەم دا (بەلای) لە باتی (لەکن)ە، ئەمانەش کاریگەرییەکی خراپ لە مانا ناکەن بۆیە درێژەمان پێنەدان.

(١٤) هەڵبەستانی دەست هەڵبەست:

شتێکی شاردراوە نییە زۆر جار شیعری شاعیرانمان تێکەڵ بە دیوانی یەکتربووەو دەرهێنان و ساغ کردنەوەیان ڕەنجی زۆری پێویستە. هەر بەو جۆرەش شیعری دەست هەڵبەست بەناوی شاعیرانەوە لە کۆن و ئێستاش دا هەر هەیە، ئەمە جگە لە دەست لێدانی ڕوخسارو ناوەڕۆك، ئەمەش گەلێك هۆی هەیە، بەڵام پاڵنەر هەر مەبەستێك بێ دەستکاری کردن و شیعری دەست هەڵبەست نموونەی بێ دەسەڵاتییە.

شیعری حاجیش بەتایبەتی ئەوانەی لە چوارچێوەی بابەتی سیاسیو نەتەوەییو کۆمەڵایەتی دان تووشی دەستکاریو شێوان لە لایەکەوەو لێزیادکردن و بۆهەڵبەستن لەلایەکی ترەوە هاتوون.

ئەگەر بروانینە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)و گۆڤاری (ڕۆژی کورد)و چاپەکانی دیوانی حاجی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، لەم دیوانەشدا لە چەند شوێنێك تووشی چەند نموونەیەکی ئەم کارە دەبین، وا باسیان دەکەین؛ لە لاپەرە (١٩٠)دا نووسراوە:

**ڕۆژی ئەووەل لە بەندەوو ئازاد**

**خزمەتی خەلقە قیسمەتی ئەکراد**

ئەم بەیتە لە گۆڤاری ڕۆژی کورد بەو جۆرەیە، ل - ٧٨

**ژ ڕۆژی ئەووەل لە بەندەو ئاراد**

**خزمەتی خەلقە قیسمەتی ئەکراد**

دیارە برای کرمانجی کە ئەو هەڵبەستەی حاجی لابووەو بۆ بڵاو کردنەوە بۆ گۆڤارەکەی ناردووە شیعرەکەی لە نیعمەتی لەهجەی خۆی بێبەش نەکردووە و ئەو دێرە کەچ مانا و کەچ زمانەی بۆ زیادکردووین، بەتایبەتی سەیری دارشتنی ڕستەی (لە بەندەو ئازاد) بفەرموون!

برادەرێکی سلێمانیەلی لە دەستنووسێکی لای مامۆستا محمدی مەلا کەریم دا ئەویش ڕقی هەستاوەو لە هەجووی کورددا ئەم دوو بەیتەی نووسیوە:

**لێی گەڕێ، قەومی تۆ هەمموو مارن**

دەنا مانەیەکی شیاو ڕێك ناخات، من وەکو بیستوومە تا ڕادەیەکی زۆریش ڕێی تێ‌دەچێ ڕاستی‌یەکەی ئەمەیە:-

ئاگری ئایە بە میسلی تری ڕۆم
یا شەرە جوێنێ لەنێو خەرِرات و دۆم

(١٨) هەڵبەستی (سلام الله) تارادەیەك باش ساغ کراوەتەوەو سەرچاوەی چاپ کراوی (ڕۆژی کورد)و (تێگەیشتنی ڕاستی) بەکەڵکی هەندێ هاتووە، لەسەر ئەوەشەوە دوو سێ جێ ماوە پێویست بەوە دەکات باسیان بکەین و بە مەبەستی ساغ کردنەوە بەنموونە بیان هێنینەوە.

أ - لەگوێی گا نووستوون هەرچەندە شێرن
وەکو کەروێشکی (چاو راماو) کوێرن
ل - ٢٣١

لە چاپی‌یەکەم و ئەو دوو سەرچاوانەش دا کە باس کران لە جیاتی (چاو ڕاماو) چاو ئازا هاتووە، هەر سێك ئەم سەرچاوانە لە دەستنووسی دی زیاتر جێگەی پشت قایمین، ئەش بیستراوە کەروێشکی چاوراماو یان چاورامای بگوترێ.

ب - ئەوی ئەعلایە سەر دەستەی شکارە
(ئەوی) ئەدنایە بەستەی زوڵفی یارە
ئەوی ئازایە شەهنامە دەخوێنێ
(ئەوی) مسکێنە گەنم و جۆ دەچێنێ
ل - ٢٣١

وابزانم دووبارەکردنەوەی (ئەو) چوار جاران بەسەر وردەکاریی حاجی‌دا تێپەڕ نابێت، بۆیە وەکو لە چاپی یەکەم و ئی دی‌دا هاتووە، (ئەو) و (ئەم) سەروجارێك دووبارە کراونەتەوەو شیعرەکەیان جوانترو پتەوتر کردووە.

جـ - ئەمانە بێ شعوورو گێژو وێژن
موطیعی (لوتی خوێری)و هەرزە وێژن
ل - ٢٣١

ڕستەی (لوتی خوێری) لە بۆچوونێکی تەسکەوە دارژاوە ئەگەرنا کوردە بێ‌ئاگاکان، یان نەزانەکان بە دوا پیاوی (لوتی) یان (خوێری) بەو مانایەی هەبووە نەکەوتوون ئەوان دوو پیاوی دەست بڕ یان کونەپەرست و نەزان کەوتوون.

نەك هەر لەم دیوانەدا لە چاپەکانی تریش دا ڕووی ڕاستی مەبەست دیاری نەکراوە، نە (موفتەخۆر)و نە (لوتی‌خۆر)و نە (لوتی خوێری)یە بەلکو (لوتە خۆرە)ە، لوتەخۆریش بە پیاوی پیس خۆری پاشماوە خۆر دەگوترێ.

لە کەرکووك کاری لەوتاندن و دەلەوتێنێ بە مانا پیس کردن و پیس دەکات هەیەو لوتەخۆریش هەر لەوەوە وەرگیراوە. لەگەڵ (لوتە)ش دا نزیکیان هەیە. کەوابێ ڕاستی بەیتەکە بەم جۆرەیە:

ئەمانە بێ شعوورو گێژو وێژن
موطیعی لوتەخۆرو هەرزە وێژن

د - (بەترخانی) بەسەرناچێ لەمەوپاش
لەهەر لاوە دەتان (هارِن) وەکوو ئاش
ل - ٢٣٢

لە پەراوێزدا نووسراوە وشەی (بەترخانی) لەسەر تێکستی ڕۆژی کوردو تێگەیشتنی ڕاستی ڕاست کراوەتەوە، ئەگینا لە هەموو چاپ و دەستنووسەکان دا (بەدرخانی) بووە کە مەعنا نابەخشێ.

لە کاتێك دا کە حاجی خەڵکەکە لە دوارۆژی پڕ لە مەترسی وریادەکاتەوە کە دەوڵەتان بە ئەسپاپ و چەکی تازەوە لێك دەدەن و ئەگەر کارێك نەکەن گەلی کورد لەژێر پێ‌دادەچێ، لەم کاتەدا وشەی (تر)و (خانی) بێ جێ‌و نەشازە. وشەی بەدرخانیش کە لەو دوو دەقە کۆنە چاپ کراوەدا نەبوون دوور نی‌یە یەکێك بڵێ بۆیە نەبوون لەوانەیە یاری ڕۆژگاری سیاسیی ئەوسای ئەستەنبول و بەغدا وای کردبێ ئەو ناوە لابرێت، بەڵام دڵنیام لە بنەڕەت دا نەبووە تا لای بەرن. پاشان یاقایی دەبێ بە تر خانی مانای چی‌بێ؟ کام ترو کام خان؟ کام خانووی بە خانی کراوی شێوەی کۆیە؟ نازانم برایان کە بیریان بۆ زۆر شت چووە چۆن بیریان لە ترو خانی بەولاوە ڕەت نەبووە؟.

ڕێنووسی ووشەکە لە ڕۆژی کورددا (بترخانی) یە ئەگەر

بگەڕێنەوە سەر مانای ئەم وشەیە هیچ سێ و دووی لێ ناکرێ دەبێ بە (بە تەرخانی) بخوێنینەوە. تەرخانی مانای چی یە؟

تەرخان ئەو کەسەیە کە مەرەخەس کراوەو بێ خەم کاری بۆ مەیسەر دەبێت. لە فەرهەنگی (معین)دا هاتووە بنچینەی وشەی تەرخان لەوەوە هاتووە کە شازادەکانی تورك و مەغۆل یان گەورە پیاوانێك بەهۆی ڕەچەڵەك و دەوڵەمەندیو شتی ترەوە دەستووری ئەوەیان هەبووە هەر کاتێك بیانەوێ بە بێ پەردە بچنە لای سوڵتان، هەروەها هەندێ پیاوی ئاینیش ئەم پایەیان هەبووە.

ئەمجا بە پێی ئەو مانای تەرخانە (تەرخانی)ش مانای بێ خەمی یە لە گیرودارو ئەرکی دوارۆژ، حاجی دەفەرموێ لەمەودوا ژین بە بێ خەمیو بە تەرخانی بەسەرناچێ بەڵکو لە هەر لاوە دەتان هێرن وەکو ئاش.. وەکو گوتمان ئەمەش وریاو هوشیارکردنەوەیە.

کەوابێ بەیتەکەی سەرەوە بەم جۆرەیە:

**بە تەرخانی بەسەر ناچێ، لەمەوپاش**
**لە هەر لاوە دەتان هێرن وەکو ئاش.**

هـ - لە بۆتان تا بەبان و سەرحەدی ڕەی
ل - ٢٣٣

ئەم دێڕە دیارکردنی سنووری کوردەواری یە ڕاستی یەکەی ئەمەیە:

**لە بۆتان تا بەیات و سەرحەدی ڕەی**

بەو پێ یـە کە خوارووی ناوچـەکـە بەیاتـە نەك ناوچـەی میـرنشینـی بابـان کە زۆر ناوچـەی تری لە خوارو لە ڕۆژهەڵات دا هەیە!

١٩ - لە لاپـەڕە (٢٣٩)دا هەڵبـەستێك هەیە ناونراوە (کوردەکی کۆیی)، کە پیاو بگەڕێتەوە سەر چاپی یەکەم کە ساڵی ١٩٢٥ چاپ کراوەو (عـەلی ئاگـا) لە کۆیـە بووەو نووسیویـەتـەوە ڕەنگـە کۆنترین سەرچاوەی چاپی دەقی ئەم شیعرە بێت، دەبینێ نە کوردێك و نە کۆیی هیچیان نین و **ئەم کۆیی یە کوردە تەنیا لە چاپی دووەمەوە ساڵی ١٩٥٣ سەری هەڵداوە ئەگەر هەر کۆیی مەبەست بێ ئەوا دەبێ بەپێی دەقی چاپی یەکەم بڵێن (کچێکی کۆیی)، چونکە شتێکی لەو شێوەیە نووسراوە - ل ٢٧ - باس و هەواڵی هەڵبەستەکەش باسی سلێمانیو کاك ئەحمەدی شێخ و باسی قوتابخانەو کتێبی (منهاج)و عیلمی ئیبنوحەجەرە.**

لەبەرئەوە لەو بڕوایە دام کە **دێڕەکە بەم جۆرەیە:**

**کەچی کورت بینا کەوتەوە یادم**
**پیم گوت ئایا چلۆنە ئوستادم.**

ب - بەیتی شەشەم نووسراوە:

**نی یە (ابن الاثیر)ی بێتە کەمان**
**بەردی ابن الحجر بکاتە نیشان**
**ل - ٢٣٩**

بەڵام وەکو لەسەرچاوەی تردا هاتووە ڕاستی یەکەی ئەمەیە:

**نی یە ئیتر زەکا ببێتە کەمان**
**بەردی ابن الحجر بکاتە نیشان**

چونکە بێ گومان زیرەکی کتێبەکانی عیلمی ئیبنوحەجەر دەپێکن، نەك (ابن الاثیر)، مامۆستاو قوتابیانی زیرەکیش مەرج نی یە هەر یەکە بێنە ابن الأثیرێك.

**جـ ئاخر (ئەم عەقلەیان هەبوو) بۆیێ.**
**گەر سولەیمانی یە وە یا (کۆیێ)**

جاران دەربڕینی (وەهالـە) لە ئاخاوتن دا باوبـوو، چ دەخلیشی بەسـەر دارشتـەی بچـووك کردنەوەی شتەکەشەوە نەبوو، ئەم دەربڕینە ئێستا لەسەر زاری خەڵك کەم بوەتەوە، لەوانـەیـە بڵاوکـەرەوانی دیـوانی حاجی، چاپی یەکـەم و سێ یـەم بەم جۆرە تەعبیرە ڕانەهاتوون ئەگەر نەیان بیستبێ بۆیە لە چاپی یەکەم دا نووسراوە

**ئاخر ئەم عقلیان همو بۆیە**

لەچاپی سێ یەمیش دا بووەتە:

**ئاخر عەقلیان وەها بوو سا بۆیە**

بەڵام ڕاستی یـەکـەی ئەوەتـا لە چاپی دووەمی مامۆستا

گیودا که دەڵێ:

**ئاخر عەقلیان وەهاله بوو بۆیە**

**گەر سلێمانی‌یە وە یا کۆیە..**

(وەهاله) واتا وەکو ئەمە، بەم چەشنە.

(٢٠) له هەڵبەستی (بەهاری شارەکەی کۆ)دا (ل ٢٥١) ئەم دێرە وەها نووسراوە:

**گوڵی حاجیلەکانی دەستی هاموون**

وشەی هاموون به فارسی مانای شیوو سەحرایە، بۆیە ئیزافه کردنی دەشت بۆ هاموون لەلایەنی ماناوە دروست نی‌یە، له لایەکی تریشەوە نەم بیستووە دەشتێك هەبێ له کۆیە ئەم ناوەی هەبێت، لەبەرئەوە خوێندنەوەی تەواو ئەوەیە بڵێ‌ی:

**گوڵی حاجیلەکانی دەشت و هاموون**

(نالی)ش له شیعرێك دا بەم جۆرە دەڵێ:

سریشکی من که لێڵاوی غوباری کێوو هاموونە.

بەڵام ئەم بەیتە:

**لەرێگای ئەوروپایی گەرچی وەستان**

**له تەصویری وەکو کەر پاکی وەستان**

جێ‌ لەناو ئەم هەڵبەستەدا نابێتەوە، من وەکو تاکێك له مامۆستا دڵزاری شاعیرم بیستووەو رەنگبێ لەگەڵ شیعره تاکەکان ریزبکرایە باشتر بێ.

× × ×

دواقسەم، دوای دووبارە دەرخستنی شادمانیم به بۆنەی دەرچوونی ئەم دیوانه بەنرخەوە، ئەوەیە که شیعری حاجی ساکارو تەنکاو نی‌یەو پێویستی به لێوردبوونەوەو لێکدانەوەو ساغ کردنەوە هەیە، تا ئێستاش چاپەکانی نەیان توانیوە به تەواوی هەقی بدەنێ، ئومێدەوارین له دوارۆژدا زیاتر هەوڵی شارەزایان له ئامادەکردنی دیوانێکی تەواوی شیعری حاجی‌دا بێتەبەر. بۆ ئەم کارەش وا چاکە بەشوێن هەموو سەرچاوەکانی شیعری حاجی‌دا بگەرێن و هەندێکی لەبیرنەکەن و هەندێکی بەلاوە نەنێن، هەروەها بەبێ لێکۆڵینەوەو قاڵ کردنەوە کۆششی ئەو ناوو بۆچوونی ئەو مامۆستا پەسندنەکەن، بێ‌گومان رەنجی هەموو لایەك ئەگەر کۆوەبێت کارێکی بەکەڵك و چاکتر به ئەنجام دەدات.

لەم بوارەدا سڵاو له هەموو ئەو کەسانەی بوونەتە هۆی پاراستن و بڵاوکردنەوەو ساغ کردنەوەی شیعری حاجی هەر له کۆنەوە تا ئێستا.

**پەراوێزو سەرچاوە:**


١ ـ گۆڤاری نووسەری کورد / دەستنووسێکی غەزەلی کورد / ژ ـ ٣، ساڵی یەکەم

٢ ـ گۆڤاری گەلاوێژ ـ ژمارە ١،٢،٣ ساڵی ٤/بەغداد ١٩٤٣

٣ ـ چاپی یەکەم: مەبەست له کۆمەڵه شیعری حاجی قادری کۆیی‌یە / چاپ و بڵاوکەری عبدالرحمن سعید ـ بەغداد /١٩٢٥

٤ ـ دیوان: مەبەست له دیوانی حاجی قادری کۆیی‌یە، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حمید میران، کەریم مستەفا شارەزا، پێداچوونەوەی مسعود محمد.

٥ ـ قاموسی زمانی کوردی /زەبیحی

٦ ـ گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە (٥) ساڵی یەکەم، حاجی‌قادر قوتابی‌یەکی بەهرەدار.

٧ ـ چاپی دووەم ـ دیوانی حاجی قادری کۆیی‌یە /هەولێر ـ ١٩٥٣

٨ ـ چاپی سێیەم ـ مەبەست له یوانی حاجی قادری کۆیی‌یە /هەولێر ١٩٦٩

٩ ـ گۆڤاری رۆژی کورد ـ جەمال خەزنەدار، بەغداد ـ ١٩٨١

١٠ ـ فەرهەنگی خاڵ

١١ ـ فەرهەنگی معین.

١٢ ـ گوڤاری الثقافة الجدیدة /ژمارە (١١) ١٩٧٠ بروانه بەهاری‌یەکەی حاجی قادری کۆیی به عەرەبی، وەرگێرانی عبدالرزاق بیمارو محمدی مەلا کەریم.

# شتێك لە بارەی گۆرانی و ئاوازەوە

chalakmuhamad@gmail.com

حسیب قەرەداخی -

جارجارێك كە مرۆڤی بە ئاگا دەیەوێ بە بادەی حەلاڵ دەروونی گەرمی فێنك بكاتەوەو پشوویەك بدا بە هۆش و بە گیانی ماندووی‌و لەگەڵ ناخی خۆی‌دا، لەگەڵ ئەندیشەی خۆی‌دا لەگەڵ یادو یادگاری خۆی‌دا كەمێ بدوێ‌و رێگە بۆ خەیـالّی خۆی خۆش كات كە لە تەوقی گرانی واقیـع دەرچی‌و ببێ بە هۆنـراوەی باڵ دارو بەرەو ئەو جیهـانـە ئەفسووناوی‌یە بڕوا كە هەمیشە خەونی پێوە دەبینێ ئیتر دەست دەبا بۆ سویچی تەلەفیزیۆن، رادیۆ، تۆمار بە هیوای ئەوەی گوێ‌ی لە ئاوازێ، گۆرانی‌یـەكی خۆشی كوردی بێ‌و ئەم هەمـوو ئاواتـەی بۆ بێنێتـە ئەنجـام، كەچی بە ناشوكری نالێم لە دەیان جاردا جارێك بەم ئاواتە ناگات.

ئەمیش لەبـەر ئەوە نی‌یە گۆرانی بێژی دەنـگ خۆشمـان نی‌یـە، نە خێر لەبەر ئەوەیە كە گۆرانی‌یەكان زۆربەیان بە پەیڤێك دەبێژ رێن (كلمات) فۆلكلۆرین و هێندە وێژراون و دەبێژ رێن وەك بەردی ناو گەرماوەكـۆن سوواون و لە هیچ دەروونێكدا خۆیان ناگرن، یا لەبەر ئەوەیە [لەسەر قاعیدەی ئەوەنـدە شاعیـر زۆر بووە لەم عەسـرەدا. . هەتـد] هەر گۆرانـی بێـژێ لە عاستـی خۆی دەبێ بە شاعیـرو ئیللا ماشەڵلا وشەو رستە ریز دەكاو دەیان خاتە سەریەك و دەی كات بە پەیڤی گۆرانی‌یـەكـەی ئیتر كە تینوویەكی دەنگ و ئاوازی خۆش و شەیـدایـەكی پەیڤی بە چێـژ و عاشقێكی لاوژە گوێی لێ دەبێ نسك و نائومێد دەگەرێتەوە ناو خەم و پەژارەی خۆی‌و دەدرێ بە لووتیا. چاریش بۆ ئەم مەسەلەیە كە بەلای منـەوە گرنگـەو پێـویستی‌ی بە لێ‌دوانـە، لەم خالانەدا رچاو دەكرێ:

١ ـ ئاوازدانـەرەكـان (ملحنین) دەبێ بە تەنـگ ئەم مەسـەلـەیەوە بێن و نابێ داهێـنان و تەلاش و ناووشـۆرەتی خۆیان لەبرە پەیڤێكی بێ چێژو پێزدا بە فیرۆ بدەن، دەبێ ئەوەش بزانن كاتێ كاری ئەوان بە نرخەو دەرژێتە دەروونی خەڵكی هۆشیـارو رۆشنبیرەوەو بۆ رۆژگـاریش دەمێنێتـەوەو ستایش دەكرێ‌و دەبێ بەوەجاخی ڕوونیش بۆ خۆیان، كە بەتەنگ زمان و جوانكاری‌و فۆرم و ناوەرۆكی ئەو هۆنراوەیەوە بێن كە ئاوازەكەی بۆ دادەنێن.

جا لە بەر ئەمە دەبێ لە كەسانی شاعیرەوە نزیك ببنەوەو لە پەراوو پەرتـوكی ئەوانـدا نمـوونـەی باش و رەخسـاو هەڵبـژێـرن بۆ ئەوەی ئاوازی بۆ دابنێن و ببێ بە گۆرانی، یاخـود یەكسـەر ڕوویـان لێ‌بنێن و داوای پەیڤی گونجاویان لێ‌بكەن بۆ ئاوازە كانیان و ئەمجا بێن دەنگ خۆشی لایقیان بۆ دەست نیشان بكەن و بیكەن بە گۆرانی.

٢ ـ گۆرانی بێـژە ناسـراو هەڵكـەوتـووەكـانیش (نـەك گەجـەروگـوجـەر) بەر پرسیـارن لەم مەسـەلەیەو نابێ بچنە كەلی شەیتان و لەوێ‌وە خۆیان بە نالی‌و مەحوی‌و مەولەوی نەگۆڕنەوەو قەڵەمی لێ بخەنە كارو وشەو رستە ریزبكەن و خۆیـان یا خەڵـكی‌دی ئاوازی بۆ دابنێن و ناوی لێ بنێن گۆرانـی، یا بگـەرێـن بە ناو پەیـڤی فۆلكلۆری سوواو بێ مەعنـاداو لێ‌ی هەڵبـژێـرن بۆ گۆرانی‌یە كانیـان. ئەمـانـە هەموودەبن بە هۆی ئەوەی هەرچەند دەنگیشیان خۆش بێ گۆرانی‌یەكانیان عومر كورت دەردەچن و لە پاش ماوەیەكی

کەم زیندە بەچاڵ دەکرێن، جا لە بەر ئەم کارەساتانە پێویستە ئەمانیش سەبارەت بە پەیڤی گۆرانییەکانیان لە شاعیران و دیوانی شاعیران و ئاوازدانەرەکانەوە نزیك ببنەوەو ئاشنایەتی و دۆستایەتییان لەگەڵ دا پەیدا بکەن، ئەو کاتە دەبن بەگۆرانی بێژی چاك و چریکەو ناڵەیان هەتا دێرزەمان دەمێنێتەوەو هەزاران دەروونی بە کوڵ فێنك دەکەنەوەو هەزاران ئەویندار دەبەنە جیهانی جۆش و خرۆشەوە.

٣ ـ ئەمجا دێم و ڕوو دەکەمە شاعیران و دەڵێم براینە ئێوەش لەم ڕووەوە هەر بەر پرسیارن، ئێوەش دەبێ خۆتان بهاونە ئەم گۆرەپانەو ماوەیەك لە کاتی خۆتان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکەن و بە دەنگی ئاوازدانەرو گۆرانی بێژەکانەوە بچن و هۆنراوەو پەیڤی جوان و بە مەعنایان بۆ بنووسن و پێشکەشیان بکەن و هانیشیان بدەن کە بە پیرتانەوە بێن و سوود لەم هەوڵە پیرۆزەی ئێوە وەرگرن بۆ بەرزکردنەوەی پلەی گۆرانیی کوردی.

ئەم تەقەلایەش مایەی شانازییەکی کەیە بۆ خۆیان، ئەی نازانن کە ئەگەر گۆرانیبێژی هەڵکەوتوو شاعیری چاك یەك بگرن لەئاوازێکدا دەتوانن بەرد لە کێوان بتوێننەوەو ئاوریش لە یەخدان دا بێننەگوڵ.

٤ ـ دوای ئەم سێ خاڵەی سەرەوە بۆ خاڵی چوارەم دێمەوە بەلای ئەودام و دەزگا ڕەسمیو نارەسمییانەوە کە گۆرانی پەخش دەکەن، کاکی خۆم ئێوە لەم بوارەدا لە هەموان بەرپرسیارترن و باری گران دەکەوێتە سەرشانی ئێوە، چونکە ئێوەن ئەو گۆرانییانە دەگەیێنن بە هەموو شارو دەرێکی وڵات و دەیدەن بە گوێی هەموو گوێ گرێکدا.

پیاوی چاك بن شتی کاڵوکرچ و بێ چێژو پێز پشت گوێ بخەن و بەرەو پیریی شتی کامڵ و بە چێژو پێزەوە بچن و ڕێگەیان بۆ خۆش بکەن و دەستی گۆرانی بێژە ڕەسنەکان بگرن و کەندو کۆسپ مەخەنە بەر پێیان و مەیەڵن کە تەفسیرو بۆچوونی لاوەکی و ناراست ئاراستەی هۆنراوەو پەیڤی گۆرانییەکانیان بکرێت. بە دڵ و دەروونی پاك و نیەتی چاکەوە بڕواننە ئەو هۆنراوەو پەیڤانە، ئێوەش و ئەوانیش و شاعیران و ئاوازدانەرەکانیش هەموو دەست لەدەستا خزمەتی گۆرانی و ئاوازی خۆمان بکەن ئاستی بەرز بکەنەوەو بینە شایانی ستایش و ڕێزو خۆشەویستی خەڵك.

وا من لە ئاستی خۆمەوە هەنگاو دەنێم و پێ دەنێمە سەر ئەم شەقامە بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە، سێ پارچە هۆنراوەی خۆم پێشکەش دەکەم بە ئاوازدانەرو گۆرانیبێژە خۆشەویستەکانمان، بە هیوام کە بۆ ئەم ئامانجە سوودی لێ وەربگرن ئەگەر بەپیرمەوە بێن ئەوا عومر مابێ بەرهەمی من لە خزمەتی ئەم مەبەستەدایە ئامادەشم گوێیان بۆ ڕاگرم.

**گۆرانی یەکەم**

**«چۆنی چاکی؟»**

**چۆنی چاکی، قوربانتم**
**لە هەر کوێ بی، میوانتم**
**من عاشقی ستەم دیدەم، کوشتەی تیلەی چاوانتم**
**ئازیزەکەم هەر چاوەڕێم**
**بەرەو هیوا هەنگاو دەنێم**
**ئەی هۆنراوەی سۆزو ئەوین، خۆم دەفتەرو دیوانتم**
**لە شەکراوی لێوی ئاڵت**
**لە بادەکەی چاوی کاڵت**
**من تینوومە بێنە جامێ، زۆر دەمێکە حەیرانتم**
**وەك سێبەرت هەر لە دواتم**
**بێ هاوارو بێ شکاتم**
**من ئەو دڵەم کە هێلانەی چەپەی دەم و لێوانتم**
**ئەی شاکچە ڕەنگینەکە**
**ئەی شانە پڕ هەنگوینەکە**
**تاجی بەڵێن لە سەرنێ، فیدای سەرو سامانتم**

**گۆرانی دووەم**

**«پرسیار»**

**بۆ تۆ گشت دەردو ئازارم،**
**بۆ تۆ کێشی قورس و بارم،**
**هەمووی لە لای من ئاسانە،**

ئەگەر لام لێ بکەیتەوە
پرسیارێکی ئەم دڵەی من بە خۆشی جواب بدەیتەوە
دێم و دەڕۆم. . .
خوا خەم نەدا خەمی تۆمە
کە دنیا وا خۆخۆیی بێ
من خەمی تۆم هەر بۆ خۆمە
بۆ تۆ یە ئەم شیعرو بەستە
بۆ تۆیە ئەم سۆزو هەستە
بۆیە دڵم هەروا سەوزە، بەڵکوو ڕۆژێ بیکەیتەوە
پرسیارێکی ئەم دڵەی من وەك عاشقێ بدەیتەوە
ڕازی عیشقم بەستەی دڵە
ئەشکی چاوم ئاوی گوڵە
لە خەندەتا سیمای منە
ئەگەر لێوت بکەیتەوە
«مقام»
لە دەروونی خەمبارم دا چرای هیوا هەڵکەیتەوە
نازیزەکەم شەو تابەیان خەیاڵ دێت و خەم خردەکا
جامی ئەوینی پاکی من بە داخی دووریت پردەکا
تۆکەی وەڵام دەدەیتەوە. . دڵم وەکوو گوڵی بەهار
بێ بەپیکی ئاونگ و پاراوی‌کا دەروونی شار؟!
بۆ تۆیە ئەم دادی منە
بەڵێنیکت زادی منە
مەخابنە لێم تێ نەگەی
باوەشم بۆ نەکەیتەوە
وەڵامەکانی جارانتم بە ماچێ بیر نەخەیتەوە!

گۆرانی سێهەم

«هاودەردەکەم»

ئەی هاودەردم، مەڕۆرەوە
ئەم شەو لای من بمێنەوە
وەکوو دیمان دوێنێ ڕۆیشت
حەکایەتی سبەی ڕۆژم لە ئەلفەوە بخوێنەوە
پرسیارێکە هەرچەند کۆنە
هەر دەش پرسم سبەی چۆنە؟!
چ ڕووداوێك ئاخۆ لە پڕ
چاوی ڕوژم دەکاتەوە
لە تۆ زیاتر هیچ کەسێ کە ئەم وەڵامەم ناداتەوە
★ ★ ★
هاودەردەکەم ئەم شەو ئیجگار
حاڵم بەدەو پەرێشانم
ترس و پەژارەی سبەینێ وەك ئاشەبەرد
بوونەتە باری سەر شانم
ماڵی دەروونی ئاشیفتەم خەڵوەی خەم و بێ چرایە
هاودەردەکەم ئاگر بنێ بەم خەڵوەوە،
وەك برایە
ئەی هاودەمە خەمبارەکەم ئەم شەو هەرتۆ
ئەم وەڵامە پڕ لە سیحرەم دەدەیتەوە
ئەم شەو هەرتۆ وەك فریشتە
ئەم تەلیسمە دەکەیتەوە!
★ ★ ★
هاودەردەکەم سبەینێی من
ئاخۆ چەندێ دەخایێنێ
مەلی ئەندیشەی بێ لانەم
بەکام بەستەی خەم ڕادێنێ
کێ‌ها عاشق ئەم ڕازەی من دەکا بە سەرمەشقی خەمی
کام دێوانە ئەم ڕازەی من دەبێ بە ویردی سەردەمی
کام دەروێشی بێ پەروا دێ
سەوزەم بکات بە مەزارێ
چەند وەرز دەبێ چاوەڕێ کات
بارانێکی لێ بباری؟!
کە بوو بە شەخصی عاشقان
کام کیژی جوان بۆ نەزری خوێ
لکی لەچکی لێ دەبەستێ؟
کام ڕێبواری ئیجگار ماندووی ڕێگەی ئەوین
بۆ پشوویەك تیا دەوەستێ؟!



# حەماغای دەربەند فەقەرەیش دەستەو رانیی بای شەماڵ دەبێ

○ محەمەد عەلی قەرەداغی ○

کە نالی بادی خۆش مروروری کردوە بە پەیکی شارەزاو نامەبەرو، نامەی بۆ سالمی هاودەردو هاوزمان و هاومەبەستی.. پێدا ناردوەو، سالمیش هەر بەو بایەدا وەڵامی بۆ ناردوەتەوە..[1] نە یەکەم کەس و نە دواکەسی ئەم بابەتە شیعر نووسینە بوون، چەند جارێکم گوتووەو نووسیوەو لێرەیشدا دەیڵێمەوە:

**(شاعیرانی کوردو بای شەماڵ)** بابەتێکی تەڕو خۆش و ناسکی ئەدەبی کوردی‌یەو، تا ئێستە دەستی بۆ نەبراوەو، کەرەستەیشی لە دیوانی زۆر لە شاعیرانمان دا هەیە.[2]

لەم دەرفەتەیشدا پارچە شیعرێکی ناسکی شاعیری گەورەی کورد حەماغای دەربەندفەقەرە دەکەم بە کەرەستەیەکی دیکەی ئەم بابەتەو پێشکەشی خوێنەرانی ئازیزی دەکەم. پاش گەڕان و پشکنین هاتمە سەر ئەوەی کە بڵێم: - بە گوێرەی ئاگاداریی من - ئەم پارچە شیعرە

بڵاونەکراوەتەوە.[٣]

ئەم شیعرانـەم لە دەسخـەتێکی خواڵێخـۆش بوو مەلا مەعرووفی مەریوانیی باوکی مەلا عەبدوڵڵای مەریوانی‌دا[٤] دەست کەوت، کە ئەم سەفەرە مەلا حەممەمینی کوڕی مەلا عەبدوڵڵا خستیە بەردەستم و ماوەی سوودلێ وەرگرتنی پێدام.

ئەم دەسخـەتـە پاشمـاوەی کەشکۆڵێکی گەورەی نایابی کوردی‌یـەو، بەداخـەوە، لەگەڵ ئەو هەموو بەتەنگەوەهاتن و پارازتنـەی ئەو بنـەمـاڵـەیـەدا، شپـرزەو بێ سەروبـەر بوەو، بەشێکی زۆری لەنـاچـوەو، ئەوەی کە ماوەتـەوە بەڵگـەی گەورەیی زیـانێکی دیکـەیـە کە لە ئەدەبی کوردی کەوتـوە. دەسخەتەکە شیعری گەلێ لە کەڵە شاعیرانی کوردی وەك: نالی‌و، سالم و، مەولـەوی‌و، کوردی‌و، مەلا مەحمـوودی گەنـاوی‌و، مەلا وەلـەدخـان و.. چەندین شاعیری دیکەی تێـدایـە، بەڵام، وەك گوتم، بەشی زۆری شیعـرەکـانیـان تێداچوەو هەر نموونەیان ماوە.

ئەوەیش کە لێرەدا نابێ لەبیر بکرێت ئەوەیە: دیارە ئەم بنـەمـاڵـە ـ بنـەمـاڵـەی مەلای مەریـوانی ـ بنـەمـاڵـەیەکی ئەدەب دۆسـت و، بەذەوق و، هەسـت ناسـك و، گوڵ چنەوەی باخچەی ئەدەبی کوردی بوون.

ئەوەندەیش ماوە کە بڵێین: ئەم دەسخەتە لەسەر شێوەی (بەیاضی) نووسراوەتەوەو، ئەوەی کە ماوە (٨٠) لاپەڕەیەو، ئەندازەی نووسراو لە لاپەڕەکاندا وەك یەك نیە؛ لاپەڕەی‌وا هەیـە (١٦) دێـرو، لاپـەڕەی وایش هەیـە (١١)و هەیشـە کەمتـرو زیـاتـری تێـدایـە. وا پێـدەچێ هەمـوویشی یەك دەسخەت نەبێت. لە چەند جێگەدا مێژووی (١٢٧٥ی‌ك ١٨٥٨ی‌ز)ی پێوەیە.

پەیك عەنبەربۆ! . . . .
فیدات بام شەماڵ پەیك عەنبەربۆ!
ئەر تۆ وە ئیخلاص مدارات نەبۆ
نەگیری ئارام تا وە شار (کۆ)
بینایی دیدەم قیبلەگای دڵجۆ
ساکەن جەو زێد سەر وە فیدات بۆ
هیچ نیەن حاجەت سوئاڵ کەری تۆ
ڕەوشەنتەر جە شەمس شەوقش مدرەوشۆ
جا گەرتەن جە فەرق دێبای فەرەنگە بۆ
خاو کەردەن کلاف سیای ئەشد بۆ
هیلال ئەبرۆی قەوس قەتتال خو
منمانۆ وە خاڵ چیهرەی ماهـ نۆ
سوپای موژگانان هوون قەضا جۆ
صەف دان جە دەوران دیدەی غەزال خو
قەطرەیێ جە خوی[٥] گۆنای شەبەق سۆ
نم وەستەن نە فەرق توففاح وەش بۆ
سەر تا وە دامان کەمەندان کوکۆ
لوول وەردەن وە هەم جە بەین لیمۆ
بۆی میسك نافەی ئاهووی خوتەن خۆ
جە لەعل لەبان یاقووتییش مێو
جایێ بەو مەکان نەیاوانی تۆ
چون ڕەوضەی ڕیضوان ماواش مدۆ بۆ
بەڵێ بای شەماڵ ئامانەتت بۆ
هۆشیار بەر ئەغیار خەبەردار نەبۆ
جە شەبستانێ بگیرە مەکۆ
یاخۆ جە ئەطراف ماوای جەننەت کۆ
ئەڵبەت جە ئامات ڕەمزێ مزانۆ
وێنەی بەرق نوور جەمین منمانۆ
خەرامان خەرام وە رای ڕێ مێو
بێ حەد تەواضوع (چەنیت و مبۆ)[٦]
یەقین مپرسۆ: پەیك عەنبەربۆ!
میرزام[٧] ها جە کۆ؟ کەی ئامانی تۆ؟
واچە: فیدات بام جە سایەی گوڵ بۆ
مگێلام ڕوێ نە هەردەی (سەرکۆ)
جە ناکا دەنگی واوەیلای بێ‌شۆ
ئاما جە گۆشم فوغان و ڕۆڕۆ

دیم مەجنوون مەجرووح موژەی سیای تۆ
دڵ پارە پارە، جەرگ بیەن تۆتۆ
مناڵا زارزار، موانا رۆرۆ
مرێزا جە عەین سەیلاوان جۆجۆ
مکێشا ئاهان ئاتەشان نۆنۆ
سۆزنا خاشاك، سەنگ مدۆ بۆسۆ
چەنی وەحشییان جا گرتەن جە کۆ
ماواش جە هاموون، قنیات نام تۆ
شەرح پەشێویی جەستەی پڕ ئەندۆهـ
کۆکۆی پەژاران هەر شەو تا وە رۆ
بیاوەر وە لای زوڵفان ئەشدبۆ
چونکە ئیسلامەن بەڵکە رەحمش بۆ
تایێ جە تاتای طوغرای خدێو خۆ
یا نیش موژگان، یا نەقش ئەبرۆ
قەترەیێ جە ئاب گۆنای شەبەق سۆ
عەطرێ جە ئەنفاس، بۆیێ جە لیمۆ
پەی دەوای دەردان پەرێم بکیانۆ
خەلاص بام جە ئێش زامان بێشۆ
شەماڵ ئەگەر تۆ جەهدو جەختت بۆ
گەرد پاو پاڵاش قەبووڵەن جە تۆ
باد بۆ عەنبەرا! پەیك عەنبەربۆ!
ئەر پێم ناوەری زیندەگیم جە کۆ؟!
مەحرەمم نیەن من جە غەیر تۆ
شەرح و حاڵ من وە مەقصەد بەرۆ
(طالیعی) ئومێد وە کەس نەدان خۆ
سەر سەرگەرد یار، رۆحش فیدای تۆ

(٧) **پەراوێزو سەرچاوەکان: ـ**

---

(١) بروانــە: مەلا عبـدالکریمی مدرس، دیـوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦. ل ١٧٤.

(٢) خانای قوبادی‌و، ئینجەئاغای گلاڵی‌و (هاوکاری ژمارە (٤١٢) ٦/٢/٨٧ مەولـەوی‌و رەنجـووری‌و، میـرزا قادری پاوەیی‌و.. چەنـدین شاعیـری دیکـەمان خۆیان لەم بوارەدا تاقی‌کـردەوە. دیـارە دۆزینـەوەی یەکـەم کەس و، خاوەنی سەرکەوتووترین پارچە شیعری ئەم مەیدانەیش کات و تواناو لێکۆڵینەوەی زۆری دەوێت.

(٣) گەلێ جارم گوتوە: زۆر گرانەو گەلێك پارێزو تێرامانی دەوێ تا بگوترێ (ئەم پارچە شیعرە بڵاونەکراوەتەوە) لەگەڵ ئاگادارکردنەوەدا بەڵگەیەکی ئەم باسە پێش چاو دەخەم:
مامـۆستـا نەریمان لەم چەندانەدا ـ دوابەدوای وتارەکەی کاك مەحموود زامدار کە دەربارەی (گلکۆی تازەی لەیل)ی لەمەڕ حەماغای دەربەندفەقەرە نووسیبوی‌و لە ژمارە (١٠١، ١٠٢)ی گۆڤـاری بەیـان دا بڵاوی کردبـووەوە ـ وتـارێکی لە سەر هەمـــان شاعیـر لە ژمـارە (١٠٦)ی هەمـان گۆڤـاردا بڵاوکردەوە. دوای بڵاوکردنەوەی پارچەیەك شیعری حەماغا دەنــووسێ: «وا بزانم بە بڵاوکـردنـەوەی چامـەی (میـرزام تەواری) واتە کاغەزەکەی حەمەئاغا هەردوو تای معادلەکەی کارەساتی حەمە ئاغامان بۆ روون بووەوە...».
لێرەدا هەرچەند مامۆستا نەریمان نەینووسیوە ئەم پارچە شیعـرە (بـڵاونەکراوەتەوە) بەڵام بە وشەی (بەبڵاوکردنەوەی) ئەو گومانە دروست دەبێ کە بڵاونەکراوەتەوە.

(٤) وتـــارێکم دەربـارەی ئەم مەلا عەبـدوڵـڵاو کەشکـۆڵـە رەنگینەکەی لە ژمارە (٢٩)ی گۆڤاری (کاروان)دا بڵاوکردەوە.

(٥) لە دەسخەتەکەدا شتێك وەك (خوی) کووژێنراوەتەوە، لە سەرووی ئەوەوە (هووناو) نووسراوە، بەڵام (هووناو) بۆ ئێرە ناگونجێ‌و (خۆی) راستە، بۆیە وام نووسی.

(٦) (چنیشومبو): ئەمـە شێـوەی رێنـووسی دەسخەتەکەیەو باش بۆم نەخوێنرایەوە.

(٧) کە حەماغا خۆی بە خۆی دەڵێ (میرزا) ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە حەماغا خوێندەوار بووە، ئەو رایەی کە بە نەخوێندەواری دادەنێ جێگەی سەرنجە.

# تەمەن

○ علی ناجی عطار ○



ئینسان کە ئەبێ دێتە دنیاوە
عومری زۆر کورتە کە بەشێکی دراوە
بە بڕی ئەم چەرخی گەورەی گەردوونە
ئەم ژینەی ئێمە لە جێی نەبوونە
چونکی بۆ بەشەر تا ١٤ ساڵی
هەر پێوەی دیارە دەوری منداڵی
لە ١٤ هەتا ١٨ هەرزەکار
فرکو هوورییەتی وەك مەلی باڵدار
لە ١٨ تا ٣٠ گەشەی ژیانە
هەست بەخۆی ئەکا گەوا ئینسانە
ئەوسا بە عیلم و زانیستی هونەر
کارو کردەوەی ژین ئەباتە سەر
لە دوای ٣٠ تا ٦٠ زانای تەواوە
لە ناو کۆمەڵا دیارەو ناسراوە
هەوڵ ئەدا دەرخا بەرهەمی جوانی
بیخاتە بەرچاو کردەوەکانی
لە ٦٠ بەرەوژوور تا ٧٠ پیری
لێی دیاری ئەدا نیشانەی پیری
کاتی تێپەڕ بوو لە ٧٠ ساڵە

بۆ بەرەو هەشتا حاڵی بێ حاڵە
ئەمێژی بەدەن ئەتوانای پیری
ئاینێ ئەڕوا بە دەردی پیری
ژیانی ئینسان بە ئەمرەو سەری
ئەچێ بە زیوە نارەحەت ئەژی
بۆیە بە نیسبەت وەختەوە تەمەن
زۆر خێرا ئەیبا بە زیوە زەمەن
گەوا کەم کورتە ئەبوایە ژیان
بەرهەمی جوانی زۆر ئەبو ئینسان
بەم ژینە کەمەی بەشەری تیایە
پلەی پێشکەوتن ئیجگار لە دوایە
چونکی گەیشتن بەوەی بێویستە
زۆر وەختی ئەوێ بۆ ئەو مەبەستە
گەوا بتوانی بە عیلم و هونەر
ئەوەی ئەیەوێ بیهێنێتە بەر
کە ماوەی تەمەن دەوامی نەبێ
چۆن ئەقل و زانیست ئەنجامی ئەبێ
ئەوەیە یاسای سروشت بۆ بەشەر
کاتێ کە ئەمرێ ئەزان بێخەبەر

# پاییز

(محمد امین پینجوێنی)



بەفر بەچوکادی بو گر
وەنەوشە ئەوەندەی یادەی
ئاوڕنگ خواردەوە ئەقی
ئەرگر لە خەفەتا تا جاری
لێك ئاو نووشی زەردەی بوو!
ڕەشەبا پەرە پەرەی قارچکی
دڕی و شنان شتالی کرد
ڕیواس بوو بەچیلکەو
ئاگری نەورۆزی پێکرایەوە!
دووکەڵ و هەڵم
بەرەو ئاسمان بەرزبوونەوە
هەور گریا
لافاوی ڕووباری بناری چیا
بناوانی ئەیلەو بوشکەی
ڕامالی بەرەو گەرووی دەریا..!



# سێ نووسەر

○ عوسمان خواکەرەم: زرنگ ○

لەشـەوێکی تاریـك دا بەدەم تیشـکـێـکی لێڵەوە، نووسەرێکی فێڵ باز، بە دەستێکی بێ هێزەوە، پێنووسێکی قرچوکی هەڵ گرت. . ویستی لە سەرپەڕەیەکی ڕووزەرد شتێـك بنووسێت! . . لەو کاتەش دا خەیاڵی زڕەی پارە ختوکەی گوێی دەدا.

ئەوە دەنووسێت: فێرمان بکات سپی بە ڕەش بکەین. .

ستایشێك بنووسین ناوچەوانی وشەکانی هەمیشە کڕنووش بۆ گیرفانی قەڵەوبیات.

دوای نووسین پێنووسەکەی دانا. . سەیرێکی سێبەرە شێواوەکەی خۆیشی کرد کە لە سەردیوارێکی ڕەش بوو. .

بەڕاستی سێبەرێکی نالەبارە:

لەبەر خۆیەوە وتی: «چەند زیرەکم:- ئێستا دەزانم چۆن

چاو ببەستم :ـ سەر لە کاروانیش بشێوێنم : ئەمجا گیرفانیشم پڕ دەبێت :ـ»

دیسانەوە خەیاڵی زرەی پارە ختووکەی گوێی دایەوە.
بەڵام سەرە، کەس نووسینەکەی نەخوێندەوە:

کاروانیش ڕێگەی لێ تێك نەچوو: چونکە پێش ئەو نووسەرە کەوتبوو.

لە تاودا خزایە کونجێکی چۆڵەوە، نووسین و پێنووسەکەشیان فڕێدایە سەرە نوێلکێك:ـ

هەر شەو بوو، نووسەرێکی دیکە هات، لەسەر سنگی نووسرابوو (شەیدای جوانی).. بە پێنووسێکی ڕەنگاوڕەنگ، لەسەر پەڕەیەکی بۆیەکراو دەستی کرد بە پیاهەڵ دانی چاوێکی ڕەش، بەڵام باسی ئەوەی نەکرد کە چەند فرمێسکی هەڵ ڕشتووە:ـ کوڵمێکی خڕ، بەڵام ئەوەی دەرنەخست کە چەند زللەی ژیانی بەرکەوتووە.: هۆنییەوە بۆ دەمێکی پڕ لە جوانی، بەڵام نەیژمارد کە چەند هەناسەی پێ هەڵ کێشراوە:ـ

بەڵێ ئەم نووسەرە ڕووکەش دەنوارێت، ڕووکەش دەنووسێت:ـ بۆیە پێنووسەکەی خاو بۆوە، باوێشکی دا.. پەڕەکەیشی لچێکی لێ هەڵ قورتاند:ـ خۆیشی ئارەزووی نووسینی نەماو، خەوی لێ کەوت!.

ئەمجارە لە ڕۆژی ڕوناك دا، لەبەر تیشکی بەتین دا نووسەرێکی توانا، ئازایانە دەستی دایە پێنووسێکی بەهێز.. بەچاوێکی وردبینەوە سەرنجێکی لە دەورو پشتی خۆیدا.. تا چاو بڕبکات هەر جەماوەری گەل بوو وەکو دەریا لە جموجوڵ دا بوو:ـ

بەدەم زەردەخەنەیەکی شیرینەوە وتی : «نەنووسێت بۆگەل، دەبێت بە ژێرپێی گەلەوە.»

ژیانی گەلی دایە بەرتیشکی ڕۆژ.. جوان دیوەکانی ڕوناك کردەوە.. لە ڕێك ونارێکی، جوانیو ناشیرینی، باشیو خراپی ئەو ژیانەی نووسی.

وشەی پێنووسەکەی بەگوێرەی پێویست: جارێك گۆرانییەکی خۆش، جارێکی دی سۆزێکی بەزەییو لاوانەوە، چەند جارێکی دیکەش پاچێك بوو کە نارێکی ژیانی ئەو گەلەی پێ ڕێك دەکرد.. بەڵکو جاری وایش هەبوو لە بناغەوە دەیڕوخاند بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دروستی بکاتەوە:ـ

ئەمجا نووسینەکانی بە دڵ نیاییو بێباکانە هەڵ دەدا بۆ ناو گەل، ئەمانیش بەپەلە لە دەستیان دە قۆستەوەو دەیان فڕاند.. هەر چەندە ئازاریشیان پێ بگەیشتایە، بەڵام هەر پێیان خۆش بوو:ـ

چونکە ئەو نووسینانە چاوی دەکردنەوە:ـ

نووسەرەکە بۆ دواوە ئاوڕێکی دایەوە.. دوور لە کۆمەڵ سێبەری دوو نووسەرەکەی شەوی بینی، وردەوردە بەرەو بچوك بوونەوەو نەمان دەچوون.. ئەمیش هەنگاوی هەڵ نا بۆ ڕیزی پێشەوەی گەل.

× × × ×



# تراژیدیای برینێکی تری

# خەج و سیامەند

● حمە أحمد جاف ●

هۆ خەجیلێ؟!
بەفری یەکشەوەی قەندیلێ..
هۆ شاگوڵی باخچەی ئەوین!
بووکی مەندی گەرمەشینم.
هۆ دڵداری چاوی چیا!
ڕێبواری عیشقی دێرینم.
خەجیلەی شۆخ..
گەر بیرت بێ!!
ئەو شەوەی کە بە تەنهایی،
لەهەواری دە بەندەنێ..
لەبەر تریفەی سەر گۆنای،
پەلکی سەوزی دارەبەنێ..
لەبەر قرچەی گەرمەنیگاو..
وەنەوزی چاوی خەوالووی،
جێژوانی ئەم مانگەشەوە!

هەگبەی خەمی «سیامەند»ت
بەبێ چرپە، لێك کردەوە!
وردە وردە گەڕای...
تا لە کوانووی گەرم و سوێدا....!!
هەستی دڵ و..
چاوی شینی نەپشکوتوی ئەم چەند یادە:
[قولنگی فەرهاد، تاقی شیرین،
کل وکلتووری خاتووزین،
تیتۆڵی ڕانکەی کاکە مەم
دوو تالە مووی، پرچی ڕەشی،
گرێچە دراوی دێوانەو شەم
مێخەك و بەندو بە نمووروی
سێوەکاڵێ..
ملوانکەیەکی ئەلماس و..
قوتوی مەرجانی خەزاڵێ...]

وەك: کورپەی ناز
لە ئامێزی گراویتا...!!
بیلبیلەی چاویان کردەوە.
ئوتڕەت نەگرت!

هەر ئەو [illegible]
یەك دووجار پێ‌ی‌دا چوویتەوە..
هەتا پرێسکەیەکی سەوزی
ڕەنگ قەزوانی!!
بوتی ڕووانی‌و..
دەروونی ئاشنا کردیەوە..!!
لی‌نەگەڕای..
هەتا چوار گوێچکەگری‌ی زانی
ئەو زامانەی.. بر کردیەوە!!
تۆ [illegible]
تا کورتە چیروکی خەونی:



ـ دارەبەن و کەڵەکێوی ـ
ئەو ڕۆژانەی، یاد کردیەوە!!

★ ★ ★

هۆ کەسی خۆم؟!
دەروونی قرچاوو بۆسۆم
شۆڕەسواری چیای سیپانم

سیامەندی..؟!!
دەوەرەوەو جارێکی‌تر..
لە مەلبەندی ئەو ڕۆژانە
لە مورەغەی پشتی ژانا!
بە گەرووی ئاسکە شیعرێکی،
وشکەڵی گەلاڕێزانا..!!
لەسەر بستووی چیای سیپانا
بە بنا گوێی سرکەماڕێ،
پیدەشتەکانی گەرمیانا
هەڵکە بەندی..

- - -

دەوەرەوەو جارێکی دی..
لەو ڕەوەرە
لەو باخ و بیستان و ڕەزە
شنەی شەماڵی هەناسەت
تێکەڵ بە لاوك و باڵۆرەی
گەرووی نەرمی!
نیگای گەرمی!
کوانووی سەرنجا، بکەرەوە!!

- - -

دەوەرەوەو جارێکی‌دی..
لەو زەنوێرە
لەو جێ‌پەزو بەردەبێرە
لە سێبەری پرچی ژاکاوی،
ڕەشماڵی ئەم هەوارە!
قەوانی عیشقی ڕابردووی
«خەج و سیامەند» لێدەرەوە!!

- - -

بە پووشوی دڵ!
ئاگر لە قەزوانی شینی
دارەبەنی بەردەرەوە!!
سیامەندەکەم..
دەوەرەوەو..
لە بیلبیلەی چاوی گەشی ئەم کوێستانە
شولێکی‌تیژ
لە پەلی هەمان دارەبەن ببڕەرەوە!!

وەکو: تیری
لە گوێی کەوانەبرۆی خەجێ

پێشان لەسەر دڵی گەرمی
کەڵەکێوی ئەو بەندەنە، بگرەرەوە!!

ئەوجا لە مێرگی بەندەنی
لە سای پیرە دارە بەنی

بەروکی خەم بترازێنەو..

لەسەر کەوڵی کەڵەکێویەو
شنەڕای گەرمی خەجێت، سەرکەرەوە!!

★ ★ ★



# هەیڤا تاری کوژ

صدیق خالد هروری

ـ دادێ دادێ
هەیڤامە چەندا جوانە
وەکی منە
وەك هەمی هەڤالێد منە!!
دادێ دادێ
تو بخودێ کەی
تیر بنێرێ
وەك مە چەندا تاری کوژە
بۆ دوژمنە
دەما نەبا
ئەڤ شەڤرەشە..
دا چ لمەکەت؟!
ـ دادێ دادێ
هینگی ئەزدا ژ تە ترسم
دا ژمن ترسی
گورگێد دەڤ خوین..
دا ژ گوشتێ من و تە خون

نە دمان برسی!!
دادناڤ تاریا شەڤێدا..
د بەرزەبین
نە مە کە سەکێ خۆ ددیت
نە کەسەکی ئەم د دیتین
ـ دادێ دادێ
شڤێدێ عەورا..
هەیڤا مە دناڤ خۆ پێچابوو
درەڤاندو
دگەل خودبر
.. کیڤە دبر؟!
دادێ گوری
تە گوتە من:
هەیڤ مە یا تاری کوژە
.. لەو هەر جهێ تاری لێ کەفت

دێ بەزیت و دێ گەهیتێ
بۆ من و تەو هەمی خەلکی
خۆ دسوژە
ـ دادێ دادێ
هەیڤا جار جار دهێتن
نە وەك هەر جار
ژخۆ نە سلە؟
ژخۆ ژمن و تە نە یا سلە؟
بۆچی هەرشەڤ..
وەکی شڤێدێ ناهێتن
مازکیش برینێ دل کولە؟!
ـ دادێ گوری
شڤێدێ هەیڤا لچاردێ بوو
شەڤا وێ بوو
گەر هەمی شەڤ
... نەلچاردێ بن
چەوان هەیڤا مە دێ هێتن
یادێم فرەهـ
یاگرنژی
وەکی من و تە دڤێتن
وەکی خەلکێ هەمی دڤێتن.

# ئەمەن گوڵێکی نەورۆزە

○ مستەفا زەنگنە ○



سەهۆڵ بەندانی سەختی ڕێگامی
گڕی بورکانی شوێن پێوجێگامی
تەوژمی خۆرگەی ڕەوتی ئاواتی
قوڵپی گریانی ڕۆژی نەهاتی
بۆ من ڕووناکیی شەوی تاریکی
بۆ من بینایی ڕێگای باریکی
بزەی نەپشکووی ئازاری سەختی
گرێ کوێرەکەی هەورازی بەختی

بێ تۆ دڵەکەم شاری وێرانە
بێ تۆ ڕۆژگارم باری گرانە

بێ تۆ بوونی من تووانەوەیە
چوونت بۆ بوونم کوژانەوەیە

لەگەڵ تەمەنما بەرەو ژوور ئەڕوێ.
وەك زەوی بەدەور ڕۆژا سووڕئەخوێ

تێکەڵ بەتیشکی ڕووی خۆرە تاوی

تێکەڵ بەخۆرگەو خورپەی هەناوی

تێکەڵ بەخەندەو قەڵبەزەو گوڵێ
تێکەڵ بەنرکەو لێدانی دڵی

تێکەڵ بەشینی ئاسمانی بەرزی
تێکەڵ بەنەخشەی ڕەنگینی ئەرزی
تێکەڵ بەجووڵەی پێلووی چاوانی

تێکەڵ بەدیدەی پاکی یەزدانی

تێکەڵ بەژانی لەدایك بوونی
تێکەڵ بەسیرِی سیحری گەردوونی
تێکەڵ بەچرای زنجی بێ نەوای
تێکەڵ بەرێژەی خوڵقانی هەوای
تێکەڵ بەمێژووی سەختی گەلانی
تێکەڵ بەخەمی هەموو جیهانی
تێکەڵ بەماچی دڵ مرکێنی
تێکەڵ بەیاسای سنوورشکێنی
تێکەڵ بەشۆخیی کچە کوردانی
تێکەڵ هەنیسکی بەر لە گریانی
تۆئەی فێنکی پاش ڕێگا بەندان
تۆئەی هەوێنی ناو خوێن و ویژدان
تۆئەی گلۆوك و چیمەن و شەپۆل
تۆئەی کۆترەکەی شەیدای چیاو چۆڵ
تۆئەی خەناوکەی شۆخە گەردنان
تۆئەی جووانیکەی نێو نیگای ژنان
تۆئەی کڵپەکەی هەمیشە بەتین
تۆئەی تێکەڵ بوو بەگڕی ئەوین
تۆئەی ئارام و شنەو سەوزایی
تۆئەی عیشقەکەی هەتا هەتایی
تۆئەی نەورۆزی بەهارو ڕوودداو
تۆئە سۆمایی‌و گلێنەکەی چاو
هەرساڵەی جارێ لە دەزگا ئەدەی
هەر ئەوجارەشە دڵ ئەکاتۆخەی
لەویشدا تەمەن کۆ ئەبێتەوە
وەك گوڵ بۆ ژێر پێت ئەچەمێتەوە



# مەرگی شاعیر

○ ڕەووف بیگەرد ○

تەزووی خۆشیەك بە لەشیا هات و بزەیەکی خستە سەر لێوی، لەو خۆشیە کوت وپڕو سەیرانەبوو کە زۆرکەم دەبێتە میوانی لەشی شەکەت و، هەر ئەوانەیش پێ ی دەزانن کە هەمیشە پاپۆڕێکی ماندوون و بەدەگمەن لەو بەندەرەدا دەحەسێنەوە.

بۆ ئەوەی تەواو تامەکەی بچێژێت پێکەکەی بەقومێك نیوەکرد.

مژێکی قوولیشی لە جگەرەکەیدا. کە برۆکانی هاتنەوە یەك و دووهێڵی باریك کەوتنە تەوێڵی، دوو دڵیەك دەستی پێ کردەوە بەگیرفانیدا، بە پەلە پارچە کاغەزەکەی دەرهێنایەوەو لە بەردەمیا ڕای‌خست، لە ناونیشانەکە ڕامایەوە، ڕامان منداڵێکی چەتوونی نێو کۆڵانە تەریکەکان بوو، بە باڵای بن دێڕو هەورازی نهێنیەکاندا هەڵزنا، ناونیشانەکەی بەدڵ نەبوو، چاوی کەلاخست و بۆ تاوێك هەناسەی بڕا، کە تەماشای‌کردەوە هێڵەکانی ناوچاوانی ڕەوینەوە، بە پەلە قەڵەمەکەی دەرهێنا، خەتێکی بەسەر مەرگەکەداهێناو کردی بە ژیان. وەك ئەمجارەیان لە کارەکەی دڵنیابوبێت شانێکی هەڵتەکاندو لەبەرخۆیەوە وتی: جیاوازیان چیە؟ هەردووکیان مەتەڵە ئاڵۆزەکەی مێژوون، دوو سەری جیاوازو ناتەبان، کەچی بێ یەکتریش نابن، هم؟ دەبا ئەویان نەبێت و ئەمیان بێت.

جارێکی تریش شیعرەکەی خوێندەوە، چاوی بەسەر ووشەکانەوە کز بوون، وەك ووشەکان هەنگوین بن و پێ و

پلی هەنگێکی بچووکیان تێ چەقیبێت، یان پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگ بن و بە هێوری بێن وبچن. حەسەنی هاوڕێیشی بووە پەپوولەو لەگەڵ شیعرەکەدا تێکەڵ بوو، کە ویستی بیگرێت بێجگە لە بۆشایی هیچی بە دەستەوە نەهات، ئاخێکی هەڵکێشاو وتی: کەی دێیت تا بەم ئارەزووە پڕەوە شیعرەکەمت بۆ بخوێنمەوە؟ بەڵام حەسەن بۆ ئەو شەوەی ئەو چرایەکی کوژاوەبوو.

پارچە کاغەزەکەی پێچایەوەو لە سەرخۆ خستیەوە گیرفانی، بە خۆی وت: ئەگەر زوو بڵاوبێتەوە دەست کەوتنەکەی بەشی چەند شەوێکی خواردنەوەی من و حەسەن ئەکات. ئێ.. ئەمەیش جۆرە ژیانیکە، کێ ئەڵێ لە زۆر ژیانی دی خۆشتر نی یە. ئەی حەسەن بۆ نەهات؟ بڵێی شتێکی بەسەر نەهاتبێت؟ ئەی کێ ناڵێت ئێستا لە یانەیەکی تردا ئەم جیهانە ئاڵۆزە هەڵناپێکێت، نایکاتەوەو دیسان هەڵی ناپێچێتەوە؟ بۆ باڕویانەماوە پێی ئاشنا نەبین، ئەی چی بکەین؟

ژیان چی یە؟بامرۆڤ نەختێك بحەسێتەوە... ڕابوێری... هەندێ ناڵێی ڕۆژگار لە بیربناتەوەو قومێکی تری نیوەی پێك و مژێك و هەناسەیەکی قووڵ، سەری هەڵبڕی‌و بەدەم دووکەڵ ڕا دانەوە چاوی بڕیە دەرگاکە (درەنگەو حەسەن هەر نەهات، هاوڕێیەکی گەورەو شاعیرێکی بەهرەمەندە. تۆبڵێی شەویش نەیەتەوە؟ نەء.. لە هەر کوێیەك بێت ئەگەڕێتەوە ئەو کۆختە شاعیرانەیە، لەوێ خواردنەوەکەمان تەواو ئەکەین، ئەو نەبێت من بە تەنیادەستێکی براوم، ژوورەکە وێرانەیەکی نامۆیە، تەنیا شەوێك ناتوانم تیا بسرەوم، ژوورێکی چەپەك بۆ دوو شاعیری لات، ئێ، زۆری زیادە، شاعیر لە ژووری وادا شیعری بلیمەتانە ئەنووسێت، ئەو جۆرە جێگایانە ڕووناکیەك، بەهرەیەکی وات ئەدەنێ کۆشکەڕەنگالەییە کان پێی ناوێرن. ئەوە نی یە مارکیز ئەڵێت: کە جلی شڕو نابوتم لە بەردابوو جوانترین شاکارم ئەنووسی، بەڵام کە جلی جوانم لەبەر کرد زۆر لەوە ئەترسم شتی بێ کەڵك بنووسم. ئەی چۆن؟

ژووری لەوە باشتریش بۆ ئیمە دەست نادات. دوو قەرەوێڵەو مێزێك، کۆمەڵێك کتێب و پارچەکاغەزی بە هەموو لایەکدا پەرش و بڵاو، وێنەیەکی هەڵواسراوی گۆران، شەوانیش خەوی ڕەنگاو ڕەنگی سەرخۆشی‌و شاعیرانە، ئیتر چی؟)

نیوەی پێکێکی ترهەڵدا (خۆشترین کات ئەوەیە کە بەدەم پێکەوە شیعر ئەخوێنینەوە، لەوەیش خۆشتر ئەو کاتەیە کە شیعر لاڵ ئەبێت و بە جووتە ئەگرین. حەسەن ئەمشەو لە کوێیت؟ لە هەموو شەوێك زیاتر بەتاسەوەم، شیعرو مەی‌و ئارەزوو)

سەمای، پەنجەکانی لەگەڵ وورتە وورتەکەیدا ڕێك خست:

**شەو درەنگەو**

**سەرم جوانوویەکی تۆرە**

**سمکۆڵ ئەکاو ئەحیلێنێ**

**کەچی هەموو دەرگاکانی ئەم دنیایە**

**دیوارێکی پۆلاینن**

**ئێستە لێرە**

**بێجگە لە من و تەنیایی**

**کێ هاوەڵی ئەو جوانووە نەسرەوتەیە؟!**

پێکەکەی تا دوا دڵۆپ بە سەرەوەناو بەزمانی دەم و لێوی سڕی، دەستێکی بە سەرو چاویا هێنا، پاشان دەستی کردەوە بە گیرفانیداو پارچە شیعرەکەی بەسەرکردەوە، خەمێکی جوان کەوتە سەر دەم وچاوی، هەر لە تەمێکی وەنەوشەیی ئەچوو، بە خۆی وت: «شیعریش ژیانێکە بۆ خۆی، وەك ئەڵێن زمانی خواکانە، ئەم تەنیاییەی من، ئاسمانی شین، درەختی سەوز، چیرۆك و شانۆ، هەموو جوانیەکی ئەم ژیانە شیعرن. مەکەو لاچۆی کیژێك.

چەپەو ناڵەی لاوێك، شەپۆلە ووردەکانی کانیەك، بەفری لاپاڵێك هەموو شیعرن. ژیان کە شیعری تیا نەما ئەبێتە

پارچە سەهۆڵێکی بێ‌تام و بۆن.»

سەری هەڵبڕی‌و چاوی لەو کۆمەڵە گڵۆپە ڕەنگاوڕەنگانە بڕی کە سووچەکەی بەرانبەریانی ڕازاندبووەوە،

دائەگیرسان و ئەکوژانەوە، یەك بەدووای یەکدا ڕەنگەکان ئەگۆڕان.

(منیش هەر لەو کوژاندنەوەو داگیرسانەدا بووم، ڕۆژانێکی ڕاکەڕاکەو خۆشاردنەوە، دوور لەمەی‌و ئافرەت و

جگەرە، جا چی مایەوە؟ ژیان و تاقی‌کردنەوەیەکی خۆشیش بوو، ئازارەکانی بەتام بوون، لەو ڕۆژانەدا هەر

شتەو نرخی تایبەتی خۆی هەبوو. مەیخانە.. بۆ سەرڕوای شیعریش دەست ئەدەن. لە هەردووکیاندا چی لە من گۆڕاوە؟ هیچ.

ئەی جیاوازیان چی‌یە؟ کە لەگەڵ دەوروبەرەکەتا ڕاهاتیت هەموو شتێك ئاسایی ئەبێت، لەوێ پێویستم بە

شتی‌تربوو لێرە بە شیعر، ناچارم، وەك دیستوفسکی ئەڵێت ئەسپی عارەبانەم، ئەبێت سەرو مڕ کاربکەم، ئەگینا سەر

شەقام و کۆڵانەکان ئەبێتە جێگای شەوو ڕۆژم، ئای زەمانە لە کوێوە بۆ کوێ؟ ئەم ڕۆژگارە قێزەونە فرمان ئەداتە ناو

یارێگاکەوەو یاریەکەمان پێ‌ئەکات، بەڵام وەك هەمەنگوای ئەڵێت: لەگەڵ یەکەم هەڵەدا ئەمانکوژێت، نازانیت بۆ،

وەك ئەنجام پێویستیشە بمانکوژێت، هەموو کەسێك

ئەتوانێت لەمە دڵنیابێت، تەنیا کەمێك چاوەڕوانی گەرەکە

تادەوری دەگاتێ، حەسەن ئەمشەو لە کوێیت؟ بۆ نەهاتیت

تامەزگێنی ئەم شیعرە تازەیەمت بدەمێ، یان باسی ئەو یادگارانەت بۆ بگێڕمەوە کە چەند کۆنن کەچی پەنجەی ڕۆژگار [illegible]).

دووا‌پێکی کردو نیوەی هەڵدا، کڕی بارەکە چاوی بێ‌گێڕا، [illegible] ئابکی کە لەمی

دەڕوانی کەسی تری نەبینی، کە هەواڵی سەعاتی لێ‌پرسی

زانی زۆر لە شەوان درەنگترە. بە پەلە نیوەی‌تری پێکەکەی

بەسەرەوە ناودووا چۆڕی کرد، هەستا، لەگەڵ یەکەم

هەنگاودا هەستی‌کرد یانەکە لەبەر چاویا ژێرەو ژوور بوو،

لەبەرخۆیەوە وتی: «ئەمشەو چاوەڕوانی زۆری پێ‌خواردمەوە، ئەم هەمووعەرەقەبۆ؟ چۆن بگەمەوە ماڵەوە؟

هەرئەبێ بگەم و شیعرەکەشی بۆ بخوێنمەوە، خەوتنیشیش هەڵی دەسێنم.»

بە لارە لارە هاتە دەرەوە، لەبەر دەرگاکەدا وەستاو بەدەنگی بەرز وتی:

- من و پیری خەرابات و دەری مەیخانە تا مردن.

بە پاڵ دیوارەکاندا کەوتە ڕێ، هەنگاوەکانی پێکدا

دەهاتن و هاوسەنگی‌ی لەشیان تێك ئەدا، سەرمایەکی کوشندەیش دەرزی ئاژنی لەشی دەکردو ڕێبواری

شەوانی‌تری لە شەقامەکە. بڕیبوو، سەرماکە تا ئەهات زیاتر لەرزی لێ‌ئەهێناو هەنگاوەکانی سست تر ئەکرد،

کەوتە لەتردان، لە کەوتن و هەستانەوەدا لەبەرخۆیە ئەیووت:

ژیان هەر کەوتن و هەستانەوەیە، یان هەستانەوەو کەوتنە، گرنگ ئەوەیە تەواو نەشکێیت، ئەوەندەت پێ بمێنێت

هەستیشەوە، خۆ هەندێك مردنیش لە زۆر ژیان گەورەترە، ئەمشـــەو لە کوێبێت، بۆچێت هێشتم، یان من هەر جێماوێکی شکست خواردەم؟

لەپاڵ دیوارێکدا وەستا، وەك داوای بەزەیی لەسەرماکە بکات سەری بەرەو ئاسمان هەڵبڕی و پرتەپرتێکی کرد، پاشـان گوری دایەخۆی، پێی نایە سەر شەقامە سەرەکییەکە، وەستایەوە، چەقی و چاوی کەوتە ڕێشکەوپێشکە. لەبەرخۆیەوە کەوتەوە دوان:

ئەم شەقامە چۆڵ وهۆڵە، ئەم نووچەدان و سەرخۆشیەیشی هەر شیعرن، ئەمشەو من و شیعرو ئەم گەردوونە بووینەتە یەك.

سەری سووڕاو لوول بوو، لەنگەری لەشی بۆ ڕاگیر نەکرا، بەم لاو ئەولادا کەوت و لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا هەنگاوی ڕۆیشتنی بڕا، ووشك وەستا، بۆ ئەو ساتە وای هەست کرد ئەو شەقامە لووتکەیەکەو کەس لەم بالادەست تر نییە، بزەیەك گرتی. لە دوورەوە ئۆتومبێلێك. کە ڕەنگی لە ڕەنگی شەقامەکە تێرتربوو باڵی فڕینی لێ ڕوابوو، کە نزیك کەوتەوە چەند جارێك ئاگاداری کرد. بەلام شاعیر کۆترێکی باڵ و پێ شکاوبوو، تەنیا ئەوەندەی توانی ڕووی تێبکات و دەستی وەك ئالا بۆ درێژ بکات، دەنگێك و هاوارێکی لاڵ، لە هەناسەیەکدا بەرزبووەوە، کەوتەوەو دیسان بەرزبووەوە، لە کەنار شەقامەکەدا گرمۆڵەبوو، وەك پارچە پەلاسێك کەوت، پەنجەکانی دەستێکی بەسەر گیرفانێکیەوە شل بوون و لە جووڵەکەوتن، لای سەریەوە خوێنێکی گەشی ویستی چەند دێرێك بنووسێت، بەلام سەرماکە بەستی و بە توپەڵی هەر لەژێر سەریەوە هێشتیەوە. ئۆتومبێلەکەیش هەر باڵدارەکەی جاران بوو، شەقامە ڕەشەکەی لە چاوتروکانێکدا هەڵ پێچاو گوم بوو. حەسەنیش لە ژوورەکەیاندا هەرپێچی ئەخوارد، چاوەڕوانی ی درکێکی تیژ بوو بە چاوەکانیا هەڵئە چەقین، تا بەرەبەیان بەتەمای هاوڕێ شاعیرەکەی بوو، تابگەڕێتەوەو ئەویش دوا شیعری ئەو شەوەی خۆی بۆ بخوێنێتەوە.



# وێنەکەی خوشکت



● ڕۆوف حەسەن ●

شەری پێ ناوێ. . ئەوەتــا کە مژ لە جگـەرەکـەی نێـو پەنجـە ناسکـەکـانی دەدات و قوم لە پێکـە نەشمیـلانەکەی

بەردەمی دەدات، سەیــری تۆ دەکـات. . . بەسـە. . ئیتر کەمێ بەرگی ڕۆژهـەلاتی‌ی شەرمن داکـەنـە. . ئەمـە ئاهـەنگی یێکتر ناسینە. . چی‌یە بە تەنێ دانیشتوویت؟!

ئەهـا زەردەخـەنەکەی. . بە ئاشکـرا بۆ تۆ دەشنێتـەوە. . لەوەش دەچێ جارێکی‌تر ئەو چاوە شینانەی ئەوت دی‌بێ، بەلێ. . تەنیا هەفتەیێك لە مەوبەر بوو. . . ناموێ‌یە بەلاتەوە. .

ئەوە شەش مانـگە زیـاتـرە لەم ولاتـەدا دەژیـت. .

هەرچیـەك دەکـەیت بڕوا ناکـەیت کە چارەکـە سەدەیێك لەمەوبەر ئەم ولاتە کەلاوەو وێرانەیێك بووبێ. . چۆن پاش

ئەو خاپوورکردنە، ئەم بەهەشتەی لێ هاتە ئاراوە؟!

چۆن پاش ئەوەی فاشستەکان پێ‌ی گلاویان نایە سەر

ئەم خاکە. . واخێرا فیردەوسێکی سەر ئەم ڕووی زەمینەیان بۆ نەوەکـانیـان و بێ‌نـەوایـانی جیهان پێك هێنا؟! بەلام. .

بەلام بەلای تۆوە تەنیـا (ئـەلبێـرت). . بەلێ تەنیـا ئەو ئەم بەهـەشتـەی ناخـۆش کردوە. . . لێ‌ی کردوویتـەتـە دۆزەخ. . . ئەها ئەوا جارێکی تریش ئەو هەتیوە بێ‌ئابڕوە

هەردوو کیژۆڵەکەی سەر مێزەکەی خۆی بەجێ هێشت و خۆی گەیاندە لای نازدارە چاو شینەکەی تۆ. . بە چەرخەکەی جگەرەی بۆ داگیرساندو. لەوەو بەریش هەر خەریکی چاو باشقەڵی بوو لە گەڵی‌دا. . . وازی لێ ناهێنی. . . پێکەوە پێ‌دەکەنن. . . بەڵام دیارە ئەو هێندە ڕووی نادات‌ێ. . چاوێکی لە تۆیەو دڵی هەر لای تۆیە. . ئەلبێرت هەر بەم ڕەفتارەی پەستی نەکردوویت. . بەڵکو بە ڕەفتارە پیس و بێ‌ئابڕووەکەی مانگێ لەمەو بەری. . .

[خۆزگەم بە خۆزگایەتی خوا هەر لە کاتی بۆردمان و جەنگە دا لەگەڵ دایك و باوکیا بفەوتایەو نەبوایەتە سپڵی لاورگ بۆ من. . . قەیناکا. . . باوا بکات. . کورد دەڵێ «شەڕ بە کونەقین دەکرێت». . بە سەریەوە ناچێ. .].

«ئەلبێرت» هاورێی پەیمانگەت بوو. ئێستاش پێکەوە لە بەشی «مێژووی سروشتی»دا خوێندکارن. . پێنج مانگ زیاتر هاورێ بوون. . . تا ئەو ڕۆژەی پێکەوە لە کافتریای پەیمانگەدا دانیشتبوون. . پۆستەیان بۆهانیت لەوەو بەر بیری دایك و باوك و خوشك و براکانت کردبوو. . ئەوا پاش نزیکەی مانگێك بە نهێنی پۆستەت پێ گەیشت. . بە پەرۆشەوە هەڵت پچڕی. . کۆمەڵێ وێنەو نامەیێك. . «ئەلبێرت» بە زمانەکەی خۆیان کە تۆش خەریك بوویت فێری ببیت وتی:

- ببوورە کاك سیروان. . دەتوانم سەیرێکی وێنەکان بکەم.

- ئەی بۆ نا؟! فەرموو. ئەمەیان وێنەی باوکمە. . بە کڵاووجامانەو ڕانك و چۆغەوە. . ڕانکەکەی دیارنی‌یە. . ئەمە بەرگی میللی ئێمەیە.

- جوانە. . سەرسوڕ هێنەرە. .

- ئەمەش وێنەی هەردو برا بچووکەکەمە. .

وێنەکانی دی مابوون. . دوو دڵ بوویت لەوەی پیشانی ئەلبێرتیان بدەیت. . بەڵام کە دەستی درێژکرد. . وتت.

- فەرموو. ئەمەیان وێنەی دایکمە. . ئەوە سرکەییە بەستوێتی بە سەریەوەو ئەوەی ملیشی مێخەك بەندە. .

دیاربوو دوا وێنە زۆر گرینگ بوو بۆیێ دوات خست. . لە پڕ داوای کرد. . تازە لەدەسەڵات دا نەما. .

- ئەم وێنە ڕەنگارڕەنگە وێنەی (سروە)ی خوشکمە.

ئەلبێرت لە وێنەکە ورد بۆوە. . سەرنجی دایە چاوی سەوزو قژە زەردو خاوەکەی (سروە) کە بەسەر لاملی ڕووتیا شۆڕ ببووەوە لەوێوە لەسەر سوخمەو کراسە ڕەشەکەی گیرسابۆوە. . ڕەشایی ئەمان هێندەی دی پێستی سپی‌و ناسکی ئاشکرا کردبوو. دڵت لە مستدا بوو. پەلەت بوو لێ‌ی وەرگریتەوە بەڵام ئەلبێرت لە گۆمی چاوە سەوزەکانی سروەی خوشکت دا نقوم ببوو.

- ئەڵڵا. . چەند نازدرە. .

وێنەکەی نا بە لێویەوەو لەبەر چاوی تۆ ماچی کرد. . تا ئەو کاتە دانت بە خۆتا گرتبوو. ئیتر چاوت پەڕی‌یە پشتی سەرت. . پرت بە وێنەکەدا کردو بە نیوە دڕای‌و ژاکاوی لە دەستیت هەڵپچورقاند. . ئەمجا هەتا هێزت تیا بوو زللەیێکی وات تێ‌سرەواند، ئاو زایە هەردوو چاوی‌و ئیتر ئاگات لەوە نەما کە خەڵکی نێو کافتریا کە هاتوونەتە سەیرتان. . بە زمانی کوردی‌و زمانی ئەوانیش چی جنێو بەسەر زارت دا هات پێت دا. . دەویت باب. . نامەرد. . ماکەر. . بێ‌ئابڕوو. . .

بە شپرزەیی گەڕایتەوە مەڵبەندی نوستن. . خۆت دا بەسەر نوێنەکانداو لە حیرسا نامەکەت بۆ نەدەخوێنرایەوە. . هەزاروێنك خەیاڵت کردەوە.

[- ڕاستە. . بەڵێ. . لای خۆمان ئەم بێ‌ئابڕوانە چاك دەناسن. . ڕاست دەکەن کە دەڵێن ئەمانە لە خوشك و دایکی خۆشیان ناپارێزن. . ئەو لەبەر چاوی خۆم ئاوا تەماع بکاتە خوشکم و وێنەکەی ماچ بکات. . دیارە هەموو شتێکی تریش دەکات. . نەهاوڕێیەتی. . نەخوشك. . نە. . نە. . هیچ قیەمێکیان لانەماوە. . . نا. . .].

ئەمانە هەموو لە ساتێکی زۆر کورت دا بە بیرتا گوزەری‌کرد. . ئەوەتا سەرەڕای ئەو نامەروی‌یەی ئەلبێرت ئەم شەویشی هاتە پاڵ. . وا گەڕایەوە سەرمێزەکەی

خۆی. . بریارت دا لە داخی ئەلبێرت ئەمجارەیان تۆبچیت جگــەرە بۆ نازدارەکــەی ئەوبــەرت داگیرسێنی. . ئەگــەر ئەلبێرتیش فزەی لێوە هات ئەوا بەو کۆنە قینەوە دەیکەیتە سینــەمــای ئیــرەش. . . سەرەڕای ئەوەش، ئەو شۆخــەی بەرامبــەرت ئەوە دەهێنێ کە قوربانی بۆ بدەیت و لە کیس خۆتی نەدەیت. .

[زۆر سەیــرە. . من لە لای خۆمــان دوای ئەوەی قوتابخانــەم تەواوکردو دامەزرام. . ئیتر هێندە سەروساختم لەگەڵ ئافرەت و دڵداری‌دا نەما. . کەچی ئیستا دەڵێی سەرەتــای هەرزەکــاریمــە. . خەریکم دڵــداری دەست پێ‌بکەمــەوە. . دیارە کورسی خوێنــدن نهێنیەکی تێدایەو کاتێ مرۆڤ دەبێتەوە بە خوێنــدکــار سەر لەنوێ دەست پێ‌دەکــاتــەوە. . ئەهــا. . . ئەوە جگــەرەکــەی لە ناو تەپڵەکەکەدا کوژاندەوە. . ].

مووچڕکێکی ترس بە گیانتا گوزەری کرد. زاتت دایە بەرخــۆت. . بۆ هیچ نا. . تەنیا بۆ ئەوەی (ئــەلبێرت)ی چەپەڵی پێ تەمێ بکەیت. . پاکەت و چەرخەکەی خۆتت هەڵگرت. . زەردەخەنەی ئەو شۆخەش زیاتر هانی‌دایت. . ئەوەتا کوڕو گچێکی تریش لەسەر مێزەکەیەتی. .

- ببوورە خانم

جگەرەت بۆ ڕاگرت و ئەویش دەستی بۆ درێژکردی

- ناوم - لیللی - یە. .

دەستت گوشی

- لیللی خان منیش ناوم (سیروان)ە.

جگەرەکەت بۆ داگیرساند.

- کاك سیروان سوپاس. . فەرموو لەگەڵمان دانیشە.

- نا. . سوپــاست دەکــەم. . ئەی تۆ بۆ نافەرموویتە سەرمێزەکەی من. . من تەنیام و ئیوە سێ کەسن. . ئۆ. ئەم دوو هاوڕێیەشمان جگەرە ناکێشن. . وانی‌یە؟!

- یەعنی مەبەستت ئەوەیە گەر بە جووتە لێرە دانیشین بە دووکەڵ قانگیان دەدەین؟! کەواتە قەنیا کا. .

لیللی ئەمەی وت و یارمەتی لێ‌وەرگرتن. . پێکەوە بەرەو مێزەکەت بوونەوە. . هەر بێزت نەدەهات ئاوڕ لە ئەلبێرتی بەدرەوشت بدەیتــەوە. . نەشئەی سەرکەوتن بە ڕوخسارتەوە دیــار بوو. . . لیللیت قۆستــەوەو نەتهێشت ئەلبێــرت وەك کەری ناو جوگە هەرساتە ناساتێ خۆی پێ‌بگەیەنێ. . تۆو لیللی زرەتان لە پێکەکانتان هەستاند. . هەر بۆ ئەوەش بوو کە ئەو شەق بەرێ. . چونکــە پەنجــەییەکی لیللی پەنجای وەك ئەو جووتــە کیژەی سەرمێزەکــەی ئەو دەهێنێ. . بەمە سوکنــاییت هات. . مۆسیقــایەکی نەرم دەستی پێ‌کــرد. . باسی گەلــێ شتــتــان کرد. . لیللیت تێ گەیــانــد کە سەرمــامیت پێــوەی. . چونکــە ئافرەتێکی بە جورئەتــە. . باسی هەفتەییێك لەمەو بەرت بۆ کرد. . کە بۆ یێکەم جار لە کێڵگــەی ئاژەڵ دا بینیت و بۆ شارەزایی پەیداکــردن لەگەڵ دەستەیێك ئافرەت دا نێررابوون. . باسی ئەوەت بۆ کرد کە چەند بە جورئەتەوە بە دەستی خۆی لوولەی تۆوی دەخستە نێــو لەشی مانگــاکــانــەوە. . تا بە شێــوەییکی دەسکــرد کەڵ بگرن. . نیللی دایە قاقای پێکەنین. . تۆش لەگەڵی‌دا پێکــەنیت. . دەنگتــان تێکــەڵ بە مۆسیقــا خاوو هێمنــەکــە بوو. . ویستت زیاتر شوولی لێ هەڵکێشیت. . لە مانگا بە کەڵــەوە هێنــاتــە سەرباسی ژن وپیــاو. . خۆت و خۆی. . لیللی پێ‌کەنی‌و.

- کاك سیروان تۆ زۆر سادەو دڵپاکیت. . جیاوازی نێوان مرۆڤ و مانگا ناکەیت. .

لەپــڕ بۆ ئەوەی باســەکــە بگــۆڕێت و زیــاتــر هەست بە شەرمەزاری نەکەیت. .

- سەما دەزانیت؟!

هەر ئەمــەی وت ئەلبیــرتت هاتــەوە یاد. . ئاوڕت دایەوە لەگەڵ کیژێك دا ئەو سەمایە دەکات کە کاتی خۆی فێری کردبوویت. .

- ئەم سەمایە؟! بەڵێ. . فەرموو. .

- دەستت گرت و هەستــان. . بانــدەکــە موسیقــاییکی پەلــەی لێ‌دەدا. . تێکــەڵ بە سەمــاکــەران بوون. ئەنقــەســت بەدەم سەمــاوە خوت لە ئەلبیــرت نزیــك

دەکـردەوە. . تا بە باشی بت بینێ چۆن لەگـەڵ ئەو لیللیە شۆخ و نازدارەدا سەما دەکەیت و ئەو چەند دەورو خولیدا لەگەڵیا مایە پووچ دەرچوو. . .

مۆسیقا خاوبۆوە. . جووتە سەماکەران لێکتری نزیك بوونەوە. . سنگت نا بە سنگی بەرزی لیللیەوە. . لەگەڵ بزووتنەوەی نەرم ونیان دا ڕوومەتت لە ناو قژیا ون کرد تا بەڕوومەتیەوە نووسا. . خەریك بوو لە هۆش خۆت بچیت لە نێـو تاوە قژەکـانـی لیـللیدا ئارامـت گرت و چاوت لێك نا. . کە پیلووت هەڵێنا لە نێو تاڵە قژەوە ئەلبێرتت دی پێ‌دەکـەنێ. . زانیت لە داخـا پێـدەکەنێ و ئاشکراش دیارە وەختـە شەق بەرێ. . بڕیـارت دا ئەلبێـرت لە بیـری خۆت بەریتەوەو بە ئێجگاری لە ناو بەهەشتی لەش ولارو چاوی شین و جوانی لیللیدا بژیت. . دەمت نا بە گوێیەوەو چرپاندت:

ـ لیللی گیان ماچێکی نێو دەمت بکەم. .

نیللی قریوەییکی کرد.

ـ جارێ. . نەء. . .

گلۆپـەکـان کزتـر بوون. زۆر بە تونـدوونـدی لیللیت بە خۆتـەوە گوشی. . لێـوت بەسـەر ڕوومـەتیـا دەگەڕاند. . تا توانـیـت بۆن و بەرامـەی کچێـنی لیللیت هەڵمـژی. . هێنـدەت زانی لەپڕ وەك زەردە زیـرەیێـك بە پەنـا گوێتـەوە بدات. . بەسەری چوارپەنجە زللەیەکیان تێ‌سرەواندیت. .

هەرکە ئاوڕت دایە بینیت ئەلبێرتی بێ‌ڕەوشت و بەدخووە. . گەرچی هێند ئازارت پێ‌نەگەیشت بەڵام بە جارێ دەهەری و کەللەیی بوویت و لەبەر خاتری چاوی لیللی کەمێ دانت بە خۆت دا گرت چونکـە لیـللی سەرزەنـشتی ئەلبێـرتی دەکرد. . بەڵام ئەلبێرت بەر لەوەی بیەڵێ تۆ دەم هەڵبێنیتەوە وتی:

ـ سیروان گیان. . دەزانی بۆ وام کرد؟!

لە حیـرسـانـا وەڵامت بۆ نەدرایـەوە. . خەریـك بوو بیقەومێنێ. . بەڵام ئەلبێرت دەستی خستە سەرشانت و.

ـ سیـروان گیـان. . تکـا دەکـەم وێنـەکـەی خۆشکت نیشـانـی لیللی خۆشکـم بدەو داوای لێ‌بـووردنیشـت لێ‌دەکـەم. . تەنیـا مەبـەستم ئەوە بوو کەبـزانیت لیللی خۆشکـی منـەو تۆزێ بیـر لە ڕەفتـاری ئەو ڕۆژەی نێـو کافتریاکەت بکەرەوە.

لیللی بە حەپەساویەوە سەیری دەکردن.

ـ ئەلبێـرت! تێ‌نـاگـەم. . مەسەلە چی‌یە؟!. . من زۆر لە سیروان ڕازیم.

ـ لیللی! بە کاك سیـروان بڵێ دوایی هەمـوویـت بۆ بگێڕێتەوە. . کاکە سیروان فەرموون جارێ لەسەر سەمای خۆتان بەردەوام بن. .

ئارەقـی شەرمـەزاریـت ڕشـت. . گەڕایـتـەوە سەرمێزەکەت. . سەرت خستە نێو هەردوو لەپی دەستت. دەتویست بگریت. . دەستی دڵسۆزی لیللی بەسەر قژتا هات. . سەرت بەرزکردەوە ئەلبێرت لە پشتەوە وەستابوو. .

لیللی بە سەرزەنشت کردنێکی تاڵەوە پێی‌وت:

ـ ئەلبێـرت! سیـروان هەرچیـەکی کردبێت نەدەبـوو تۆ هێندە دڵڕەق بیت بەرامبەری. . بەتایبەتی خۆت دەزانی ئەم لاوە لە چ وڵاتێکەوە هاتووە. . باشە گوناهی ئەم چیە؟!

ئەلبێرت باوەشی پیاکردیت و بە خۆشکی وت.

ـ لیللی. . تۆ نازانیت. . بەڵام وا من داوای لێ‌بووردنی لێ‌دەکەم. . هەرچیەکت کرد لە شەرمەزاریدا لەوە زیاترت لە دەم نەهاتەدوور:

ـ ئەلـبێـرت گیـان بم بەخشـە. . لیللی گیـان تۆش بمبەخشە. . بم بەخشن ئەلبێرت زەردەخەنە گرتی:

ـ بە مەرجێ بەردەوام بن لەسەر سەماکەتان. .

لیللی پەلی ڕاکێشـایت. . پێکـەوە کەوتنـەوە سەمـا. . بەڵام هەر لە بیری ئەوەدا بوویت. . ئایا خۆت و کارەساتی وێنەکەی خۆشکت نموونەی ڕەوشتن یا ئەلبێرت و لیللی؟! بەدەم سەماوە خۆت لە ئەلبێرت نزیك کردەوە. . بە چرپە پێت وت. .

ـ ئەلبێرت گیان تکات لێ‌دەکەم باسی وێنەکە بۆ لیللی خۆشکت و بۆ کەس نەگێڕیتەوە. .

# مامۆستای گوندەکە



نووسین - کزوان ساش

وەرگێڕ - دکتور کاوس قەفتان

لە (کانگ)ی، برازمەوە نامەیەکم بۆ هات، تیایا نووسیبووی: «ئێستە لە پۆلی سێهەمم. لەم ڕۆژانەدا مامۆستا «هوان» خانمان بۆ هات. لە جیاتی مامۆستا «لونگ» دەرسمان پێ ئەڵێت. هەتا بڵێی ئافرەتێکی باش و سەرو زمان شیرینە. بەڵام تەنیا یەك قاچی هەیە. بە دارشەقەوە دێتە پۆلەکەمان. من بە سەقەتی جەنگی دا ـ ئەنێم، بەڵام «دنکی» هاوڕێم بە سەقەتی جەنگی دا ـ نانێت. لەسەر ئەمە لێمان بووە دەمەقاڵێ و تێك چووین. باسی تۆم بۆ کرد، ئەوەم بۆ گێڕایەوە چۆن تۆش سکت بریندارکراو لەبەر ئەوە بە سەقەتی جەنگ دانرایت، ئیتر چۆن ئەبێ مامۆستا هوان بە سەقەتی جەنگ دا نەنرێت؟ بەڵام بەم جۆرە وەڵامی دامەوە: «ئەوەی تێکۆشەر نەبێت بە سەقەتی جەنگ دا نانرێت.». ڕووشمان نایە ئەم پرسیارە لە مامامۆستا هوان بکەین. بەوەی باش بوو باوکم پێی وتم: «مامت لە سوویادایە، گومان نییە، ئەزانێ، کێ بە سەقەتی جەنگ دائەنرێت». هەر لەبەر ئەمەش ئەم

نامەیەم بۆ نووسیت. وەڵامم بدەرەوەو پێم بڵێ کاممان ڕاست بۆی چووین». برازات.

نەم ئەزانی چۆن و بە چ جۆرێك وەڵامی «کانگ» بدەمەوە. چونکە هیچم دەربارەی مامۆستاکەی نەئەزانی. بڕواشم وایە ئەبێ گەورە، زۆر بە ئاگاداری‌یەوە لەگەڵ منداڵاندا بدوێ، چونکە منداڵان بڕوا بەوانە ئەکەن کە لە خۆیان گەورەترن. جگە لەمەش ئەمزانی کانگ ئەیەوێ دڵنیابێت، نەك لەبەر ئەوەی گرەو لە هاوڕێ‌یەکەی بباتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی هەستی خۆی بەرامبەر مامۆستاکەی دەست نیشان بکات.

وەڵامم دایەوەو بۆم نووسی، کە بەم زووانە ئیجازە وەرئەگرم و سەریان لێ ئەدەم و ئەوسا بە درێژی لەو باسە ئەدوێین. ئیتر لەو ساوە، شێوەی ئەو کچەی بە دارشەقەوە ئەچێتە پۆلەوە، لەبەر چاوم ون نەئەبوو. هەرچەندم ئەکرد وێنەیەکی شێوەو ڕوخساری، یان جۆری ڕۆشتنی لە مێشکما دروست بکەم، بەڵام سوودی نەبوو. بەس ئەوە هەیە گومانم نەبوو هەبێو ئەبێ ئافرەتێکی زۆر باشە.

لە مانگی کانوونی یەکەمدا ئیجازەکەم وەرگرت. کە لە شەمەندەفەرەکە دابەزیم، سەعات نۆی بەیانی بوو. ئەبوو شەش کیلومەترم بە پێ ببڕیایە هەتا بگەمە ماڵەوە. هەواکەی وشك و ساز بوو، لەم لاو ئەولای ڕێگاکەوە، پەلە مەرەزەکان بە دەم شەماڵەوە شەپۆلیان ئەدا، لەبەر ئەوەی بە سەرماو سوڵەی مەیانی مەشق پێ کردن ڕاهاتبووم، ئەو ئاوو هەوا خۆشە سەرو دڵیان کردمەوە. کە گەیشتمە ماڵەوە، تەنیا دایکمی لێ بوو. براو ژن براکەم لە کێلگەکە خەریکی کاروباری زەوی‌چاندن بوون. «گانگ»یش، هێشتا نەهاتبووە. لەگەڵ دایکما کەوتمە گفتوگۆ. لە بیریی نەچوو ئەوەم بیر بخاتەوە هێشتا زگوڕتیم.

- ئیجازەکەت ئەمجارە چەند ڕۆژە. یادکردنەوەی ڕۆژی لە دایك بوونت نزیك بۆتەوە، ساڵێکی تریش بەسەر ئەچێ. پیر ئەبم و نازانم کەی دەمرم.؟ دەی‌سا ژن بێنەو دامەزرێ، با بە سەرفرازی سـ‌بێنمەوە. ژیان هەرگیز ئەڕواو ئەڕواو، تۆش کارەکە ئاڵۆز ئەکەیت.

- دایە، سەری خۆت بە خۆڕایی بە منەوە قاڵ کردووە، ئەبینی هێشتا بە دەممەوە ماوە. ئەتوانم چەند ساڵێکی تریش بوەستم.

چووم بە شوێن «تانگ»دا، کۆنە خانووەکەی شارەوانی کرابوو بە قوتابخانە. لە هەر بەشێکیا پۆلێك دانرابوو. ژووری پۆلەکەی تانگ کەوتبووە لای چەپی دەرگاکەوە، لەبەر ئەوە بە ئاسانی ئەمبینی. هێشتا نیو سەعاتی بۆ زەنگ لێ‌دان مابوو.

دەنگێکی نزمم هاتەگوێ. - بێگومان تەقەی دارشەقەکەی مامۆستایە لەسەر شوورەکەوە، توانیم تا کەمەریی ببینم. بریسك و هووری پرچە ڕەشەکەی، لە شینێتی چاکەتە کرێکاری‌یەکەیدا ئەتوایەوە،

- لەسەر تەختەکە شتی ئەنووسی - سەیری جووڵەی دەستیم ئەکرد. لە ناکاو ئاوڕی لە قوتابی‌یەکان دایەوە. ئەوسا ڕووە جوانەکەی‌و چاوە بادەمی‌یەکانیم دی. لەپڕ چاوی وەرگێراو سەیرێکی دەرەوەی کرد. - لەوە ئەچوو ڕاستەوخۆ بەرامبەر من بێت - هەستم کرد نیگاکەی شوورەکە ئەبڕێت و بە دیم ئەکات. چەند هەنگاوێك گەڕامە دوواوە. گوێم لە دەنگێك بوو، زۆر لام ڕوون نەبوو، بەڵام ئەوەندە تێ‌گەیشتم باسی «دیان بیان فو» ئەکات.

بە ئاودەستخانەی قوتابخانەکەدا گەڕام، هەرکە زەنگی هاتە دەرەوە لێ‌درا، گورج گەڕامەوە.

تانگ، هەرکە چاوی پێم کەوت، هاواری‌کرد: «مامە فنە». خێرا هات و دەستەکانی لە قاچم ئاڵان و ڕوویەکی ڕووناکی بۆ بەرز کردمەوە. دەستم بە سەریا هێناو دەفتەرو کتێبەکانیم بۆ هەڵگرت، هاوڕێیەکانی لەسەر سڵاو لێ‌کردنم شەڕیان ئەکرد. یەکێکیان وتی:

- مامە، ئەمڕۆ دەرسەکەمان دەربارەی «دیان بیان فو» بوو، لەو شەڕەدا بەشداریت کردووە؟

وتم: بەڵێ.

ئەوسا لەسەری ڕۆیشت:

ئەبێ ڕۆژێك باسی ئەم شەڕەمان بۆ بگێڕیتەوە باشە!

لە کاتەدا مامۆستاکە هاتە دەرێ. بزەیەك بەسەر لێوەکانیا کشابوو. وەڵامی سڵاوەکەمی دایەوە. «کانگە»یش وتی:

- مامۆستا، ئەمە «فنە»ی، مامەمە. بە ئیجازە هاتووە.

ئەوسا لێی پرسیم: ئەمڕۆ گەیشتی؟

- بەڵێ! بە شەمەندەفەری بەیانی.

قوتابییەکان وەك چۆلەکە بن و بەرەڵلا کرابن، هەریەکەیان بە لایەکدا تێ‌تەقاند. تەنیا من و مامۆستاکەو تانگە ماینەوە. کتێب و شتومەکەکانی دا بە قوتابییەك و دەستە تەباشیرباوییەکەی خستە سەر دارشەقەکەی.

بە ڕوخساری، بە ڕۆشتنی لاو ئەنوێنێ، بەڵام پەردەیەکی سەنگینی ڕووی داپۆشیبوو. چاوەکانی هەرگیز پێ‌ئەکەنین، بە هیچ جۆر لە چاوی ئەو کەسە سەقەتانەی نەئەکرد لەوەو پێش دیبومن. پانتۆڵە ڕەشەکەی، بەسەر لاقە براوەکەیدا نووشتابۆوە. کە ئەو لاقە براوەم دی، تاسەیەکی دڵ تەنگیی دایگرتم. لێم پرسی:

- کوێندەریت؟

- خەڵکی ئێرە نیم. پاش ماوەی مەشق کردن، لێرە دامەزرام.

- بێگومان ناوچەکەی خۆتت لا خۆشترە!

- نا..! وا نییە. داوام کرد لێرە دام بمەزرێنن. وا دیارە نازانی کە لە ڕۆژانی بەرهەڵستی کردندا، لەم گوندە ئیشم ئەکرد.

- دەمێکە مامۆستایت؟

- هەشت ساڵ ئەبێت، بەس سێ ساڵێکی لێ دەرهێنە.

لە لای دووڕیانەکەوە، «هوان»، لێم جیا بۆوە. تەوقەی لەگەڵدا کردم و وتی:

- خوات لەگەڵ. حەزئەکەم سەرم لێ بدەیت. من لای پوورە «ننە» ئەژیم. «کانگە»، حاڵەکەت پیشان ئەدات.

هەرچەند بیرم ئەکەوتەوە، دارشەقەکەی چۆن تەقەی لە زەوی هەڵ ئەساند، دڵتەنگیی دایئەگرتم.

لە ڕێگا «کانگە»، لێی پرسیم:

- دەی پێم بڵێ، مامۆستا «هوان» بە سەقەتی شەڕ دائەنرێت یان نا؟ مامە برەوایکە، سەقەتی جەنگە. هەر ڕۆژێك لەمەو بەر بوی گێڕاینەوە چۆن فڕۆکەیەکی فەرەنسی یە داگیرکەرەکان گوللەی پێوە ناو لاقی شکاند.

وەڵامی «کانگە»م، بە جۆرێك دایەوە، هەست بکات ئەم کێشەیە لەگەڵ مامۆستاکەیدا یەکالا ئەکەینەوە.

ئەمویست ڕۆژی یەك شەممەی داهاتوو سەرێکی لێ بدەم، بەڵام هەر ڕۆژی دووایی خۆی سەری لێ داین. دیاربوو لەوەو پێش سەری لە ماڵی ئێمە دابێت.

لە حەوشە بەرد ڕێژەکەوە تەقەی دارشەقەکەی بەرزبۆوە خێرا خەبەری کردمەوە. کە دی بە تەواوەتی هەڵنەستام، چووە لای دایکم لە مووبەق. لە ژوورەکەی خۆمەوە گوێم لێ بوو:

- ئەوە خەریکی چیت؟

- خەپلە بۆ بەرازەکان[1] ئامادە ئەکەم.

- باش خرت و قەڵەو بوون. بۆ نایانفرۆشیت.

- نایانفرۆشم... هەڵم گرتوون بۆ ...! خۆت تێ ئەگەیت.

لەو کاتەدا خۆم کرد بە مووبەقەکەدا. «هوان»، سەرپێیانە تێی ڕوانیم و وتی: دایکت بەرازی بۆ ئاهەنگی ژن هێنانت دابەستووە.

کەمێك پەشۆکام.

- ئاهەنگی ژن هێنان، باوی نەماوە.

دایکم وەك بیەوێ «هوان»م، لێ بکات بە شایەت. وتی:

- هەر خۆت بڵێ، ڕەوایە لەم تەمەنەدا بێ ژن و ماڵ بیت؟ هەتا بەرازەکانیش واز لە تەمەنی منالییان ئەهێنن! دەی با کوڕەکەشم چاو لەوان بکات.

«هوان» لە کانگای دڵەوە پێ ئەکەنی. لە تاوا بەسەر دارشەقەکەیدا نوشتابۆوە. داوام لێ کرد. بە یەکەوە چا

بخوێنەوە، بەڵام دایکم وازی لەقسەکەی خۆی نەهێناو لەسەری ڕۆیشت و وتی:

- «هوان»، کەی بانگمان ئەکەی بۆ شاییەکەت؟

تەمێك بەسەر چاوەکانیا کشا. بێ‌ئەوەی وەڵام بداتەوە شوێنم کەوت.

هوان بەو نیازە هاتبوو داوام لێ بکات، باسی تێکۆشەران، بەتایبەتی باسی جەنگەکەی «دیان بیان فو» بۆ قوتابی‌یەکانی بکەم. بێ‌سێودوو ڕازی‌بووم. باسەکەمیان زۆر بە دڵ بوو. «هوان» بەدەم سوپاس کرنەوە، داوای لێ‌کردمەوە سەری لێ‌بدەم.

ڕۆژی یەك شەممەداهاتوو، چووم بۆ ماڵی پوورە «ننە»، هوان لەوێ ئەژیا. لەو بستە زەوی‌یەی بە سەوزە چاندرابوو ئیشی ئەکرد. هەر چاوی پێم کەوت، بەرەو پیرم هات. پێم خۆش نەبوو ئەو دەستە پڕە ڕەقانەو پانتۆڵە قوراوی‌یەکەی ببینم. لێم پرسی: لە باغچەش دا ئیش ئەکەیت؟

بە سادەیی وەڵامی دامەوە: بەڵێ.... حەز لەم بابەتە کارانە ئەکەم چوە لای گۆزەیەکەوە، ئەیویست قاچی بشوات، لە ئاو دەرهێنانا یارمەتیم دا. بە دەستێك گۆزەکەی گرت و بە دەستەکەی تریشی کەوتە شوشتنی قاچە ساغەکەی. ئەوسا بیرم لە قاچە براوەکەی کردەوە. قسەکانی «هوان» زۆر خۆش و دڵ فڕێن بوون. کە ئەدوێ دەست ڕاناوەشێنێ، بەڵکو چاوەکانی ئەبریسکێنەوەو ئەدوێن. بە ئەوپەڕی ساکاری‌یەوە لەو کەسە ئەڕوانێ کە قسەی لەگەڵدا ئەکات. لە کانگای دڵەوە باسی دەرس وتنەوەو ڕەوشتی قوتابیان ئەکات. ئەیویست بزانێ سەرو سوختم لەگەڵ پەروەردەکردندا هەیە!لەو ڕووەوە چەند پرسیارێکی لێ کردم. جا لەبەر ئەوەی شارەزایی‌یەکی ئەوتۆم لەو مەیانەدا نەبوو، کەوتمە گێرانەوەی ڕووداوە جەنگی‌یەکانی ڕۆژانی بەرهەڵستی کردن. ڕۆژێك باسی خوێندنی ئێوارانم بۆ کرد. بۆم ڕوون کردەوە، چۆن پاش شەڕەکان، بە ئێواران خوێندن هەبوو. «هوان» دەستی برد چرایەکی بچووکی دەرهێنا، لە قاوغی گوللەی بیست میلیمەتری دروست کرابوو. وتی:

- قوتابی‌یەکانم لەڕۆژانی بەرهەڵستی کردندا بۆیان دروست کردم.

بۆ یادگار هەڵم گرتووە.

ئەمم بە هەل زانی‌و لێم پرسی

- کەی بریندار کرایت؟

- ساڵی ١٩٥٣

- بە فرۆکە؟

- بەڵێ، بە فرۆکە، لە کاتی بۆردومان کردنی گوندی «ترونگە»دا. ئەوسا مامۆستا بووم لەوێ.

بیرم کەوتەوە، وەختی خۆی نامەیەکم لە ماڵەوە وەرگرت، باسی ئەوەی تیا هاتبوو چۆن گوندی «ترونگە»ی، دراوسێمان بۆردومان کرا.

کە واتە «هوان»، لەوێ بریندار کراوە. بەڵام چۆن؟

کە ئەم پرسیارەم لێ کرد، لەوە ئەچوو چاوەکانی بێ‌دەنگانە پرسیارم لێ بکەن. دوو دڵی پێوە دیاربوو. هەستم بە شلەژاندن و ڕووژاندن ئەکرد. بەڵام هۆیەکەیم نەئەزانی. بەسەر ڕاوەشاندن هانم دا، ئەوسا ڕازی بوو بە سەرهاتەکەی خۆیم بۆ بگێڕێتەوە:

- باوکم مامۆستا بوو. پاش شۆڕشەکەی ئاب چووە ناو لیژنەی بە ڕێوەبردن و بەرهەڵستی‌کردنی هەرێمەکەمان. لە ساڵی ١٩٥٢دا، بنکەی خزمەت کردنی هەرێمەکە لێرە دامەزرا. شوێن باوکم کەوتم و لە دایرەیەکدا دامەزرام شتێکی ناخۆش بوو لەو تەمەنەدا - ئەوسا هەژدە ساڵ بووم - لە بەیانی‌یەوە تا ئێوارە لە دایرەیەکدا ئیش بکەم. لەبەر ئەوە داوام کرد ئیشێکی ترم بدەنێ. باوکم ڕازی‌بوو. ئەوسا کرام بە مامۆستا لە گوندی «ترانگە». بەیانیان، مناڵان و ئێوارانیش پیرەکانم فێری خوێندن ئەکرد.

ڕۆژێك مناڵێك هات، داوای‌کرد ناوی بنووسین. تەمەنی دە ساڵێك ئەبوو. باریکەلانەو لاوازبوو، بەڵام تەندروستی باش بوو پانتۆڵێکی کورت و چاکەتێکی لە بەردا بوو. چاکەتەکەی لە دووسێ لاوە پینە کرابوون،

بەلام باك و تەمیــز بوو. قژە درێــژەكــەی ئەوە نەبــوو گوێچكــەكانی دابپۆشێت دەمی زل و چاوەكــانی ڕووناك و ئازایی‌یــان پێـــوە دیــار بوو. قەڵـــەمێكی ڕەش و دەفتـــەرو شووشەیەكی مەرەكەبی لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو.

كە هات، خوێنـدن دەستی پێ كردبـوو. قوتـابی‌یـەكان سەیــرێكی میوانـە نوێی‌یـەكـەیان كرد. كەمێـك وەستـاو لەسەری ڕۆیشت:

- كەهـاتـە ژووری وتی: مامـۆستـا من خەڵكی ئێرەم. دایكم لەبەرسەر قالی پێی نەكرا لەگەڵمابێت. داوات لێ ئەكات لەم پۆلەدا وەرم بگریت و هەر دەستی پەرژا، سەرت لێ ئەدات.

بە كەمێك پەژارە بوونەوە وەڵامی پرسیارەكەمی دایەوەو وتی:

- هێشتا ئەلف و بام تەواو نەكردووە.

- ناوت چی‌یە؟

- «ننە»، «نیچیان فان ننە».

كەبینی ئامـادەم وەری بگـرم ئەوە نەبـوو لەخـۆشیدا باڵ نەگـرێت. لە ریـزی پێشـەوە دام نا. زۆر زیرەك بوو. پاسا پەرستی وەك خۆی نەبــوو. لەمـاوەی دوو مانگـدا گەیشتـە هاوڕێـیــەكــانی. جل و بەرگــەكــەی ئەوەنـدە كەم بوو، پێویستی بە گۆڕینیان نەبوو.

جاری وا هەبـوو لەلای دایكی‌یـەوە دائـەنیشت و برنجی ئەكوتا. جارێك چووم سەریان لێ بدەم، دەستی لە ئیش هەڵگرت و بەرەو پیرم هات و بەدایكی ناساندم:

- ئەمە مامۆستا «هوان»ە.

هەژاریی و ڕووت و قووتی ماڵــەكــە، دایكی شڵەژان. گورج بەڕەیـەكی لەسـەر تەختـە حەیزەرانـەكە ڕاكێشا. كە باسیـی ئەوەم بۆ كرد كورەكــەی زیــرەك و پاك و تەمیــزو بێدەنگـە، دڵ خۆشی‌یـەكی ئاشكـرا ڕووی داپۆشیی! لە كانگای دڵەوە وتی:

- بڕوایـەكی تەواوم پێت هەیـە. دڵنیام لەوەی چاودێـری كورەكەم ئەكەیت. هەتیوە. زۆر هەژارین. بەلام چیم لە دەست بێت، تەخسیـریی ناكـەم و ڕەوانـەی قوتـابخـانـەی ئەكــەم. ئامــانـجی بەرەو دووام ئەوەیــە، دووا ڕۆژێكی خۆش و شاد وە چنگ بخات.

پاش ئەو سەردانەم، ئەوەندەی‌تر «فنە» منداڵم بە دڵدا چوو خۆشم ویست.

بە دەم چا تێ كــردنـەوە برێـك وەستـا. كە لە رابـوردوو ئەدوا، ڕووی نەرم تر ئەبینوان. پاش ئەو وەستانە، كەوتەوە قسەكردن

- لەو ڕۆژانــەدا كتێــب وا بە ئاســانـــی دەســت نەئەكەوت. دانەیەكم بۆ پەیدا كرد، زۆر ئاگاداریی ئەكرد، نەی‌ئــەهێشت پەڵــەیـەكی بەركـەوێت. كە سەیری كتێبە پیس و پۆخـڵەكــانــی هاوڕێـیــەكــانــی ئەكــرد، بە سەرزەنشتی‌یــەوە تیێ ئەڕوانین، لەوە ئەچــوو داوایـان لێ بكات ئاگایان لە كتێبەكانیان بێت. گوێی نەئەدایە ئەوەی خۆی تەڕبێت. بەلام رازی نە ئەبوو دڵۆپێك بەر كتێبەكەی بكەوێت. جارێك ویستم چاكەتێكی كۆنی بدەمێ، بەلام رازی نەبوو، ناچار چوومە ماڵەوە بۆلای، لەوێش بە هەزار شەرەشەق توانیم وای لێ بكەم لێم وەرگرێت.

- ڕاستـە هاونیشتمـانـەكـانمـان هەژارو دەست كورتن، بەلام نابێ شت ومەك لەم و لەو وەربگرن!

دووایی ئەو ڕۆژە ڕەشەكە هات. سەرەتای ساڵی ١٩٥٣ بوو. ڕۆژانی كۆتایی جەنگەكەی ژووروووی ڕۆژئاوا بوو. ڕۆژێك بوو لێزمەی باران بوو. لە پۆلەكەماندا بووین. لە ناكـاو دەنگی فرۆكـە هاتـە گوێمــان. دوژمنە ڕاوكەرەكان بە سەرمــانـــەوە بوون. (دووایی زانیمـان شوێن دوو پاپـۆڕی میریی كەوتبوون برنجیان پێ بوو).

من و منـاڵــەكــان ترسـاین و ئەوە نەبـوو نەتـۆقین. كە فرۆكـەكـە ڕووی كردە ڕوبـارەكـە، خێرا مناڵەكانم بردە ناو سەنگـەرەكـەوە. لەو كاتـەدا بینیم «فنـە» بە شوێن شتێكـدا ئەگەڕێ. نەم زانی كەی سەنگەرەكەی خەنەقەكەی بە جێ هێــشت؟ هاوارم لێ كرد بە خێـرایی بگــەڕێتــەوە ناو سەنـگــەرەكــە. چەنـد كتێبێكی لە بن هەنگڵدا بوو. بە

ڕاکردن بەرەو باخچەکە هات و چاویشی بەرەو ئاسمان بەرز ئەکردەوە. کە دەنگی فڕۆکەکانی بیست، ترس دایگرت، بەڵام لە ڕاکردن نەکەوت و باخچەکەی بە خێرایی ئەبڕی. ترسێکی بێشومار دایگرتم. «فنە» خەریکە تووش ئەبێ. چی بکەم؟ بێوەستان لە خەندەقەکە هاتمە دەرێ. ئەمویست زوو بگەمە سەریو زۆری لێ بکەم پاڵ کەوێت.

بۆ ماوەیەك وەستا. لەوەی ئەکرد لە جیهانی بیرەوەرییەکەیدا ڕێگای ون کردبێت. پاش ئەوەی سەیرێکی کردم کەوتەوە قسەکردن و وتی:

- ئەوەم بیستبوو کە ئێوەی تێکۆشەران، لە مەیانی شەڕدا، بۆ ئەوەی ئەفسەرەکانتان لە گوللەی دوژمن بپارێزن، خۆتان ئەدەن بە سەریانداو بە لەشتان دایان ئەپۆشن. منیش هەر ئەوەم لەگەڵ «فنە»دا کرد.

گوێم لە تەقینەوەیەکی گەورەی بەهێز بوو. هەستم کرد تەزوویەکی سارد هەموو لەشم ئەبڕێت. وەم زانی ئەمرم.

«هوان»، سەری نزم کردەوە، دەستێکی لەرزۆکی خستە سەر مێزەکە، دوایی لەسەری ڕۆیشت:

- ڕەوانەی خەستەخانەی ناوچەیی کرام. قاچێکم خراپ برینداربووبوو. چاری نەئەکراو ئەبوو بیبڕنەوە. بە خۆمم ئەوت: ئەمە کۆتایی ژیانە، نەك نیوە مردوو بەڵکو لە مردوو ئەکەیت.

هەرچەندە خەستەخانەکە لە «نوا» بوو، بەڵام فنەو دایکی سەریان لێ دام. سەرلێدانەکەیان کارێکی تەواوی تێ کردم. دایکی فنە دووانزە هێلکەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. هەر ئەوەندەی چاوی پێم کەوت، دایە پرمەی گریان. بەڵام کە دیم فنە ساغەو هیچی لێ نەهاتووە، دڵ خۆشیی دایگرتم. دایکی پێی وتم: نەك هەر ئەو بەڵکو منیشت ڕزگارکرد. بێئەو ژیانم بۆچییە.

هەستێکی شادی هەموو گیانمی تەنییەوە. کەواتە بە خۆڕایی قاچێکم نەنایە بان. فنە هەرگیز سەرزەنشتی خۆی ئەکرد، بۆچی دووا کەوت و درەنگ گەیشتە خەندەقەکە. ئەیویست کتێبەکان کۆ بکاتەوەو لە فەوتان ڕزگاریان بکات. دەی فەرموو منالێك بەم جۆرە بیر بکاتەوە گرنگ ئەوەیە، بەو جۆرە بریندار کرام و لاقێکم بڕرایەوە.

پاش ئەوەی چایەکەم خواردەوە، شەربەکەم خستە سەر مێزەکەو سەیرێکی «هوان»م، کرد. ئەمویست لە پشت ڕوخسارە جوان و نازدارەکەیو چاوە ڕوو خۆشەکانییەوە، هۆی ئەم خۆ بەخت کردنە بزانم. لەوە ئەچوو هەستی بە نیازەکەم کردبێ، بۆیە چاوی هەڵ نە ئەبڕیو حەزی نەئەکرد سەیرم بکات. لێم پرسی:

- ئەی دووای ئەوە؟

- دووای ئەوە گەڕامەوە ماڵێ. ماوەی دووسێ ساڵ مامەوە، دڵ تەنگییەکەم سنووری بۆ نەبوو. بێگومان نەئەکرا ماوەی دوو سێ ساڵ فرمێسك بۆ بەختی ڕەش بڕژێنم. لەبەر ئەوە داوام کردبگەڕێمەوە سەر پیشەکەی خۆم. برادەران بە خۆشییەوە پێشوازی ئەم بڕیارەیان کردم. هێواش هێواش، ڕەش بینیو دڵ تەنگیم تەنینەوە. ئەمساڵ داوام کرد لێرە دام مەزرێنن. پوورە (نە) زۆری پێ خۆش بوو. زۆری لێ کردم لای ئەو بمێنمەوە. دووای ئیسلاحاتە کشتوکاڵییەکە، ئەم ماڵەی پێ برا. ئەمانەشت بۆیە بۆ ئەگێڕمەوە، چونکە تۆ خۆت ئێرەییت و ئەبێ ئاگات لەم باسانە نەبێ. کە ئەمەی وت، لە دڵەوە پێکەنی. پێکەنینەکە تەمی ئەو ناخۆشییەی تەنییەوە، کە گێڕانەوەی بە سەرهاتەکە دروستی کردبوو.

«هوان»، کۆتایی بە چیرۆکەکەی هێناو وتی: فنە خەریکی خوێندنەوە لە قوتابییە هەرە باشەکانە.

پاش گێڕانەوەی ئەم بە سەرهاتە، پەیوەندی من و «هوان» بە هێز بوو. هەموو ڕۆژ، لە ماڵی ئەو، یان لە ماڵی ئێمە یەکتریمان ئەدی.

ڕۆژێك سەرم لێ دا، لە سەر پارچە تەختەیەك قوت بووبۆوە قژی ئەشوشت. دارشەقەکەشی لەولایەوە دانابوو. پرچی لە ناو تەشتەکەدا نوقم کردبوو، ئاوی پیادا ئەکرد. داوای لێ کردم بچینە ژوورەوەو، بەڵام بە قسەیم نەکردو

چووم کورسی‌یەکم هێناو پێم وت:

- وەرە لەسەر ئەم کورسی‌یە دانیشە.

ئەمەم وت و تەشتەکەم لە لایەوە دانا. نازانم ئەم کردەوەیەمی چۆن لێکدایەوە. لەبەر من هیچی نەوت. بەڵام بە جۆرێك تیێ ڕوانیم، تەواو پێکامی. لێم پرسی:

- خۆشەویستیت تاقی کردۆتەوە؟

وەك کیژانی‌تر، پەشۆکاوی دای‌نەگرت و ڕووی سوور هەڵنەگەڕا.

بە ڕوویەکی گرژەوە وەڵامی دامەوە:

- باس لێ‌کردن ناهێنێ. پێش ئەوەی بریندار بکرێم لاوێکم ناسی. پاش ئەوەی بریندار کرام قەت بیرم لەو باسە نەکردەوە.

ئیجازەکەم لە تەواوبووندا بوو. خۆم ئامادەکرد بگەڕێمەوە. بەڵام هێشتا وەڵامی پرسیاری برازاکەمم نەدابۆوە. واتە «هوان» سەقەتی جەنگە یان نا! چی بکەم و چۆن بڕیار بدەم ئەم کیژە کاری تێ‌کردووم. تەقەی دارشەقەکەی، دیمەنی پانتۆڵە قوراوی‌یەکەی، ئەو پارچە تەختەیەی لاقە براوەکەی ئەخستە سەر، ئەمانە بە یەکەوە چووبوونە ناو ناخمەوە. چۆن هەستیان ئەورووژاندم، وەهاش کاتی توورە بوونیان ئەتەقاندم. لە مەیانی شەڕدا برینـدارم زۆر دیبوو، بگرە خۆشم بریندار کرام. بەڵام بریندارکردنی ئەم کیژەم بە دووا ڕادەی دڕندەیەتی هاتە بەرچاو.

«هوان» لە چوارچێوە وشك و تەنگە بەرەکەی شەڕدا، بە سەقەت دا نانرێت، بە سەقەتی جەنگ ناژمێردرێت. چونکە ڕوو بە ڕووی دوژمن نەوەستاوە. ئەگەر وا بێ، ئەوە بۆم ناکرێ وەڵامی «کانگ» بدەمەوە. دووایی ئەم بڕیارەم بۆ هات.

[هەی «دنگ»و «کانگ»، ئەبێ هەردووکتان ئەوە بزانن کە مامۆستایانیش خەبات کەرن. خەبات کەری ڕێگای زانستین.

گانگ بە دڵ خۆش یەوە قیڕانی: «دانگ»، ئەبینی ڕاست بۆی نەچویت. مامۆستا «هوان» تێکۆشەرەو بریندار کراوە، کە واتە سەقەتی جەنگە. وا بزانم «کانگ» خراپ بۆی نەچوو.

کە ڕۆژی گەڕانەوەم هات، «هـوان» بۆ ماوەیەك بە پیاسەوە لەگەڵما هات. بووبووینە هاوڕێی گیانی بە گیانی. هاوڕێیانیش پێویستە یەکتری بە ڕێ بکەن. کە دەستم خستە ناو دەستی‌یەوە تەوقەی لەگەڵدا بکەم، هەستێکی فووڵ دایگرتم. زانیم هێندە لام شیرین و نزیکە، ژیانی بێ‌ئەو پووڵێکی نەئەهێنا. بە قووڵی تیێ‌ڕوانیم، چاوەکانی هەستیان لێ ئەرژا. لەوە ئەچوو پێم بڵێن: بیرت ئەکەم.

هەر ئەو چاوانە، خێرا ڕوانیانە دارشەقەکەو لاقە براوەکەی.

لەو ڕۆژەوەی یەکتریمان ناسی، ئەمە یەکەم جارە بەو جۆرە سەیرم بکات. ماوەیەك سەری بەرز نەکردەوە، زمانم بەسترا، کە هەستم کرد بیر لە چی ئەکاتەوە، ویستم شتێکی بۆ دەربڕم. بەڵام ئەمزانی پێم ناکرێت و بێ سوودە. ماڵ ئاواییمان لە یەکتری کرد.

پاش مانگێك نامەیەکم لە برازاکەمەوە وەرگرت، لەو نامەیەدا ئاگاداری کردم کە «هوان»ی، مامۆستای هەرگیز سەر لە ماڵەوە ئەدات و دایکیشم ڕای‌سپاردووە ئەوەم بیر بخاتەوە نامە بۆ «هوان» بنووسم.

لە پڕ تێ‌گەیشتم دایکم چی ئەوێت. شاڵاوێك بەسەر ڕووما کشاو بە خۆمم وت:

- تا ئەم ڕادەیە دایکم «هوان»ی، خۆش ئەوێت؟ گوایە ئافرەت هەیە لە «هـوان» بکات و مەردم خۆشی نەوێت. بەڵێ دایە، من و «هوان» نامەمان بۆ یەکتری نووسیوە، هەتا ئەمڕۆ دوو نامەمان بۆ یەکتری ناردووە، ئیستەش لەبەر خاتری تۆ نامەی سێهەمی بۆ ئەنێرم.



# پیاوە بەختیارەکە

وەرگێڕی لە ئینگلیزیەوە
انور قرەداغی

ڕێگـا دانـان بۆ چۆنی یەتی ژیـانی خەڵـك شتێکی ترسنـاکـەو من زۆر کەڕەت سەرم سوڕمـاوە لەو بڕوایەی پیـاوانی ڕامیـاریو چاکـە کەرەکان و[٢] ئەوانەی وەکو ئەوانن هەیـانە بەخۆیـان و چۆن ئامادەن ڕێیـاز بسـەپێنن بەسەر خەڵکی کە داو کەوا ئەبێتە هۆی گۆڕینی خوو ڕەووشت و باوەڕیان.

من هەرگیـز دوو دڵ بووم لە ئامـۆژگـاری‌کردنی خەڵکی چونکـە چۆن یەکێـك ئەتـوانێ بە یەکێکی دیکە بڵێت چی بکات گەر ئەم ئەوی دیکە نەناسێت ئەوەندەی خۆی، من خوا ئاگـادارە خۆم باش نانـاسم نەخـوازە خەڵکی دیکە کە

هەرهیچیان لە بارەوە نازانم.

ئیمە هەر ئەوەندەمان پێ ئەکرێت کە بە خەیاڵ بڵێین کەوا لە هەستوو بیری دراوسێکانمان گەیشتووین بەڵام ل ڕاستیا هەریەکێ لە ئیمە دیلیکە لە ناو قەڵایەکی بەتەنهاد وگفتوگۆ ئەکات لەگەڵ دیلەکانی دیکەدا (کە کۆمەڵی ئادەمیزاد پشیان پێ پێك هاتووە) بە بەکارهێنانی چەند دەنگوو هیلمارێکی ناسراو و کە هەمان مانایان نی‌یە لای ئەوان بە تەواوی ...ک لای‌خۆی.

بەداخیشەوە کە ژیان یەك کەرەتەو هەڵە کردنیش تیایا زۆر جار ڕاست کردنەوەی بۆ نی‌یەو ئەنجا ئیتر من کێم کە بەمەوو بەو بڵێم چۆن هەڵسن و دانیشن؟ ژیان خۆی لە خۆیا کارێکی سەختەو من هێنی خۆمم بە باشی پێ‌گەلاڵەو ڕێکوپێك نەك راوە لەبەر ئەوە هەرگیز نەمویستووە بە دراو - سێکەم بڵێم چی‌بکات لە ژیانی خۆیا هەرچەندە هەندێ پیاو هەر لەسەرەتای ژیانیانەوە ئەچەقن و ڕێگاکەی بەردەمیان بەڵێڵیوو سامناکیەوە ئەبینن لە بەر ئەوە جارجار هەرچەندە پێشم خۆش نەبووە بەڵام زۆرم بۆ هاتووە کە بیرو رایەك دەربڕم بۆ ئەوچەشنە کەسانە، بۆ وێنە جارجارێك پیاوێك لێی‌پرسیووم:

- (چی‌بکەم لەگەڵ ژیانما؟) ئەنجا منیش بەرگی سروشتی گەورەم لەبەر کردووەو بۆ ساتێکی کورت پێش ئەوەی ئامۆژگاریەکەی بکەم وە وەکو دەرئەکەوێت یەکێ لەو ئامۆژگاریانەم بەکەڵك بوو بۆپیاوێك.

ئەوسا گەنج بووم، لە ئەپارتمەنتیکی[٣] مام ناوەنجیدا ئەژیام لە - لەندەن - نزیك ئیستگەی - ڤیکتوریا - داو پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ بوو خەریك بوو هەستم ئەکرد کە بەشی ئەو ڕۆژەم ئیش کردبوو گوێم لە زەنگی دەرگاکە بوو و دەرگاکەم بۆ کابرایەکی نەدیوو نەناسیوو کردەوە، ناومی لێ پرسیم و پێم وت و ئەنجا پرسی پێ‌کردم کە بێتە

chalakmuhamad@gmail.com

- (فەرموو) پێم وتوو بردم بۆ ژووری دانیشتنەکەو تکام لێ‌کرد دانیشێت، وا دیاربوو تۆزێك شەرمی ئەکرد و جگەرەیەکم دایەو دەستێکی هەر بە کلاوەکەیەوە بوو لەبەر ئەوە داگیرساندنی جگەرەکەی زۆر لاگران بووە کە ئەم کارە گەورەیەی کرد لێم پرسی گەر ئەیەوێت کلاوەکەی لەسەر کورسیەك بۆ دابنێم ئیتر خۆی بەخێرایی ئەمەی‌کردو چترەکەی لەدەست کەوتە خواری.

- (هیوام وایە لێم ببوریت کە وا بەم شێوەیە هاتووم بۆ لات) ئەو وتی (ناوم - ستیفەنس - ەو من پزیشکم واش بزانم تۆش هەرپزیشکی وا نی‌یە) - (بەڵی بەڵام من پزیشکایەتی ناکەم) من وەڵامم دایەوە - (ڕاستە ئەزانم، تازە کتێبێکتم لەبارەی - سپانیا - وە خوێندوتەوە ویستم هەندێ شتت لێ‌بپرسم لە بارەی ئەویوە)

- (بڕوا ناکەم ئەوەنە کتێبێکی باش بێت) - (خۆ ئەوە دەرئەخات کە تۆ شتێ ئەزانی لە بارەی - سپانیا - وە و منیش کەس ناناسم و ویستم تۆزێ زانیاریم بدەیتێ لەو بارەیەوە).

- (پێی خۆشحاڵ ئەبم)من وتم، ئیتر ساتێك بێ‌دەنگ بوو ئەنجا دەستی بردەوە بۆ کلاوەکەی‌و بەدەستێکی گرتبوو وە دەستەکەی‌تری پیا ئەهێنا وەکو ئەوکارە بڕوا بدات بە خۆی.

- (تکام ئەوەیە بە کارێکی ناشیرینی نەزانی کەوا نەفەرێکی نەدیوو نەناسیوو ئا بەم شێوەیە بێتوو بوو

دوینیت) تۆزێـك پێ خـەنیـو (من نیازم نی یـه چیرۆكی ژیـانمت بۆ بگێـرمـەوە) هەر كاتێ یەكێـك ئاوام پێ بڵێت ئەزانم كە بەڕاستی بە پیچـەوانـەی قسـەكـەیـەوە ئەكـات و منیش گوێی نادەمیو لە ڕاستیشا پێم خۆشە.

- (من دوو پووری پیـر گەورەیـان كردم و قەد بۆ هیـچ كوێیە نەڕۆیشتوم و شەش ساڵ ئەبێت ژنم هێناوە و منالم نی یەو پزیشكێكم لە - نەخۆشخانە. ی - كامبەرۆێك - و ئیتـر ناتوانم زۆرتـر دان بە خۆمـا بگـرم لەوێ). دەنگێكی كورتی تیژی هەبوو لەو ڕستانەی بەكاری ئەهێنان و چەشنە هیـزێكی تایـەتیـان تیـابـوو و تا ئەوكاتە لە تەماشاكردنێكی لالـووتی زیـاتـرم نەدابـوویـە بەڵام ئیستـا بە ئارەزووەوە تەمـاشــام كرد و بی‌نیم پیـاوێكی كورتی تۆزی قەڵـەو بوو نزیك سی (٣٠) ساڵێك ئەبوو دەمو چاوێكی خڕی ئاڵی پێوە بوو كە چاوە ڕەشـە بچكـۆلـەكـانی تیا ئەبریسكانەوە و قژەڕەشەكەی بە شیوەیەك داهێنابوو سەری وەكو فیشەكێك دەرئـەخسـت، قاتێكی شینی لە بەرابـوو لە كۆنیـوو بێ ئوتـوییی‌دا بە كەڵـكی بە كارهێنـان نەمـا بوو ئەژنـۆو گیـرفـانـەكانی ئاوسابوون. - (تۆ خۆت كاروباری پزیشكێ ئەزانی لەو چەشنە خەستەخانانەدا هەر ڕۆژێكی وەكو هەمو ڕۆژە كانی دیكەی وایەو ئەبێت هەمو ژیانم هەرئاوا ببینم، ئەنجا ئەوە ئەهێنیت؟) منیش پێم وت - (بەڵام ڕێبازێكە بۆ ژیان)

- (بـەڵێ ڕاستـە مووچـەكـەی زۆر باشـە) - (من هێشتا بەتەواوی نازانم تۆ بۆچی هاتووی؟) - ( لە ڕاستیا ویستم بزانم ئایا بەڕای تۆ هیچ دوا ڕۆژێك ئەبینی بۆ پزیشكێكی ئینگلیزی لە - سپانیا - ؟) - (بۆچی - سپانیا -؟)

- (خۆشم نازانم بەڵام هەر لە خۆمەوە ئارەزووم بۆ ئەوی ئەچێت)

- (بۆچی تۆ ئەزانی وەكو - كارمین -[4] وایە؟) - (خۆ پڕ. لە خۆرو مەیی چاك و ڕەنگە وجوانی و هەوای لێ هەیە بۆ هەڵـمـژیـن، با یەكسـەریش پێت بڵێم چیم ئەوێت، بە ڕێكـەوت بیستم كە هیـچ پزیشكێكی ئینگلیـز لە - سیڤیـل -[5] نی یە، ئایا تۆ بڵێی ژیانم بۆ ببریتە سەرلەنوێ؟ ئایا تۆ بە شێتی دائەنێت واز بهێنم لەئیشێكی مسوگەری باشی ئیرە بۆ ژیانێكی پەنهانی ئەوێ؟)

- (ژنەكەت ئەڵێ چی؟)

- (ئەو ئامادەیە بێت بۆ ئەوێ)

- (هەنگاوێكی مەترسی گەورەیە)

- (ئەزانم ،بەڵام گەر تۆ بڵێیت بڕۆ ئەڕۆم و گەر بڵێیت لە شوێنی خۆت بمینەرەوە ئەمینمەوە) چاوە ڕەشە گەشەكانی تێ بڕیبووم و هەستم كرد بە ڕاستیەتی، منیش تۆزێك بیرم كردەوە ئەنجا وتم:

- (ئەمـە مەسـەلـەیـەكە پەیوەندی بە هەمو دوا ڕۆژتە وە هەیـەو ئەبێـت خۆت بریـارێ لەسـەر بدەێت بەڵام من ئەوەنــدەت ئەتــوانم پێ بڵێم كە ئەگـەر تۆ مەبەستت پارە كۆكـردنــەوە نی‌یـەو قایـل ئەبـێـت بەوێ ئەوەنــدەت دەست كەوێت پێی بژیـیت ئەوا بڕۆ چونكە ئەتوانیت ژیانێكی زۆر دڵ گیر بەریتە سەر لەوێ)ئیتر بە جێی هیشتم و تا ڕۆژی دوو ڕۆژ ئەكەوتەوە بیرم و لە پاش ئەوە ڕووداوەكـەم لە بیر چوەوە. پاش چەنـد ساڵـێك پانزە ساڵێك ئەبوو بەلایەنی كەمەوە بە ڕێكەوت لە - سیڤیل - بووم و پیویستم بە پرسەیەكی پزیشك بوو و لە ئوتێلەكەم پرسی ئەگـەر پزیشكێ ئینگلیـز هەبێت لە شارەكـەداو وتیان هەیەو ناونیشانەكەیان دامێ‌و منیش تەكسی‌یەكم گرتوو هەر گەیشتمە بەر دەرگاكەی پیاوێكی كورتی قەڵەو هاتە دەرەوەو توزێك وەستاوو سڵەمیەوە كە چاوی پێم كەوت و وتی:

- (هاتووی بۆ لای‌من؟ من پزیشكە ئینگلیزەكەم) منیش پێم وت كە بۆچی چووبوومو داوای لێ‌كردم بچمە ژوورەوە، لە خانویـەكی - سپانی - ئاسایی‌دا ئەژیـا حەوشـەیـەكی لەبــەردەمـا بوو كە دەرگــای لێ‌نـورگـە - عیـادە - كەی ئەچــوەوەسـەر و لێ‌نورگـەكـەی پڕبـوو لە كاغـەزو كتێـبوو شتومەكی پزیشكیوو زۆر شتی بێ‌كەڵك كە هەندێ نەخۆش هەر چاویان پێ بكەوتایە تووشی ڕیشانەوە ئەبوون، ئەنجا لەپاش ئەوەی پێویستیەكەم جێ‌بەجێ بوو لێم پرسی ئەكاتە

چەند، سەرێکی ڕاوەشاندو خەنە گرتیو وتی
- (هیچ ناگات)
- (بۆ چی؟)
- (ئەی تۆ منت لە بیرنی‌یە؟ من بە هۆی ئامۆژگاری تۆوەوە لێرەم، تۆ هەمو ژیانمت بۆ گۆڕیم ،من - ستیڤەنس - م) من هەر نەمزانی باسی چی ئەکات، ئیتر بیری خستمەوە کە چۆن هاتبوو بۆ لام وەختی خۆیو چی یان باس کردبوو ئیتر تۆزە تۆزە ڕووداوەکە هاتەوە بیرم - (من هەر ئەم وت تۆ بلێیت جارێکی دیکە چاووم پێت بکەوێتەوەو ئاواتم بوو هەلێکم دەست بکەوێت تاکو سوپاست بکەم بۆ ئەو چاکی‌یەی لەگەڵما کردت)
- (کە وا بێ سەری‌گرت بۆت؟)
تەماشایەکم کردو بینیم زۆر قەڵەوتر بوو بوو قژیشی بە سەرەوە نەمابوو بەڵام چاوەکانی ئەبریسکانەوە لە خۆشی‌یا و ڕوومەتە پڕە ئاڵەکانی ناو دڵێکی بەختیاریان دەر ئەخست و جلەکانی بەری هەرێتی‌و نارێك بوو ئاشکرا بوو ئاشکرا بوو کە بەرگ دروویەکی - سپانی - بۆی دروویوو، کڵاوەکەش قەراغ پانە - سۆمبەریرۆ - کانی - سپانیا - بوو وا ئەهاتە بەرچاوم وەکو ئەوانەی شارەزایی‌یەکی تەواویان لەگەڵ مەی چاکا پەیداکردووەو سەرورووەکەی هەرچەندە بێخەوی پێوە دیاربوو بەڵام دڵ خۆشی لێ ئەباری، لەوانەیە لە کاتی پێویستیدا نەت هێشتایە ڕیخوڵە کیوڕەت بۆ لابەرێت بەڵام بۆ گفتوگۆیەکی دڵ گیرو خۆش و خوارد - نەوەی پەرداخی مەی هاورێ وەکو ئەوت باشتر دەست نەئەکەوت.
- (بێ‌گومان ژنت هەبوو؟)
- ( بەڵێ بەڵام ژنەکەم حەزی لە - سپانیا - نەکردو ڕۆیشتەوە بۆ - کەمبەروێل - ئەوێی لا خۆشتر بوو لێرە)
- (بەداخەوە) چاوە ڕەشەکانی خەنەیەکی پڕ خامۆشی بەختیاریان تیا ئەبینرا و دەموچاویم هەر وەکو - سایلینەس -[٦] یکی گەنج ئەهاتە بەرچاوو.
- (ژیان پڕە لە جێ‌گرەوەی‌تر) هێشتا وشەکانی بەتەواوی نەوتبوو ژنێکی - سپانی - نەك بلێ زۆر گەنج، بەڵام زۆر شۆخو جوان دەرکەوت لای دەرگاکەوەو بە - سپانی - قسەی لەگەڵا کردوو زۆر ئاشکرا بوو کە خانمی ماڵەکە بوو، کە - ستیڤەنس - دوعاخوازی لێ‌ئەکردم لای دەرگاکەیانەوە پێی‌وتم.
- (ئەوجارە کە هاتم بۆ لات تۆ پێت وتم گەر بێم بۆ ئێرە هەر ئەوەندە پارەم ئەبێت پێی بژیم بەڵام ژیانێکی بەختیار ئەبەمە سەر ئەنجا حەز ئەکەم دڵ نیات بکەم کە تۆ ڕاستت کرد، بەڵێ من دەوڵەمەند نیم و هەرگیزیش دەوڵەمەند نابم لە دواڕۆژا بەڵام بەخوا هیچ درێغی‌یەکم لەگەڵ خۆما نەکردوە و ئەو ژیانەی ژیاووم بەهی هیچ شایەکی جیهانی ناگۆڕمەوە!).

پەراوێزەکان

---

١ - ئەم چیرۆکەم لەم کتێبە وەرگرتوە:
W. SOMERSET MAUGHAM - COLLECTED SHORT STORIES
UOLOMEI (pp. 323 - 326) PENGUIN BOOKS LTD.,
HARMONDSWORTH, MIDDLESEX, ENGLAND.
٢ - چاکە کەرەکان واتە (مصلحین - REFORMERS)
٣ - ئەپارتمەنت، نیمچەخانوویەکە وەکو (شقە) یان (مشتمل)
٤ - بەپێی (ئینسایکلۆپید بریتانیکا) وشەی (کارمین) ناوی ئۆپراکەی جیورجی بیزی - یە یان چیرۆکەکەی - پروسپە - میری‌میەکە لە ١٨٤٥دا بلاوکراوەتەوە.
٥ - (سیڤیل) بەندەرێکی خوارووی - سپانیا - یە لە بەشی ئەندەلووسیادا.
٦ - (سایلینەس) لە بروا ئەغریقیەکانی کۆنە شێوەی مرۆڤێکی لەش ئاژەڵ ئەگرێتەوە (واتە بۆ وێنە - پیاوێکی شێوە مرۆڤ بەڵام گوێو قاچ و لاخ - بێ قژ بەڵام ڕیش دارە).
٧ - فیکتوریاو کامبەروێك دوو ناوچەی ناو لەندەنن

# دوو کورتە چیرۆکی بریتۆگارسیا

هێرش محمد ئەمین
کردوویەتی بە کوردی

## ١ - خۆگیردان بە مۆدەوە

ئێستا بحەوێنەرەوەو دانیشە زۆر نابات فرۆشیارەکە دێت و بۆت باس دەکات چۆن ئەو ئامێری تەلەفزیۆنەی لەلاتە لەگەڵ پێشکەوتنی ئەم چەرخەدا ناگونجێت و پێویستە لەسەرت ئامێرێکی نوێ بکریت، مەرجەکانیشی لە چەند چرکەیەك دا قبووڵ دەکەیت و واز لە ئامێرە کۆنەکەت دەهێنیت بەرامبەر دەیەکی نرخەکەی خۆیو قەناعەتیش دەکەیت ئەگەر یەك ڕۆژ بەکارت هێنا ئەوە بە قەدەر نرخەکەیەتی، کاتێکیش ئامێرە نوێیەکە بەکار دەهێنیت یەکەم تێبینیت ئەوەیە کە مۆدەی کاتژمێری دووی پاش نیوەڕۆ جێگەی مۆدەی کاتژمێری ١٢ی نیوەڕۆی گرتوەتەوە، ئیتر لەمەولا ناتوانیت بۆین باخە کۆنەکانت بەستیت، ناچار دەبیت تەلەفون بکەیت بۆ یەکێ لە کۆگاکان کە قەرزێکی نوێت بداتێ، ئەگەرهاتوو نەتوانی لە کاتی داواکراودا بیدەیتەوە دەبێت ئۆتۆمۆبیلە تایبەتیە کەتی بدەیتێ، بەڵام کۆمپیوتەری کۆگا بازرگانیەکە پێت - ڕادەگەیەنێت ئەو مۆدەیەی تۆ داوای دەکەیت کۆن بووە چونکە دوێنێ دەرچووە لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین ئەو قەرزەی داوات کردوە بتدەینێ پێویستە پەیوەندی بە یەکێ لە وەکیلەکانەوە بکەیت و پرسیاری مۆدە نوێکانی لێ بکەیت. . . وەکیلەکەش پرسیارت لێ دەکا بۆچی بەم تەلەفۆنە پیرە تەلەفۆنی بۆ دەکەیت، تۆش ناچار پێی دەڵێیت چی پارەت هەبووە خەرجت کردوەو ناتوانی کەلوپەلی ناومالەکەت بگۆری ئینجا ناچار دەبیت و پەیوەندی دەکەیت بە بەڕێوەبەرێتی باوەڕپێکراوی داراییەوە کە قبوڵ دەکات کەلوپەلی کۆنی ناوماڵ بکڕێت ئەویش بەنرخی لە سەدایەکی نرخەکەی بەمەرجێ کەفالەتێك پێشکەش بکەیت کە ئەمە کەلوپەلی نوێیەو لەگەڵ کاتژمێری دووی پاش نیوەڕۆدا دەگونجێت. . و کاتێ تەلەفۆن دەکەیت بۆ گۆڕینی بەستەلەکەکەت ئەبینیت تەلەفۆنەکەت کۆنەو بەکەڵکی بەکارهێنان نایەت، شوقەکەشت وردە وردە دەبێتە تاریکستان. . ئینجا ئەو کاتە



هەست دەکەیت ترس زاڵ بووە بەسەرتا لە ئەنجامی ئەو گۆڕانە خێراییانەی بەسەر مۆدەدا هات. . داکەندنی بۆین باخە کۆنەکەت بە تورەییەوەو سوتاندنی کەلوپەلی کۆن کە دوێنێ کڕیوتەو ئەو شتە کۆنانەی سەعاتێ لەمەوپێش پارەکەیت دا دادت نادات، چونکە ژنەکەت و منداڵەکانت بەرگی نوێیان لەبەرکردوەو بووکەشوشەی نوێیان پێیەو لە پشتیانەوە ئۆتۆمۆبێلی نوێو تەلەفونی نوێوکەلوپەلی نوێو تەلەفزیونی نوێو تەباخی نوێ. . بەڵام هەمووی تا پێنج سەعاتی تر دەخایەنێت. . کاتێك بەخۆت دەزانیت نووسەری نوێی دادگا خۆی دەکات بە شوقەکەداو

پێناسەکەت دەدڕێنێ و پێت ڕادەگەیێنێ کە بڕیارێك دەرچووە بۆ دەست بەسەراگرتنی موچەکەت و بەندکردنت بۆ ماوەی ١٠٠ ساڵ تاوەکو تەوانێت قەرزەکانت بدەیتەوە.

## ٢ - بەرێز هەستا لەخەو دڵ خۆشە

ئێستا ئەو تەنگوچەڵەمانەتان پیشان دەدەم کە بەرەو ڕوومان دەبێتەوە لەو ڕۆژانەدا کە بەرێز لەخەوهەڵدەستێت و دڵ خۆشە.

بەرێز دەچێتە سووچێکی پەرتووك خانەکەیەوەو پاسەوانە تایبەتیەکەی دەردەکات و پاش چەند خولەکێك بە بڕیارێك بۆمان دێتەدەرەوەو دەڵێت: پیشەسازییە سەرەکییەکان خۆماڵی کراوەو بەردەوامە لەسەر دوان دەربارەی بڕیارەکەو دەڵێت ئەمە یەکێکە لەو شتانەی کە لە دەستووردا هاتووە، لە ناموێی ئەم بڕیارە ترس دامان دەگرێت، باڵوێزەکان دەکەونە جموجوڵ نوێنەرەکانی فاتیکان و بەجێ‌هێنەران و وەزیرەکان و ژەنەراڵەکان هەموویان هەست دەکەن کە بەرەورووی جەنگێك دەبینەوە، بەڵام بەرێز. . ئاخ بەرێز، بڕیارێکی تر دەردەکات دەڵێت دەست بەسەر هەموو دەربەگە گەورەکان دا بگیرێت، بەزەردەخەنەیەکی نەرمەوە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە بڕیارێکی تریش هەیە لە بەرنامەی هەڵبژاردن دا ئینجا زەردەخەنەکەی سەرلێوی لادەچێت کە ئەم ڕستەیە دەڵێت «هەموو بەندە سیاسیەکان بەرەڵلابکرێن». . . دائیرەی پۆلیس نەمێنێت، سەربازگای بەندکراوەکان دابخرێت، ڕێگە بەدەرچوونی بڵاوکراوە قەدەغەکان بدرێت، لێکۆڵینەوەش بکرێت سەبارەت بە کوشتن و ئازاردان. .

بەرێز داوامان لێ دەکات لێ‌ی ڕازی‌بین و ئاشکرای دەکات و دەڵێت ئەم بڕیارانە لێیان کۆڵراوەتەوەو پێویست بە ئامۆژگاری هیچ لایەکی بیگانە ناکات.

ترس هەموو لایەك دادەگرێت نوێنەری بانقەکان هەوڵ دەدەن خەڵك ڕازی‌کەن بەوەی ئەمان لەسەر هەق بوون کە کۆمەکی ئەو هەڵبژاردنە بکەن کە بەرێز پێش هەڵبژاردن پێ‌ی‌هەستا. . باڵوێزەکان هەوڵ دەدەن جەماوەر تێ‌بگەیەنن کە وڵاتە دراوسێ بەهێزەکان بەم بڕیارانە ڕازی نابن، ژەنەراڵەکان دەست دەکەن بە شی‌کردنەوەی ئەم بڕیارانەو چۆنیەتی کارکردنەسەر هێزە چەکدارەکان، بەڵام بەرێز. . ئاخ بەرێز. . هەموومانی پشت گوێ خستووە، بڕیارەکانیشی وەك تیر بن و لە پەنجەرەوە بیانگرێت ئاوا دەریان دەکان، بەرێزی فەرمان دەردەکا بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی دەوڵەمەندی هەندێ لە وەزیرەکان و پێویستە هەندێ لە سەربازگای بەندەکان دابخرێت، ژمارەی قوتابخانەو زانکۆکان زۆر بکرێت، کرێ کەم بکرێتەوە، هاندانی کرێکاران بۆ زۆرکردنی بەرهەم، بەرێزان. . . ئەو تەنگوچەڵەمانەی تووشی بووین لە ئەنجامی گوێ‌گرتن بوو لەو وتە بەتاڵانە کە وردە وردە ڕزگارمان دەبێت لێیان و ئەو کاغەزانەی لەسەریان نووسراوە دەیان سووتێنین و هەوا فڕکان فڕکانیان پێ‌دەکات لە شەقامەکان دا. . . ئەوانەی ڕاستیش دەزانن دەست دەکەن بە خۆپیشاندان لە شەقامەکان داو ئینجا ڕەشاش دەست دەکات بەکاری خۆی کە بۆ ئەم کارە دروست کراوە.

**سەرنج: ئەم دووکورتە چیرۆکە لە ژمارە سێ گۆڤاری (اسفار)ەوە وەرگیراوە.**

**لویس بریتو گارسیا**

**لە چەند دێرێك دا**

● لە ساڵی ١٩٤٠دا لە کاراکاس (فەنزویلا) لەدایك بووە.

● لە ساڵی ١٩٧٠دا خەڵاتی «کازادی لاس ئەمەریکاس»ی بۆ کۆمەڵە ڕۆمانەکەی (داخاتابلا) وەرگرت، هەمان خەڵاتی لەسەر ڕۆمانی (ابرا بالا برا) وەرگرت.

ئەوەی شایانی باسە ئەم نووسەرە پارێزەرەو شارەزایە لە زانستی کۆمەڵایەتی‌دا.

● لەمیانەی ئەم دوو کورتە چیرۆکەوە نووسەر کورتەیەکی ژیانی ئەمریکای لاتینیمان بەشێوەیەکی ناخۆش و ترش و تاڵ و گاڵتەوە پیشان دەدات.

# نەورۆزو چەند یادگارێك

## تابلۆی دوو ساڵ

○ نووسینی: دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول ○

### نەورۆز دوو یادگار

تا ئێستا چەند جار لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردی یەکاندا، باسی ئاهەنگەکانی کۆنی نەورۆز کراوەو چەند کەس یادگاری شیرینیان دەربارە کراونەتەوە.

«بەیان»یش شادمانە کە لە ڕێی یادگاری سەردەمی تونایتیی دوو نووسەری ناسراوسانەوە بچێتە ناو ئەو مەیدانەوە و چەند وێنەیەکی رابوور دوو و ئەو جەژنی نەورۆزە بگەیێنێتە خوێنەرانی نەورۆزێك کە هەر تازەیەو هەرنەورۆزەو بە یادکردنەوەی کۆنیشی تازە ئەبەخشێ.

(بەیان)

چەنــد جارێ باسی ئاهــەنگی نەورۆز گێـڕانی ساڵی ١٩٤٦ کراوەو باسی ساڵی ١٩٤٧ نەکراوە. جارێك برای شاعیرمـان کامـەران موکـری لە تەلـەفـزیۆنی کەرکووك ئەو یادگـارەی ساڵی ١٩٤٦ی گێـڕایـەوە، پاش ئەوەی یادگـار گێڕانـەوەکـەی ئەو لە تەلـەفزیۆندا بینرا، پێی وتم: داخم ناچێ، تۆم لە بیـرچـووە کە ئەبـوو هەر لەبـەر مەغـزای ئەوبەشداری‌یەی ئەوساو ئەو تەمەنەت لە بیرم نەچووایەوە، کەچی وا دیـارە لە ژمـارە (٣٠)ی کاروانیشـدا (کـامیـار) نەبووم بە لە بیرنەچوونەوەی.

ئەوەی کاك مستـەفـا گێڕاوی‌یـەتـەوە وایـە ـ بەڵام ئەبێ شتێکی لێ زیاد بکەم:

ساڵی ئەو ئاهەنگی نەورۆزە، وەك کاك مستەفا ئەڵێ، پێکەوە لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بووین، بەڵام وەك هەموو لە یادیـانــە، من لەبــەر ئەوەی زووو پێش کاتــی خۆی چووبوومە قوتابخانەو وەرگیرابووم، چ بە تەمەن و چ بە باڵا بچووکترین قوتابیی ئەو دەمەی قوتابخانەی پێنج پۆلی‌یەکی تاقە (سانەویی) سلێمانی بووم هەر لەبەر ئەوە رێك خەرو لێپرسراوی ئەو ئاهەنگە برای کۆچ کردوومان عومەر کەریم عەزیز زۆری پێ‌خۆش بوو پێشکەشە جەماوەری شارەکەم بکات.

هۆ زۆر بوو، کە ئێمــە مانــان هەر لەو سەردەمــەو لەو تەمەنە بچووکەدا بچینە ناو کۆڕی تێکۆشانی نیشتمانی‌یەوەو بە پێی بارو تەمەنی خۆشمان ئەرکی خۆمان پێ بسپێرێ.

بۆ ئەو نەورۆزەش کەرەسەکەم وتارێکی بچووك بوو کە پڕ بوو لە خوێــن گەرمـیــی گەل و خاك و نەتــەوە پەرستی (ن. ئـاری)ی مامم بۆی نووسیبـووم. شیـوەکـانیش بەڵێ ـ شیوی شێخ سەلام بوون:

زۆر جاری تر گێڕاومەتەوە کە مامم لەو تەمەنە دا چەند جارێ ئەیبردمەماڵی شاعیری مەزن ڕەمزیی مەلا مارف و ئەویش وەك کورەکـانــی خۆی فێـری هونـەری شیعـر خوێنـدنـەوەی ئەکـردم. ئەو شیعرانەم لەبەر کردبوو ڕەمزی ئەفەندیی نەمر چەند جار لە خوێندنەوەیدا تاقیی کردبوومەوە.

کاك مستــەفــا باشی لە بیرە، کە کاك عومـەر بە ناوی بچووکتـرین قوتـابیی قوتـابخانەکەوە پێشکەش خەڵکەکەی کردم وبوو بەچەپڵە لێدان و دەستم کرد بە خوێندنەوە، لە خەڵکەکەوە دیار نەبووم، مێزەکە لە باڵای من بەرزتر بوو. کاك عومـەر هەڵیگـرتم و خستمیـە سەر مێزەکـەو بەپێی‌یەوە لەسـەر ئەوێ وەستـام و بەوەم چەپڵە ڕێـزانی خەڵکەکەوە لە خوێندنەوە بوومەوە.

بەڵام ئەوەی لەم کارەدا مەغــزای گەورەی هەیــە، هەر بەشـداریی بچووکتـرین قوتـابیی قوتابخانەکە نی‌یە، بڵکو ئەوەیە کە (پیرەمێرد) لە ڕیزی پێشەوە دا دانیشتبوو، وەك لەو جارانــە دا باسکـراوە، شاعیـران و قوتـابیان و وتارو شیعری خۆیان خوێندەوە، پیرەمێرد ڕایگەیاندبوو کە شیعرو وتاری نی‌یە، بەڵام کەمی لێ‌بوومەوە ئیشارەتێکی کردوو وتاری نی‌یــە، بەڵام کەمی لێ بوومـەوە ئیشـارەتێکی کردوو هات سەر مینبەر، یا بڵێین بەردەمی مێزی قسەکردنەکەو هەر بەو شێوە شل و شێواوەی قسـەی پێ ئەکردو وتی:

ـ خەڵکینــە، من نەمئـەویست قسـە بکـەم، ویستم ئەمجـارە قسـە بدەمـە دەست لاوان، بەڵام خوێن گەرمیی ئەم منداڵە هێنامی‌یە قسە، ئیتر مادام من بە چاوی خۆم دیم، منــداڵێکی بچــووکی کورد بەم کوڵ و دڵـە هاواری کوردستـان ئەکـات، ئیتر با من بمرم، با پیرەمێرد بمرێ، چونکە هەر لاوان نین، منداڵانیش هاواری میللەتیانە.

کە ئاهــەنــگ برایــەوە دنیـا بوو بەشــەو، هەریـەکـە ڕاسپێـررابـووین لەماڵەوە شاپڵیتەیەك دروست بکەین، ئەوە بوو هەر یەکە شاپڵیتەی خۆی کرد بەو تەنەکە نەوتانەدا کە ئامـادە کرابـوون و دەیـان یا سەدان شاپڵیتـە گیـری گرت و خۆپیشــانــدانی مەشخــەڵ هەڵگر کەوتـە ناو شارەوە. بۆ ئەوەشیـان هەر دەبێ بیگێـرمـەوە، کە تواناو باڵای شاپڵیتـە

هەڵگرتنیشم نەبوو، پاش کەمێك ڕۆیشتن خەریك بوو کارەساتێ لە خۆم یا لە هاوەڵێکم بقەومێنم، مامۆستا وەدیع فە تحوڵڵا میرزای بەڕێوەبەرمان کە لەگەڵماندا ئەڕۆیشت چاوی لێ بوو وا شاپلیتەکەم لە دەست ئەکەوێت، ئیشارەتێکی دا لە قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سانەوی، کاك عەبدوڵڵا شالی پەلاماری شاپلیتەکەی منی داو خۆی لە ڕیزی ڕێکەخرانی ئاهەنگ و خۆپیشاندانەوە هاتە ڕیزەوەو لە جێی من شاپلیتەکەی منی هەڵگرت.

هەرچی هاوڕێ هوتافی ئەو شەوەو باسی موتەسەریفی ئەو کاتە مەعرووف جیاوك و بۆ سبەینی هاتنە قوتابخانەو وتار خوێندنەوەیەتی، ئەوە دەرفەتێکی بری ئەوێ.

چ کاك مستەفا وچ برایانی تر کە باسی ئەم نەورۆزانە ئەکەن، دیارە یا ئاگادار نین یا لە بیریان چوتەوە کە ساڵی ١٩٤٧ یش بێ ئاهەنگی نەورۆز نەبوو. تەنانەت لام سەیرە کە برایەك نووسیبووی ساڵی ١٩٤٧ لەبەر بەداراکردنی چوار ئەفسەرەکە نەپیرەمێرد نەکەسی تر ئاهەنگی نەورۆزیان نەگێرا. ئەمە لە کاتێکدا کە نەورۆز لە ٢١ی مارتدایەو ئەو چوار ئەفسەرە لە (١٩)ی حوزەیراندا - کەبوو بە ڕۆژی کۆچی پیرەمێردیش - بە دارا کران.

ساڵی ١٩٤٧ زۆر هۆ بوو کە دیارە ئێمە لەو تەمەنە دا باش تێی نەئەگەیشتین، یا ئاگاداری نەبووین، وایان کرد ئاهەنگی نەورۆز زۆر گەورە نەکرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەسەر گردی مامە یارە کۆمەڵێ خەڵك کۆبوونەوەو ئاهەنگی نەورۆز یا کۆبوونەوەیەکی بچووك بۆ نەورۆز ساز درا. دیار بوو یا کارو تەئسیری نەورۆزەکەی پار یا ئەو سووکە پێوەندی یەی لەو تەمەنە دا لەگەڵ بزووتنەوەی نیشتمانیدا پەیدامان کرد بوو وایکرد کە زووتر بە منیش بڵێی، شتێك بۆ نەورۆز ئامادە بکەم. دیار بوو کە ئەو ئاهەنگە لقی (ژ.ك)ی ئەوسا لە سلێمانیدا دەستەی‌تر ڕێکیان خستبووە. هەڵسوڕێنەری کۆبوونەوە پێشکەش کەری بەندەکان کاك عومەر عارف بوو.

(مەدهۆش)ی شاعیر، هەمیشە لە ڕیزی نیشتمانپەروەریدا بووەو لە مەیدانی تێکۆشان و فیداکاریدا شوێنی دیارە، بەڵام ئەمە لای مەدهۆش کردار بووەو نەبووە بە شیعر، لەبەر ئەوە شیعری سیاسی کەمە. یەکێك لەو شیدانەیی لەو کۆبوونەوەیەدا خوێندەوە، بە تەواوی، واتە بێ ئەو لابردنانەی لە بڵاوکردنەوەی شیعرەکاندا لە گەلاوێژدا دەبینرێ. . بێ بەوەزیر، میرم سەرۆکی یانەیە. . . هتد. . ، ئەوەی لە یادم ناچێت دووا هاواری کاك عومەر عارفە «بژی چینی کریکاری جیهان» زوربەمان یەکەمجار بوو ناوە لاتینی‌یەکەی ناو ئەو هاوارە ببیستین.

وەك وتم، ڕۆژێ پێشتر ئاگادار کرابووم، نازانم خۆم لا گەورە بوو بوو یا شتێکی تر بوو، وای لێکردم ئەم ساڵە شیعری خۆم بخوێنمەوە، ئێستاش کە ئەو دێر، ساکارانەم دێتەوە یاد شەرم دەمگرێ، نازانم چۆن ڕووم هاتووە یا ئێهتا حساب لەگەڵ کاك عومەر بکەم چۆنی لێ قبووڵ کردووم، بەڵام بەرخوردار بن، زوربەی هاوەڵەکانم لەبەر چەپلە لێدان گوێیان لە شیعرەکانم نەبوو و ئەبێ دڵم بەوە خۆشبێ کە بەرامبەر بەفریشتەی شیعر شەرمەزار نەبووم کە ئەو کۆمەڵە دروشمە ساکارم خستبووە ناو چوار چێوەی کێش و قافیەوە.

کە لێ بووینەوە هەر لە گردی مامە یارەوە بە نیمچە خۆپیشاندانێك (بێ دروشی نووسراوە ئاڵا)وەو بە سروود وتنەوە هاتینەوە ناو شار، لە گردی مامە یارەوە بۆ سابوونکەران وبۆ جادەی تازە (شەقامی مەولەوی ئێستا) تا گازینۆی قوتابیان (بەرامبەر بە بیناکەی ئێستای تۆفیق قەزاز). هەر لە وێدا کاکە عومەر فرمانی بڵاوبرونەوەی دا ئەمجارەیان کە مبووین، بەڵام ئەگەر لە دەرفەتێکی تردا لە ڕوانگەیەکی ترەوە بێینەوە سەر باسکردنی هەندێ ئەنجامی وردو قووڵ دەرئەخەین.

سوپاس بۆ کاك مستەفا کە فرسەتێکی بۆ دروست کردم لە ڕێی هەندێ یادگاری خوێیەوە بێمە ناو جیهانێکی گشتی‌و یاد کردنەوەی دوو تابلۆوە کە هێشتا نەخشە نەکێشراون.

# دووایادگاری

# پیرەمێرد

# نەمر

○ مستەفا سالح کەریم ○

نەورۆز، ئەو ڕۆژە پیرۆزەی کە بۆتە مایەی شانازیو سەربەرزی گەلی کورد، ڕۆژێکی نوێیە لە ڕۆژانی سەرکەوتن و نیشانەیەکی پرشنگدارە بۆ خەباتی شۆرشگێرانەی نەپساوی ئەم میللەتە.

ئاهەنگەکانی ئەم جەژنە نەتەوەییە قەرزاری کەڵە شاعیری کورد [پیرەمێرد]ە کە زۆربەی لاوانی کورد، بەتایبەت لە شاری سلێمانیدا بەهۆی ئاهەنگەکانی ئەوەوە

خۆشەویستی ئەم ڕۆژە مەزنە لە دڵ و دەروونیانا چەکەرەی کرد، خوێنەرانی کوردیش لە ڕێی شیعرەکانی‌یەوە کە بۆ نەورۆزی گوتون زیاتر شەیدای‌بوون.

هەموو ساڵێك لەو ڕۆژەدا لە کاریزی وەستا شەریف و گردی مامەیارە لە شاری سلێمانی، پیرەمێرد ئاهەنگی تایبەتی سازدەکردو ئەو ناوە پردەبوو لە زەردو سوورو بەرگی ئاڵاو واڵاو مەنجەڵە یاپراخ و قۆری ڕەنگاورەنگ و سەماوەری وارشاو، هەڵپەرکێ و گۆرانی، لاوانی دەهێنایە جۆش.

دووا ئاهەنگی - پیرەمێرد - نەورۆزی ساڵی ١٩٤٥ بوو، واتە چل و یەك ساڵ لەمەو بەر، ئەم جەژنەیان جۆرە چێژێکی تایبەتی هەبووە، چونکە پێوەندی بە ڕووداوێکی سیاسی و ئەدەبی گرنگەوە هەیە:

نووسەرێکی ناودار ساڵی ١٩٧٣ لە کۆڕێکدا بۆی گێرایەوە وتی: «ئەو ساڵە فایەق بێکەسی شاعیر، شیعرێکی جوانی نووسیوو چەند جارێك بۆی خوێندبوینەوە زۆر کاری تێکردبووین، بەڵام شیعرەکە هێشتا دەماودەم نەکەوتبوو، ئەو ڕۆژەی کە ئێمەش ڕوومان کردە مەڵبەندی ئاهەنگەکەی خاڵە (پیرەمێرد)، ئەدمۆنزیش لەوێ ئامادەبوو، چوومە نزیك بێکەسەوەو پێم گوت:

فایەق، وەختیەتی، ئیمرۆ نەورۆزەو شیعرەکەت بۆ ئێستاو لەم کاتەدا یەکاویەکە.

بێکەسیش چوە بەرانبەر ئەدمۆنزو شیعرەکەی دەست پێکرد

بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم

بە نان و ئاوو جل و بەرگی خۆم[1]

دیارە ئەبێ خوێنەر ئەوە بزانێ ڕووبەڕووی نوێنەری ئینگلیز خوێندنەوەی شیعرێکی وا چ جۆرە هەڵوێستێکی مەردانەی شاعیر بوەو چ کارێکی کردۆتە سەرجەماوەرو چ شوولێك بوە بە لووتی نوێنەری بەریتانیای گەورەدا کێشراوە؟.

ئەم ئاهەنگە دووا ئاهەنگی نەورۆز بوو کە پیرەمێرد سازی بکات و سەرپەرشتی بکات، چونکە ساڵانی لەوەو دووا هەرجارەو نەورۆز بە شێوەیەکی جیاواز بە ڕێ کراوە، وەك لەمەو دووا باسی دەکەین.

ڕاستیەکەی ئەوەی هانی‌دام لەم کاتەدا ئەم وتارە بنووسم[2] ئەو دوو وتارە بوون کە لە ژمارە (٣٠)ی گۆڤاری (کاروان)دا بڵاو کرابوونەوە کە هەردووکیان بریتی‌بوون لە گێرانەوەی چەند بیرەوەرییەك دەربارەی ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز لە شاری سلێمانی. لەبەر ئەوەی ئەو ئاهەنگانە بەشێکن لە لاپەڕەکانی مێژووی هاوچەرخمان بە پێویستم زانی ئەگەر هەندێ ڕووداو بە هەڵە تۆمارکرابێ یان هەندێ لایەن فەرامۆش کرابێ بیان خەمە بەرچاو.

* * *

«بیرەوەرییەکانی مامۆستا کامیار»

لە لاپەرە ٢٥و٢٦ی ژمارە (٣٠) کاروانا بە ناونیشانی [بیرەوەریم دەربارەی نەورۆز نەورۆزو هەڵوێست] وتارێك لە نووسینی [کامیار] بڵاوکرابووەوە، هەرچەندە ئەو خوێنەرانەی شارەزای ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەن یەکسەر دەزانن کە ئەو نووسەرە کێیە، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی وای بەباش زانیوە بەو ناوەوە بیرەوەرییەکان بگێڕێتەوە ئێمەش ڕێز لە خواستەکەی دەنێین.

مامۆستا کامیار لەو بیرەوەرییەدا باسی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦ دەکات کە بۆ یەکەمین جار لە گردی مامە یارەوە هێنرایە هۆڵی قوتابخانەی سانەوی کوران (٣)، وە بە وردی باسی ئەو ئاهەنگە خنجیلانەیە دەکات کە قوتابیان سازیان کرد، ئەوەی ڕاستی بێ من بەش بە حاڵی خۆم لە تەك هاوڕێکانی ئەو سەردەمەمدا لەو ئاهەنگەدا بەشداربووین، ئەو کاتە قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندی بووم، یەکەمین جاریش بوو ئاهەنگی وا ببینم کە قوتابییان سەرپەرشتی بکەن و هەڵی‌بسووڕێنن و نێرگس و باسووق بە سەر میوانەکاندا دابەش بکەن.

نووسینەکەی مامۆستا کامیار گەلێك بیرەوەری لای ئەوانە

دەوروژێنێ کە بەشداری ئەو ئاهەنگەیان کردو لە ئێوارەدا بە شاپلیتەی داگیرساوەوە شاری سلێمانی‌یان کرد بە چراخان و چەند سەعاتێك بە شەقامەکانا بە سروود خوێندن و هیتاف کێشانەوە گەڕان.

دەشێ مامۆستا کامیار هەندێ شتی لە بیرچوبێتەوە یان لە کاتی نوسینـەکـەیدا لە یادی نەبـووبێ، وەك دەشڵێن: [بیری منالی تیژە] بۆیە بە پێوسیتم زانی وەك ئەمانەتێکی مێـژوویـی، ئەوانـەی لە بیـرم ماون بیـان دەمـە تەك بیرەوەرییەکانی مامۆستا کامیار.

١ ـ مامـۆستـا ئەڵێ: «من و نووسـەری کورد محرم محمد أمین وتا... د»

لێـرەدا ناوی برادەرێکی لە یاد چوە کە داینـەمـۆی ئەو ئاهەنگە بوو، ئەو سەردەمە قوتابی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی و سەرۆکی چەنـد لیـژنـەیەك بوو لە قوتابخانەکەدا، لاوێکی چالاك و ڕوناکبیرو دڵسۆز کارامە بوو، کە ئەویش مەبەستم خوالێخۆشبوو [غەفوور ڕەشید داراغا]یە.[٤]

٢ ـ هەر لەو ئاهەنگەدا مامۆستا د. عزالدین مستەفا کە ئەو دەمـە پێکـەوە لە پۆلی یەکـەمی ناوەندی بووین، کورتە وتارێك و شیعرێکی شێخ سەلامی خوێندەوە، ئێستاش لە بیـرمـانـە کە نەدەگـەیشتـە باڵای مێزەکـە، لەبەر ئەوە خوالێخـۆشبـوو مامۆستا عومەر کەریم عەزیز دەستی‌دایە بن باڵی و بڵندی کردەوە و لە سەر مێزەکەی دانا.

٣ ـ مامـۆستـا کامیـار پەنجـە بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە بێکـەس و أ.ب. هەوری لەو ئاهـەنگـەدا شیعـریـان خوێنـدەوە، بەڵام باسی شیعـرەکـان ناکـات، لە یادمـە بێکـەس ئەم شیعـرەی خوێنـدەوە [بـەهـار نامەوێ جوانیت ببینم]. مامۆستا هەوریش [ابو بکر شێخ جەلال ـ أ.ب. هەوری] شیعـرێکی خۆی خوێنـدەوە بە ناونیشـانی [ئـەی کورد، هەڵی‌تەکێنە ڕەنگینە کوڵت!]

٤ ـ لەو کاتـەوە قوتـابیـان بە شاپـەلیتـەوە لە قوتـابخـانـە دەرچـوون تا ئەو ساتـەی بڵاوەیـان لێ‌کـرد، بەڕێوەبـەری قوتابخانەی سانەوی مامۆستا وەدیع فتح الله لە تەکمانابوو، دەتـرسـا لەوەی قوتـابیـەکـانی تووشی گێچـە لێ‌بکـرێن، مامـۆستـایـەکی دڵسـۆزو لێ‌هـاتـوو بوو، ئەو هەڵـوێستـە جوامێریەی تا ئێستاش لە مێشکما چاپ بووەو هەرگیز لە بیرم ناچێتـەوە، ئەمـە لە کاتێکـدا کە لەمـەودوا تووشی چەنـد بەڕێوەبەرێکی وا بووین هەڵوێستەکانیان زۆر پێچەوانەی ئەو دڵسۆزیەی مامۆستا وەدیع بوون.[٥]

ئەمـانـە چەنـد سرنجێکی بچـووك بوون دەربـارەی بیـرەوەریـەکـانی مامـۆستـا کامیـار کە هەرگیـز لە نرخی نوسینەکەی کەم ناکەنەوە. لە کۆتاییشدا ڕاستیەك هەیە دەبێ بیسەلمێنین ئەویش ئەوەیە کە مامۆستا کامیار دەڵێ:

«ویستمـان نەورۆز لە خاڵـە پیرەمێـرد بسێنینـەوە تا...د» دەپرسین:

ـ ئاخۆ ئەگەر پیرەمێرد بیویستایە بەرهەڵستی [ئەو ویستە] بکات، تۆ بڵێی نەیتوانیایە وەك ساڵانی ڕابوردو ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لە گردی مامەیارەو کارێزی وەستا شەریف ساز بکات؟

پێم وا بێ ئەگـەر بیـویستـایـە دەیتـوانی بە ئاسـانی هەڵیسـوورێنێ، بەتـایـبەتی خەڵکـەکـە لە سەر ئەوە ڕاهـاتبـوون کە ئەو ڕۆژە جەژنـەو دەبێ لەو سەیـران و ئاهەنگەدا بەشدار بن.

دیارە لەو شوێنە پان و بەرینەشدا زیاتر تاسەیان دەشکێ تا هۆڵێکی بچکۆلەی قوتابخانەیەك کە لە توانایدا نەبوو ئەو هەموو خەڵکە بگرێتە خۆی‌و تینویەتی جەماوەر بشکێنێ.

بەڵام ئەوی ڕاستی بێ (پیـرەمێـرد) خۆی بەوە شادمـان بوو کە بینی نەوەی نوێ توانـای ئەوەی هەیـە ئاڵاکـەی بە سەربـەرزیـەوە لێ وەربگـرێ‌و لاوان بە عەشقـەوە ئاهەنگی نەورۆز بگێـڕن ـ بەڵام لە چوارچێـوەیـەکی نوێ‌دا ـ، بۆ ڕاستی ئەمـەش ئەوەتـا مامـۆستـا کامیار بە ستایشەوە باسی هەڵـوێستـە پیاوانـەکـەی پیرەمێرد دەکـات، کە خۆی و گۆچـانـەکـەی‌و سدارەکـەی بە کوڵێ هیـواو ئاواتی سەوزو سوورەوە ئامـادەی ئەو ئاهـەنـگـە بوو، زۆریش بەوە شادمان بووە کە بەری ڕەنج و تەقەلای چەند ساڵەی ئاوا بە

چاوی خۆی بینیوه.

«بیرەوەرییەکانی مامۆستا عەبدوڵلا بەرزنجەیی»

لە هەمان ژمارەی گۆڤاری (کاروان)دا لە لاپەرە ٢٧و٢٨دا مامۆستا عەبدوڵلا بەرزنجەیی وتارێکی بە ناونیشانی [لە بیرەوەری ڕۆژی جەژنی نەورۆز]دا بڵاوکردبووەوە، لەبەر ئەوەی ئەم وتارەیان بە پێچەوانەی بیرەوەرییەکانی مامۆستا کامیارەوە بوو، وەك ئەو تییدا نەژیاوەو پشتی بە واتەی دەماودەم بیستوە، لەبەر ئەوە کە لەبەری گەورەی وای تێدا بوو پێویستی بە پرکردنەوە بوو، بۆیە بە چاکم زانی ئەوەندەی لێ ی بە ئاگام ئەو کەم و کوڕییانە ڕاست بکەمەوە:

١ - مامۆستا بەرزنجەیی لەو نووسینەدا ئەڵێ:

«هەربۆیە لە ساڵی ١٩٥٠دا لە شاری سلێمانی کۆمەڵێك لە لاوان و خوێن گەرمانی ئەو شارە خۆیان ئامادە کردبوو، بۆ ئەوەی یادی ڕۆژی جەژنی نەورۆز بکەن و ئەو جەژنە یە بکەن بە جەژنێکی سیاسی، چونکە پێشتر مامۆستای بەرزو نەمر خوا لێخۆشبوو پیرەمێردی کورد خۆی هەموو ساڵێك وەك جەژنێکی فۆلکلۆری یادی ئەو ڕۆژەی دەکردەوەو مەنجەڵە دۆڵمەی دەبرد بۆ گردی (مامەیارە) بەڵام ئەو ساڵەیان وەك وتمان لاوانیش بە شێوەیەکی ئاشکرا دەیان ویست ڕوخسەت لە میری وەربگرن و جەژنەکەیان فراوانتر بکەن».

أ - ئەو ساڵەی لاوان ویستیان نەورۆز بکەن بە جەژنێکی سیاسی ساڵی ١٩٤٦ بوو نەك وەك مامۆستا کە ساڵی ١٩٥٠/ی داناوە[٦]

ب - دوا جەژنێك کە پیرەمێرد ئاهەنگی بۆ گێرا، نەورۆزی ساڵی ١٩٤٥ بوو وەك لەمەو بەر باسمان کرد.

حـ لە هیچ کەسێکم نەبیستوە ساڵی ١٩٥٠ لە سلێمانی لاوان [ڕوخسەتیان لە میری] وەرگرتبێ و ئاهەنگی نەورۆزیان کردبێ بەتایبەتی دوای کپ کردنی دەنگی میللەت و کوژاندنەوەی گڕو کڵپەی ڕاپەرینی کانونی دووەمی ١٩٤٨ وشاڵاوی ئیرهابی عورفی کە زیندانەکان لە قوتابیان و لاوان و ڕوناکبیران چێواخن کرابوون، زۆربەی ئەوانەی لە ئاهەنگەکانی نەورۆزا دەنگیان ئەهات و دیاربوون، ئەو کاتە یان بە دەرەوە نەبوون یان لە بەندیخانەکاندا بوون شیاوی باسەکە پیرەمێردیش ئەو سەردەمە کە نەخۆش نەخۆشی بوو، وە هەر لەو ساڵەدا ڕۆژی ١٩٥٠/٦/١٩ سەری نایەوەو کۆچی دوایی کرد.

٢ - ئەمجا مامۆستا بەرزنجەیی لە سەر بیرەوەریەکانی دەڕوات و دەڵێ: «برادەرێك بۆی گێڕامەوە وتی: لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی بووین خۆمان ئامادە دەکرد بچین بۆ یادی ڕۆژی جەژنی نەورۆز [واتە بە قسەی مامۆستا عەبدوڵلا نەورۆزی ساڵی ١٩٥٠ - م - س - ك -]» پیرەمێرد لەولاوە خۆیی و گۆچانەکەی هات بۆناومان وتی: دەی بە قوربانتان بم لاوان...

ئێمەش تێکرا وتمان: خاڵە دەی هەر دەڵێ ی نەورۆز، نەورۆز فەرموو شیعریکمان بۆ بڵێ و... پیرەمێرد وتی:

ڕاوەستن بابچم بۆ لای کاکە، لەو لاوە هاتەوە قەڵەمەکەی دەرهێناو تەنانەت کاغەزیشی پێ نەبوو، پارچەیەك کاغەزی لە زەوی هەڵگرتەوەو واش بزانم مقەبای پاکەت بوو دەستی کرد بە نووسین و دایە دەستمانەوە.. کە خوێندمانەوە ئەو سروودە نەمرە بوو کە دەڵێ:

**ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە**

**جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی‌و بە هاتەوە**

ئێمەش هەر لەوێ دامانە دەست کاك صالح دیلان تا ئاوازی بۆ دابنێ و کاك قادر دیلانی براشی مۆسیقای بۆدانا و ڕۆژی دوایی لە یەکەم دەست پێ کردنی ئاهەنگی نەورۆز بەو سروودە نەمرە کرایەوە».

أ - هەموو ئەدیب و نووسەرو ڕوناکبیرێك باش ئەوە دەزانێ کە سروودی [ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە]ی پیرەمێرد بەرهەمی ساڵی ١٩٤٨/٥ نەك وەك برادەرەکەی کاك عەبدوڵلا گێڕاویەتیەوە کە گوایا بۆ نەورۆزی ساڵی ١٩٥٠ گوتراوە.

هەر چەندە ئەمە حەقیقەتێکە پێویستی بە مشتومڕ نی یە

بەڵام هەروا بۆ سەلماندن چەند سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی نووسراوو چاپکراو دەخەنیە بەر چاو:

* د. عزالدین مستەفا دەڵێ: «دوای راپەرینەکەی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨وازی لە گریان هێناو بە دیارمەزاری کاروانی نویێ» شەهیدانەوە فرمێسکی هەڵنەڕشت، لەکاتێکدا کە لەوەو پێش زۆری شیوەن بۆ کردن، وا ئەم جارەیان دەڵێ:

**پیێ ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین**

**نامرن ئەوانە، وا لە دڵی میلەتا ئەژین.[٧]**

هەرچەندە ڕاکەی د. عزالدین لەلای مامۆستا فەرەیدوون عەلی بۆتە جێی سرنج و لەسەر لێ‌دوان، بەڵام ئێمە لێرەدا ئەوەی مەبەسمانە ئەوەیە کە د. عزالدین ئەڵێ: «دووای ڕاپەرینی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨.

* مامۆستا فەرەیدوون عەلی ئەمین دەڵێ:

«دووا شیعری بۆ نەورۆز، ئەوەی نەورۆزی ساڵی (١٩٤٨)»

کە لە هەمویان بە ناوبانگترەو ئەڵێ:

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە[٨].

ب ـ ئەو ڕووداوەش هەڵەیەو شتی وا ڕووی نەداوە کە پیرەمێرد لە مارتی ١٩٥٠دا بێتە بەردەرکی سەراو لاوانیش بەو پەلەپەلە داوای شیعری لێ‌بکەن و ئەویش لە سەرپشتە پاکەت [ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە]یان بۆ بنووسێ.

حـ ـ ئەوەشیان هەر وا نی‌یەکە گوایا خێرا درایە دەست کاك ساڵح دیلان تا ئاوازی بۆ دابنێ‌و کاك قادریش مۆسیقا تا... د.

د ـ ڕاستی ئەم مەسەلەیە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

هەرچەندە ماوەیەکی دوورودرێژە برادەری مامۆستا حەمە ساڵح دیلانم و لە نزیکەوە دەیناسم، چەند جارێکیش باسی ئەو شیعرەی بۆ کردووم، بەڵام ئەمجارەیان بۆ زیاتر دڵنیایی‌و بۆ ئەوەی وەك بەڵگەیەکی مێژوویی بپارێزرێ، داوام لە (دیلان)کرد کە ئەو مەسەلەیەم بە نووسین بۆ یەکالا بکاتەوە، پێش ئەویش لە برای شاعیر مامۆستا کامەران موکریم پرسی: وتی: ڕاستیەکەی لە هەموومان باشتر کاك حەمە ساڵح دیلان ئاگاداری نووسینی ئەو شیعرەیە.

ئەمجا مامۆستا حەمە ساڵح دیلانی شاعیر لە نووسینەکەیدا لەم بارەیەوە دەڵێ:

«لە سەرەتای مانگی مارتی ساڵی ١٩٤٨ دا شەوێك لە یانەی فەرمانبەران بووین، وارێکەوتبوو دەستەیەك نووسەرو ڕوناکبیران کوڕێکی هاوڕێیانەی شەوانمان هەبوو، لە ژوورێکی تایبەتیشدا دائەنیشتین، نووسەرێکی زۆر بەناوبانگ ڕووی کردە من و گوتی: حەمە ساڵح، پیرەمێرد لەمن زیزە، بزانە کارێکی وا ناکەی پیێ بڵێی بۆ ئەم نەورۆزە شیعرێکمان بۆ بنووسێت و تۆش ئاوازی بۆ دابنێ‌و ببێتە گۆرانی [نەورۆز].

منیش هەر لەوێوە بە تەلەفۆن پێوەندیم بە خوا لێخۆشبوو پیرەمێردەوە کردو تکام لێ‌کرد کە شیعرێکمان بۆ نەورۆز بۆ بڵێ، فەرمووی:

سبەی ئێوارە تەلەفۆنم بۆ بکەرەوە.

بۆ ئێوارەی دوایی تەلەفۆنم بۆ کرد، فەرمووی بنووسە، منیش دەستم بە نووسین کرد، ئەم شیعرەی دامێ

**قوربانی‌ی ئێمە ئەصلە لە گشت لا پەسەن ترە**

**قوربانی‌ی حاجیەکان مەڕە، ئێمە کچ و کوڕە**

وتم: خاڵە، ئێمە شیعری نەورۆزمان دەوێ، فەرمووی: باشە بۆ سبەی شەو.

شەوی دوایی هەر لەیانەوە تەلەفۆنم بۆ کردو قەڵەم و کاغەزیشم لەلای خۆمەوە بۆ دانا، بە دەنگی پڕ لە جۆشی خۆی، بە شادمانیەکەوە فەرمووی بنووسە:

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە

نەورۆزە هاتەوە

جەژنێکی کۆنی کوردە

بە خۆشی‌و بەهاتەوە.

شیعرەکەم هەمووی نووسی‌و سوپاسی خاڵەم کردو داوای تەمەن درێژیم کرد، ئەوجا شیعرەکەم پیشان نووسەرە بە ناوبانگەکە دا زۆری بە لاوە پەسند بوو، ئیتر دەستم بە

ئاوازدانانی کرد سەرەتا ئاوازەکەم ڕەسەن نەبوو، بریتی بوو لە لاسایی گۆرانیەکی (محمد عبدالوهاب) کە دەڵێ: (بلاش تبوسني في عينيه)، بەدڵم نەبوو، ویستم ئاوازێکی ڕەسەنی کوردانەی بۆ دابنێم، خۆش بێ و جۆش و خرۆشیشی تێدا بێ، لە ئەنجاما کەوتمەسەر (ئەم ئاوازە تازەیەی) کە تا ئێستاش هەر زیندووەو چێژی تایبەتی هەیە، نە بناغەیەکی بێگانە، نە یارمەتی هیچ کەسێك، نە لە هیچ ئاوازێکیش وەرگیراوە. کە تا ئێستا هەرماوەو خەڵکی لە لایان خۆشە.

ئیتر دووای ئەوەی بەتەواوی ئاوازەکە چەسپی، لە ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٨دا لە (تووی مەلیك) بە سروود بە دەنگی خۆم پێشکەشم کردو دەستەیە لاویش بۆیان ئەسەندمەوە»[٩]

ئەمەیە ڕاستی ئەو نەورۆزە بەناوبانگەی پیرەمێرد، بە پێویستم زانی لە دووتوێی بیرەوەریدا نەمێنێتەوەو بخرێتە بەردەست خوێنەران.

هیوام وایە مامۆستا عەبدوڵلا بەرزنجی بەلایەوەنەنگی نەبێ کە ڕاستی چۆنە وەك خۆی خرایەڕوو، ئەمەش بوەهۆی ڕاست کردنەوەی بیرەوەریەکانی برادەرەکەی کە بەداخەوە لە جێی خۆیانە بوون.

* * *

دوا وشەم لەم ڕێکەوتەدا دەڵێم:

ئەوە بوو لەم چەند لاپەڕەیەدا باسی نەورۆزی ٤٥، ٤٦، ٤٨ مان کرد، بەڵام باسی ٤٧ نەکرا، ئەوی ڕاستی بێ لەو ساڵەدا ئاهەنگی نەورۆز نەکرا، چونکە لەو دەمەدا کۆستێکی گەورەی ئەم گەلە کەوتبوو، لە لایەك جوانە مەرگ کردنی کۆماری (مەهاباد)و لە لایەکی تریشەوە چوار ئەفسەرە کوردە دلێرەکان فەرمانی خنکاندنیان درابوو، چاوەڕێی مەرگ بوون ئەوە بوو لە ١٩٤٧/٦/١٩ هەر چواریان شەهید کران.

مامۆستا (هاوار) لەم بارەیەوە دەڵێ:

«پیرەمێرد نەورۆزی ئەو ساڵەی بە نوێ جەژنی ئەفسەرەکان داناوەو فتوای داوە تا تەمی ماتەم نەڕەوێتەوە ئاهەنگی نەورۆز نەبێت و ئەم فتوایەشی بە کارت بڵاوکردۆتەوە»[١٠] هەر چەندە ساڵی دوایی بەهۆیرا پەرینی کانوونەوە جۆرە سەربەستیەك دراو ئاهەنگی نەورۆز بە شادیەوە پێشوازی کرا، بەڵام ئەوە دوا ئاهەنگ بوو، چونکە لە ساڵی ١٩٤٩دا واتە ساڵێك دوای ڕاپەرینەکە شالاوی تیرهابی عورفی و حوکمی ئاگرو ئاسن نەورۆزیان قەدەغە کرد، بەڵام لێرەدا دیسان (پیرەمێرد) وەك شاعیرێکی خاوەن هەڵوێست و بەجەرگ دێتەوە مەیدان و بە شیعرێك سکالاو بێزاری خۆی دەردەبڕێ.

**«کاری ناچاریە، بێزار لە شەوی ئەم شارەم**
**چەند ڕۆژێکە بە تۆراوی لە گردی یارەم**
**گردی یارە وەك ئاتەشکەدەی نەورۆز بوو**
**وا کوژاندیانەوە سوتاوی گڕی ئەو نارەم**
**کەس نیە هاودەمی ناڵەی شەوی بێداریم بێ**
**باری زۆر قورس بوە، دەربەستی ئەڵێ بێچارەم**
**کردەوەی خۆمم ئەزانی کەنتیجەی وایە**
**ئێستە ڕابوردووە، فایدەی چیە ئەم هاوارەم»**[١١]

هەرکەسێك لە ڕووداوی ساڵی ١٩٤٩دا نەژیابێ نازانێ کە پیرەمێرد چ شاعیرێکی جوامێر بووە چۆن ئەو شیعرەی پروتستۆیەك بوە ڕووبەڕووی ڕژێم کە گڕی (نار)یان کوژاندۆتەوەو بە تۆراوی

ڕووی کردۆتە گردی مامەیارە، چونکە لەو ساڵەدا زیندەکان گەروویان

کردبووەوە بۆ قووت دانی تێکۆشەران، سێدارەکان چەندین

قارەمانیان ناسی، دیارە (نەوروز)یش لەو خەڵکە کرا بە شیوەن

بەڵام ئایا میللەت هەتا سەر هەر لە نوشوستیدا ئەبێ؟ ئاخۆ

سێبەری تیرهاب تا چەند بردەکات؟

خوێنەری بەڕێز: ئەمە پوختەیەکی باسی جەژنی نەورۆز

بوو لە ساڵی ١٩٤٥ ەوە کە دوا ئاهەنگی (پیرەمێرد)ە تا ساڵی ١٩٤٩ کە بۆ ماوەیەکی درێژ دەست نرایەبینێ. بەڵام نەوروز هەرماو هەموو ساڵێك لەلایەن میلەتەوە لە هەرشوێنەو بە جۆرێك پێشوازی کراوە.

پەراویزەکان

---

١ - بۆ تەواوکردنی ئەم شیعرە بروانە دیوانی بێکەس چاپی دوەم ١٩٨٠ ل٧٥ هەرچەندە لە دامێنی شیعرەکەوە نوسراوە ١٩٤٦ بەڵام من دڵنیام کە ئەو تاریخە هەڵەیە چونکە ئەم شیعرە لە دایك بووی ساڵی ١٩٤٥/٥ وە لە نەورۆزی ئەو ساڵەدا خوێندراوەتەوە بەم بەڵگانە:

أ - ئەو نووسەرەی باسی ئەو ئاهەنگەی بۆ کردین گوتی: نەورۆزی ١٩٤٥ بوو

ب - لە ساڵی ١٩٤٦دا نەورۆز لە مامەیارە نەکراوە، لە هۆڵی سانەوی کوران بوو.

حـ بێکەس لە نەورۆزی ١٩٤٦دا شیعرێکی تری خوێندەوە نەك ٢٧ساڵە

ء - ساڵی ١٩١٨ کە داگیرکردن دەست پێ ئەکات ٢٧ ساڵ ڕەنجبەری کە بێکەس مەبەستی بو ە دەکاتە ساڵی ١٩٤٥

٢ - ئەم قوتابخانەیە تا ساڵی ١٩٤٧ سانەوی کورانی تێدابوو، دەکەوێتە خوارنەخۆشخانەی کۆنی سلێمانی، لە دواییدا بووبە قوتابخانەی (غازی) ماوەیەکیش ناوەندی (شۆرش)ی تێدابوو، ئەمجادرابە / مەلکەندیو شێخ محمود/ی سەرەتایی کوران، لە حەفتاو پێنج بەدوا وە تا مارتی ١٩٧٨ (هیواو سوورکێو)ی سەرەتایی کورانی تیابووە لەوەودواش کرابەگەنجینەی پەروەردە.

٣- مامۆستا غفور رشید داراغا دووای تەواو کردنی خوێندنی ئامادەیی، لەکۆلێژی پەروەردەکە ئەوسایی پێ دوگوترا (دارالمعلمین عالیە) وەرگیرا، ئەهۆی چالاکی سیاسیەوە لەپۆلی سێیەمدا لەکۆلیژ دەرکرا، ئیتر بە ناچاریو بۆیەکجاری دەستی لە خوێندن هەڵگرت و، لە ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ چالاکانە بەشداری کاروباری یەکێتی‌ی نووسەرانی کوردی لە سلێمانی دەکرد.

لە ساڵی ١٩٧٧ تووشی نەخۆشیەکی کوشندەبوو، ئەوەندەی مۆڵەت نەدا کەمەرگ بووەمیوانی.

٤- کاتێ کە مامۆستا (رفیق حیلمی) لە ١٩٦٠/٨/٤ کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ سلێمانی، یەکێتی‌ی ئەدیبانی عیراقی ئەو ساڵە بارەگای یەکێتی‌ی لە علویە (بەغداد) پرسەیان بۆدانا هەر سێ ئیوارەکە مامۆستا (ودیع فتح الله) لەو پرسەیەدا بەشداربوو ماتەمینی بە روخساریەوە دیاربوو، ئەوەش نیشانەیەکی وەفاداری ئەو پیاوە بوو بەرانبەر مامۆستایەکی کوردی دڵسۆزی بەناوبانگ.

٥- بروانە دەقی بیرەوەریەکانی مامۆستا کامیار لە ژمارە (٣٠)ی کاروانا

٦- الواقعیة في الأدب الکردی: د. عزالدین رسول لاپەرە ٩٥

٧- چەند سەرنجێك لە پیرەمێردی شاعیر - فەرەیدوون عەلی ئەمین - چاپخانەی ئیرشاد - بەغدا ١٩٧١ ل ١٩

٨- دەستنووسێکی برای شاعیر مامۆستا حەمە ساڵح دیلان کە لەلای خۆمە.

٩- چەند سەرنجێك لە پیرەمێردی شاعیر - فەرەیدوون عەلی ئەمین پەراوێزی لاپەرە (١٤) بە پاڵپشتی /پیرەمێردی نەمر /محمد رسول هاوار /ل ٥٠

١٠ - رۆژنامەی (ژین) ژمارە ٩٥٨ ساڵی ١٩٤٩.

# بەیتی غەزالا

شوكور مستەفا ئامادەی‌كردووە

بەیتی غەزالا كورداو تەیار ئاغا نموونەیەكە لەو بابەتە فۆلكلۆری‌یە كوردی‌یە ڕەسەنانەی كاك جەلیلی جەلیل بەناوی «زارگۆتنا كوردێ سووریایێ»ی لە سالێ ١٩٨٥دا، لە ئەرمەنستانی سۆڤیت، لە یەریڤان بەچاپ گەیاندووە.

كاك جەلیلی جەلیل لە مەیدانی فولكلۆر خركردنەوەدا دەتوانم بلێم گۆی گرەوی لە هەموان بردۆتەوە. ئەو بەیتەی بۆم لە پیتی سلاوی‌یەوە هەڵگێراویتەوە سەر نووسینی كوردیی كوردستانی عیراق، نموونەیەكە لە خەرواری، وەك دەڵێن

كتێبەكە زۆری شت تێدایە، نووسەر، بۆ خۆی، بەم ئاوایەی پێرست كردووە:

١ ـ داستانی ئەوینداری‌و مێرخاسی
٢ ـ داستانی ئەوینداری (لاوك و حەیران)
٣ ـ بەیت و سترانی مێژوویی.
٤ ـ (بەند ـ دلۆك).. (گۆرانی دلداری)*
٥ ـ گۆرانی وسترانی شایی‌و زەماوەند گێرینێ
٦ ـ پامووری (مەرثیە شین)و لاوژۆك
٧ ـ گۆرانی (بەكرەیی) ئیش وكار
٨ ـ گۆرانی منداڵ و یاری منداڵان
٩ ـ مامك (تێدەرخستنۆك) مەتەڵ
١٠ ـ زوو گۆتنۆك

ڕەنگە بپرسی لەبەرچی، لەناو ئەو هەموو بابەتانەدا بە كوڵكی بەیتی (غەزالا كورداو تەیار ئاغا وە نووساوم؟ پێش ئەوەی وەڵامت دەمەوە، دەمەوێ ئەوەت ڕاگەیێنمێ كە ئەم بەیتە «رفعت داری» گوتوویە.

وەختی خۆی لەسەر شریت خراوەو لەسەر شریتەوە نووسراوەتەوە..

بەیتی «غەزالا كوردا و تەیار ئاغا» لەناو كوردی سووریە زۆر بەناوودەنگەو زۆریشی لك و شێوەی جۆربەجۆری هەن ئەمەی لێرەدا پێشكێش دەكرێ لەزاری كوردیكی ئێزیدیی تەمبووروان و دەنگبێژی عادیی حەسنەجار، خەڵكی شاری (عەفرین)ەوە خراوەتە سەر شریت.

بەیتەكە باسی لێ‌قەومان و سەرلێ‌شێوان و خۆیاریزیی كوردان دەگێڕێتەوە.

## بەیتی غەزالا كورداو تەیار ئاغا

ئەحمەد ئاغایێ مەندی، باڤێ غەزالا كورداو زۆر عەلی ئاغایێ تیماری باڤێ تەیار، ئەمێ ژ وەڕا بێژم، هەردو برایێ هەڤدوونە. بێ هەڤدوو شیڤەكێ ناخون و گەلەكی حژ هەڤدوودكن، دورەیێ زارۆكێ وان زەوجینەو هین ژ هەڤدوو جهێ نەبوونەو د ڕایا هەڤدوودانە، گەلەك تفاقا وان باشە ب هەڤدوورا.

سالەكێ غەلا حەیوان و ئینسان ب سەر واندا هات. گەلەكی حالێ وان شەرپەزەبوو. زۆر عەلی ئاغایێ تیماری بان كر گۆ:

ـ لاوۆ، برێ من غەلایەو عەشیرا مە گرانە، ـ وعەشیرا

وان ژێر دبێژن عەشیرا مەندا، ـ عەشیرا مە گرانە، ئەم ل کێژان عەردی داینن، کەس نکارە بەرێ مەهلینە. ئەمێ بڤن دوو پەرچە، نیڤێ عەشیرێ تو ب خوەرا بڤ، نیڤێ عەشیرێ ئەزێ ب خوەرا بڤم، حەتا گە ئنسانن ل بەر بارێ مەرابن، کاربن رەحمێ ل مە بکن، مە ڤەحەڤینن.

برێ وی گۆ:ـ برێ من. بێ تە ناباتا من نابە. وەختێ تو ژ جەم م هەریو ئەز هەرم، غەزو هەنەو شەر هەنەو ئیش هەنەو خەل تمایا مالێ م دکن، وەللەهی، بێ ئەحمەد ئاغایێ مەندێ باڤێ غەزالا کوردا ئەم نکارن بقەدینن ل چۆلا.

گۆ:ـ دبێ، یا ئەم گش بقەلن.

چڤا دان بالا خوە. ئێڤارێ ب هەڤدورا شێورا خوەکرن و رونشتن وێ ژ خوەرا وەعدەکێ بدن ب هەڤرا.

ـ ئێڤارێ، ـ گۆ، ـ دبێ فرسان و عەگیتێ مەندا نەمینن، گش ل ئۆدێ بچڤن، ئەمێ ژ خوەرا بشێورن.

هەردوو برێ مەزن رۆونشتنە

ئێ، هێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، لۆ،

**هەرێ، میرێ منۆ، دلێ من ل یانە،**

**بەلێ، بەگێ منۆ، دلێ من ل یانە،**

**عەشیرێ مەندێ عەشیرەکێ زەحفی مەزن گرانە،**

**وێ رۆژێ هەردوو ژ هەڤدوو بوونە دوو پەرچە،**

**نیڤی دیسانێ دانێ دوو زۆر عەلی ئاغایێ تیماری، باڤێ نازلیخانە،**

**دیسانێ هەر سال ڤی چاخی خۆرتێ مەندا شڤ لێدخستن ل پۆزێ قوندرانە،**

**ئودەستێ خوە داڤێتن قوبوورێ دەمانچانە**

**ئەڤ بوونە شڤانێ جۆلێ میانە.**

**ئەرێ، ئەرێ، ئەرێ، ئەرێ، ئەرێ، ئەرێ، ئەرێ، لۆ.**

**ئەرێ، ئەرێ، ئەرێ، میرێ من، لۆ.**

**ئێ، بەگێ منۆ، دلێ من ل یانە،**

**وەزیرێ منۆ، دلێ من ل یانە،**

**دەب سەر واندا هاتی غەلاو جەلاکی عەزیمی گرانە،**

**حەچی زۆر عەلی ئاغایێ تیماری، باڤێ نازلیخانە،**

**قەلبی ل هودوودێ پیرکان ئاغایێ ئێزیدخانە،**

**بێ باڤۆ ناهێلە تەیر تەیرانییا خوە دێنن ل مێرگ و چاییرو ئیزیدیانە،**

**وێ رۆژێ دیسانێ، نیڤانێ شەڤان و پێڤا حەلالێ وان کوومشی عەردێ.**

**دێن و بالا خوە داییێ دیسانێ گول و نەفەل چار تلییانە،**

**کۆنێ رەشی عەرەبی چەرخاندن عەردێ، بوویی شنگینێ گوم گوم و مسینێ قەهوانە،**

**مژو مۆرانا قەهوێ دیسانێ عەور دگرتن ل عەزمانێ حەڤتانە،**

**سبێ قیزو بووك دەرکەتن دیران کۆنە، دیسانێ ژ خوەرا پشتیانە،**

**بەلێ، بەگێ منۆ، تەرقینێ دیسانێ دێوا، کولیینێ دەوومێشکانە،**

**هەما وێ رۆژێ گەلەکی کێڤا وان تێ،**

**دبێن:ـ یا رەبی خودێ گە ئالا ئەم ژ تەنگایێ خستنە فرەیە،**

**ل حودوودێ کریڤێ مە پیرکان ئاغایێ ئێزیدخانە، لولا،**

**هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، لۆ،**

**هەرێ، هەرێ، هەرێ، میرێ من، لۆ.**

**ئێ، بەلێ، بەگێ، منۆ، دلێ من ل یانە،**

**هەرێ، میرێ منۆ، دلێ من ل یانە،**

**دیسانێ وێ رۆژێ پیرکان ئاغایێ ئێزیدخانە دنێری،**

**گە چ کۆنکی بێ عەدەت، دیسانێ ئێلەکێ دانینە،**

**ل حودوودێ پیرکان ئاغایێ ئێزیدخانە.**

**بێباڤۆ خوین ب پێسیرا خوەڤا دی، گۆ:ـ ئەزم پیرکان ئاغایێ ئێزیدخانە،**

**ئەزرائیل، جبرائیل مەلکەمۆتێ مەوتێ نکارە بقەدمن**

،عەردێ مە، عەردەکێ ب خودانە،
ئەڤ زالمانە یا غەریبن، یا حەسابێ مێرا ناکن، ل عەردا خودانە،
لاوۆ، بگهێ وانا، بێ کوێ کێنە، بێ‌سوئال و بێ‌جواب دانینە،
ل حدوودێ پیرکان ئاغایێ ئێزیدخانە، لۆ.
هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ لۆلا
هەرێ، هەرێ، هەرێ، میرێ من، لۆ.
هەرێ، میرێ منۆ، دلێ من ل یانە،
بەلێ بەگێ منۆ، دلێ من ل یانە.
وەختێ ڤان سوارێ کریڤێ مە ئێزیدی‌یا دهاتن دگۆتن:
- خێرە وە هەلانە هوون نزانن ئەڤ عەرد دیسانێ خودی هەنە سەر ڤان عەردێ هانە.
گۆ:- لاوێ منۆ، نەخەییدن، ئەم زلامنی غەریبن،
وەکە تەیرێ چەعڤاگرتی مە دانینە ل ڤێ عەردا هانە،
هەگەر پیرکان ئاغایێ ئێزیدی‌یا عاجزە.
ب خاترێ وە، ئەمێ کوێ خوە بارکن،
ئەم زالمێ غەریب، وەکە تەیرێ چەعڤ گرتینە،
ئەمێ بارکن ژعەردا خودانە،
ئەم ب خوە توجارو توجار د عەردێ خەلکێ‌دا ئاسێ نابن،
ئەم زلامنی عەریبن، هەگەر عاجزن،
دیســـانێ، ئەمێ سبێ ئێلێ خوە بارکن، بمـــەشن ژ ڤی عەردێ هانە.
هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، لۆ،
هەرێ، هەرێ، هەرێ، بەگێ من، لۆ.
هەرێ، بەلێ، میرێ منۆ، دلێ من ل یانە،
ئەڤان فەقیرا وەختێ ڤەگەریان،
دیسان دگۆتن ژ پیرکان ئاغایێ ئێزیدخانە،
دگۆ:- ئاغایێ من، ب خوە دێ دەڤێ مە نەگەریا
ئەم ژ وانرا تو جوابێ بڤن، هنگی ژ مەرا گالەگالەك گۆتن.
ژێـر دبێـژن ئەحمـەد ئاغـا، دیسـانێ، زۆر عەدلی ئاغـایێ تیمارێ، باڤێ نازلیخانە،
دبێ، عەشیرێ مە، عەشیرنێ مەندا، عەشیرەکە گرانە.
ب سەر مەدا هاتی غەلاو جەلا گرانە،
مە دنیا کێل و بێژنگ کری‌یە، خوە گرت ل ناڤ و دەنگێ کریڤێ خوە پیرکان ئاغایێ ئێزیدخانە،
هەما ڤێ مەهێ نکارە ل بەژ بارێ مە ڕابە ل عەردا خودانە؟
هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ هەرێ، لۆ.
هەرێ، هەرێ، هەرێ، میرێ من،
ئەرێ بەگێ من، لۆ، ئەم غەریبن لۆ.
هەرێ، میرێ منێ، دلێ من ل یانە،
وەختێ ژ پیرکان ئاغایێ ئێزیدی دگۆتن، دگۆ:
- ئێژا ئا وان کەتە ستێ‌یێ مە، ب قەسەم ناڤێ خودانە،
ئێ مە دیسانێ عەدەتا ئێل ل سەر ئێل دانینە،
مال ل تەنشتا مالێ دانینە، بەعزمینە عەزیما گرانە،
وێ ڕۆژێ دیسانێ ئەڤان گۆ:- ئەمێ وە بەعزمینن.
ڤانا گۆ:- نا، وەللە، هەق ل سەر مەیە،
ئێزیدی، ئەم وەبەعزمینن لە سەر عەردا هانە،
دبێ وێ ڕۆژێ دیسـانێ پیـرکـان ئاغایێ ئێزیدخانە دکەتێ ناڤا عەشیرێ ئێزیدخانە،
چڤا خۆرتەکێ مناسبێ، پاڤژێ، جندی هەبە جڤاندن ل دیوانا گرانە،
سەد بەرخێ دیسانێ تەمام شەرژێ‌کرن دیوانا گرانە،
بان دکر:- خوا من، زەلیخاتوونێ، بەژن و بالا زراڤ بدە مەعدانا زێرانە،
نەوق وەکە شتلەك ڕێحانە،
چەعڤ وەکە دوو ستەیرێ قورگێ، هلتی مێژینا ل عەزماتانە.
بێ‌بـاڤێ، تو دڤێ، سوبحـانـەلـلا، یارەبی، تو دبێ‌ڕۆ نەدیتی‌یە ل حەیاتا ئالانە

عەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ،
هەرێ، لۆ،
هەرێ، هەرێ، هەرێ بەگێ من لۆ.
هەرێ میرێ منۆ، دلێ من ل یانە،
ئەرێ، بەگێ منۆ، دلێ من ل یانە،
قاسدەك شاندن دیسانێ دووعەشیرێ حەجی زۆر عەلی

ئاغایێ تیماری،
گۆ:- لاوێ منۆ، ئەز ئختیارم،
ب کێر عەزیما نا ئیم ناڤێ غەریبا ئێزیدی‌یانە.
تەیار دگۆ:- بابۆ، ئەز لاوێ تەمە،
سەد خۆرتی وەکە خوە کیفجی، سوارێ جەنگێ سوار دکرن،

تۆپز، بەگلك ب خوەرا سوار دکرن،
بەرێ خوە ددان دیوانا پیرکان ئاغایێ ئێزیدخانە،
مالێ باڤێ تەیار ب خانا خوەدێ‌بە.
وەك تەیرەکی بازا هات، سەر بالیفێ ڕوونشت،
وەك سوورەتکی بەرانەکی سۆرنك بکە، بەردە ناڤا جۆلێ میانە،
زەلیخاتوونێ گەرمە - گرم ژ بەر نگاتێ،
دیسانێ دکە تکارکا نانێ میڤانا ل دیوانا گرانە،
زەمینێ بەرێ دئۆرتا کۆندو ئالیێ کۆزکەك چیتا ددان بەر،
بێ‌باڤێ قرك وەکە شووشێ لە مپانە،
تو لێ دنێرە، زەنـدی کالی گەوری بۆز ڤەمـالتن وەکـە خیارێ هەوازێ،
هەوق وەکە شتلەك ڕحان ل ڤی ئالی، وێ ئالی با لێ‌دخە،
دقولپینە ڤی ملی، ملێ‌هانە،
ئیما زەلیخاتوونێ دڕووتێ، وەختێ ئاڤرا وێ ل تەیار کەتی،
گ ڕوونشتی تەیار خۆرتەکی ب هێلی - مێلە.
بێ‌باڤۆ، تو دبێ تەیرەکی بازی چەنگە زێڕینە،

ل عەردێ ڕوونشتی‌یە، چەعڤ سپی‌یە، ل عەردا خوەدانە،
چەعڤێ بەلەك وەکە دوو ستەیرێ ل پی قورغێ ڕۆن پی‌کەتن
ل عزمانێ حەڤتانە،
کەچـك هەمـا سەرگێـژایی پێـر چی‌بوو، گۆ گرم و، کەتی عەردا خوەدانە،
خانم و جێری‌یێ وێ بانزدان ل سەر سەرێ وێ،
ئاڤ ڕەشاندن سەر چەعڤێ بەلەك وەکە باخچێ گولانە،
لێ ئەز زانم هنگێ نێری ل تەیار، کەتیە عەردێ،
هش و ئاقل دسەری‌یادا نەمانە،
هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ،
هەرێ، لۆ
هەرێ، هەرێ، هەرێ، بەگێ من لۆ.
هێ. بەلێ، بەگێ منۆ، دلێ من ل یانە،
عەبیا خوە ڤەشارتن، ب جلێ خاتوونێ گرتن، ئاڤێتن ناڤا دۆشەك و یۆرغانانە،
دبێ:- عەدەتەك وێ هەیە سەرگێژاییك پڕ چێدبە،
لێ‌وێ وەللەهـ نەڕاستە، ئەز زانم نەوانە،
دیتی‌یە بەژن و بالەکە زراڤ، دیسانێ وەکە تەیرەکی بازی چەنگە زێرین،
بەرانەکی سۆرنك کری تو بەردی ناڤا جۆلێ می‌یانە،
حەتانێ تکارکا نانێ خوە دخوارن، وێ ڕۆژاهانە،
جڤان دایێ، گۆ:- نە ڤێ نینێ، ئا دی تو ژی برا، تو ل جەم مە میڤانە.
هەرچی پیرکان ئاغایێ ئێزیدخانە، دگۆ:- ئەڤانا، کوڕێ سورمانا، دەربەکە باش ل مە دانا،
خوە گرێ‌دا ژ خەمـل و خێـزو گولـك و گولـەبـان،
ب سیلبەندێ حەمدانی‌یێ ب دارا،
دامانچە ل بەر خوە دانیو بەژنا خوە گرێ‌دا،
چڤـا خۆرتـەکی منـاسبی ناڤا ئێزیدی‌یا ب خوەرا کار کرو بەرێ خوە دا تەیار ئاغا.

لاوێ زۆر عەلی ئاغایێ تیماری، باڤێ نازلیخانا،
تەیار ئاغا ب سێ دەنگا بان دکە خوشکێ نازلیخانا،
- بەژن و بالا زراڤ بدە بەر چەکانە،
مفتێ لێخەدیسانێ سەبەتا بندۆقانە،
خەملکی ل خوەکە، یەکی باڤێ ل دەرا هانە،
گولك و گولەبەندێ بەردە بەژن و بالا زراڤە،
عەنیا مەیدانێ بدەبەر قولانی زێرانە،
چەعڤ بەحرا کلا بدە بەر کل، دیسانێ برو قەلەم لێدانە
وێ رۆژێ تو دبێ خالق ژ ناڤێ رەبێ ژۆر وەکە شتلەك
رحانە،
دروتێ، بێحەمدێ مەرۆ، مەرۆ گێژ دبێ، ل بەر ئاورێ
چەعڤێ یاهوودی ل دیوانا گرانا،
گاڤا روونشتن، دیسانێ بێ چلۆ تەیار د سینگا ئۆدێدا
روونشتی،
پیرکان ئاغایێ ئێزیدی، ئەو ژی د سینگا ئۆدێدا روونشتی
سمبێل بادانە،
لێ نازلیخانێ درووتێ وەکە کەڤوکەك تەقلا خوە بقولپینە
ب تەقلانە،
ئەڤی بێباڤی وا ئاورنی تووژی یاهوودی بەردانا،
تە نەگۆ ئێرۆ مرییە سەرگێژایی پێر چێبوو،
گۆ گرم وکەت د ناڤا عەشیرا گرانا.
ل بەر ئاورا نازلیخان خوە نەگرت و کەتیە عەردا خودانا،
ئاڤ ل سەر چەعڤێ رەشاندن، گە: - کریڤۆ، تەخیرە
عەلاما
وهـەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ،
هەرێ، لۆ،
هەرێ، هەرێ، هەرێ، بەگێ منۆ لۆ.
بەلێ، بەگێ منۆ، دلێ من ل یانە،
ئەوانا رابوون، بەرێ خوە دان مالێ، نانێ خوە خوارن،
لێ زکێ خوە هشتن، دیسانێ هەردو سەییدڤانی نێچیرنی
تەماما.
تەیار کاری دوو تاژیێ وێ هەنە، دگەرەاسەییدو نێچیرا

گرانێ،
سەکمانێ چەعڤێ کەوێیە تو ناڤیی پیرکان ژێ نە
زلامکی کێلێی وانە ؟
یا دیتری رۆژێ مێری مێرە چو غەزالەك راکرنە،
حەوە - حەوێ وی ل پێ وانە،
جوتێ تەعژییا رابوونە ل سەر وانە،
بێباڤۆ، سەید ژێ ستاند قولباند سەر حەمدانییێ،
سەید ژێ ستاندو ل بەرڤا عەدلی ل سەر چونگا،
دەربـەکێ بەردا غەزالا وێ ئاڤیت عەردێ ل سەر مەیتێ
غەزالێ سلاڤ ل هەڤدو دانا،
هەیێ، بەلێ، بەگێمنۆ، دلێ من ل یانە.
ل سەر مەیتێ غەزالێ، هەردوو ژ هەڤدوورا گوتنە،
ئەمێ چ بێژن، چ بێژن نابن شینا وانا،
پیرکان ئاغایێ ئێزیدی دگۆ: - هەگەر تو ژ ئا م دکی،
برا، ئەم چ بێژن نە ب حاجەتێ مالێ دنێ - ملکانە،
ئەمێ خوشـکێ خوە بەردیـلی هەڤـدوو بدن ب قەول و
رەسوولێ ئالانە،
هەرکـەس ل سەر دینێ خوە، لێ ئەمێ هەڤـدوو بدن ب
قەول و رەسوولی خودانە،
هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ،
هەرێ، لۆ.
هەرێ، هەرێ، هەرێ، کورێ من لۆ لۆ.
هەرێ بەگێ منۆ، دلێ من ل یانە،
وەزیرێ باڤێ منۆ، دلێ من ل یانە،
حەکمێ منۆ، دلێ من ل یانە،
گاڤا تەیـار هاتی مالێ گەلـەکی خەم و تالان چا دکشینـە،
ل دیوانا گرانە،
سەر بەردایە بەر گوم گوم و سینێ قەهوانە،
دارکێ خوە د هەڤدوو ددە ئاگرێ گرانە،
دبێ، یارەبی، چ بەلا ژ مر چێبوو،
ما ژ بیرا من نارە گال گال و گوتنێ ئاپێ من،
ئەحمەد ئاغایێ مەندی، باڤێ غەزالا کوردانە،

هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ،
هەرێ، لوٚ،
هەرێ، هەرێ، هەرێ، کورێ من، لوٚ،
بەلێ، بەگێ منوٚ، دلێ من ل یانە،
باڤێ وی بالا خوە دایێ وەکێ گ تەیـار ڕوٚبـرو ل خوە
دشکینە ل دیوانا گرانە،
دبێ:ـ کورێ منوٚ، تە خێرە تەعەلەمە،
بەرخێ منوٚ بەس بێژە، تە ئاگر ب ستوونا ناڤا من خست،
تە خێرە، تە عەلەنە.
دگوٚ:ـ هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، جەواب
دارێ
ئەرێ یابوٚ، دلێ من ل یانە،
باڤ هاش تونە ژ ئەولەدا، ژ برانە،
تو نابێ چ مالا من گەربالەدوٚنزدە میراتا،
هەو دەردکەڤم سەیدو نێچیرێ گرانە،
ئەڤ ئینی‌یا دیسانێ سسیانە،
مەهەك م قەدیا من و پیرکان ئاغایێ ئێزیدخانە، کەکێ
زلیخاتوونێ،
سەر مەیتێ خەزالێ مە سلاڤ ل هەڤدو دانە،
م گوٚ، بخوەز مالێ دنیێ، کەریێ مێ‌یا، بوٚشێ دەڤانە،
گال گالا ژمر گوٚ گوٚ ئەز نە ب حالێ بوٚشێ دەڤا، کەری
بێ مێ‌یامە،
ئەز ژ تە دەخـوەزم، گ ئەزو تو بدن خوشـکـێ خوە
بەردێلی، دیسانێ نازلیخانێ
هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ،
هەرێ، لوٚ،
هەرێ، هەرێلوٚ، جوابا من بدن، لوٚ.
باڤێ وی دگوٚ:ـ لاوٚ، تەیاروٚ،
کورێ منوٚ، دلێ من ل یانە،
بەرخێ منوٚ، دلێ من ل یانە،
کانی سوٚزو قرارێ مە ل دیـوانـا ئاپێ‌تـە ئەحمـەد ئاغـایێ
مەندی باڤێ غەزالا کوردا ب هەڤدوورا دانە،
مە دەستێ خوە ئاڤێتن گوم گوم و مسینێ قەهوانە،
مە هەردو کراسێ قورانا قەتاندن ل دیوانا گرانە،
ئێ ژنا بدن غەریبا، ئێ ژنا بینن ژ غەریبانە،
لاوێ من، ناموسێ وان بەگلکە، مالێ وان تالانە،
ئەگەرتو ئا تالی ژێ بێژە، حەملێ ئاپێ تە حەملەکێ
گرانە،
نە حەملێ لوٚکانە، سەر چیا داتینن،
چیا دمەحینە ب دارو دەڤیانە،
قەواتا من ناگهێ، لاوێ من، ژ خوەر ڕێکێ بڤینە.
ئالاڤا تونە ژ ڤان گالاگالانە،
لێ نەکەتنە بەر وێ خەمێ، زەواج خەم ناکە، لاوێ منوٚ،
لاوێ منـوٚ، لاوٚ، بەس کەچـك ئێـزیـدی‌یـە، لاوك
بسورمانە، لوٚ.
نیکاح دکتێبێ ئیسلامێ‌دا بەتال نابە، کورێ من، لوٚ.
تەیار لێ ڤەدگەڕاند، دگوٚ:ـ یابوٚ ڕاستە،
ئەز تەیارم تەیارێ دینم،
لاوێ، ئەو گەلەکێ ل بەر دێو باڤان نوخورێێ شێرینە،
ئەز تەیارەکێ بازێ چەنگە زێرینم،
ب قەسەم ناڤێ خوەدێ، م برایێ خوە عاجز نەکە،
ئەز ب خوەژێ دو دەربا ب قەیس نینم،
لێ م سوٚزو قرار دایێ، گ تو دوٚنزدە برایێ خوە ل سەر،
ڤەگەڕا من نینە،
یابوٚ، دلێ من ل یانە،
ب سوٚندا عەردو عەسمانە،
ڤەگەڕا من تو نەیە ژ ڤێ شێورا هانە، لوٚ.
لێ ڤەدگەڕاند دگوٚ، لاوێ منوٚ، دلێ من ل یانە،
کورێ منوٚ، دلێ من ل یانە،
ب غارا ڤانـا دیـسـانێ قوپینـە دەف و دەهـوٚل و زورنێ
خوشکێ خوە ب هەڤدو دانە،
ئەرێ میرێ منوٚ، دیسانێ قاسد د ناڤا ئێلێ‌دا هەنە،
ئەرێ میرێ منوٚ، دیسانێ قاسد د ناڤا ئێلێ‌دا هەنە.
شاندن دو زوٚر عەلی ئاغایێ تیماری،

ديسانێ دو ئەحمەد ئاغايێ مەندى، باڤێ غەزالا كوردانە،
حەجى ئەحمەد ئاغايێ مەندى، باڤێ غەزالا كوردانە،
ڤێرينەك پێكەت گۆ:- لاوێ من، تەخێرە، تە عەلەمە
گەلەكى كێڤا وى دهاتى پێشيا وى ل ديوانا گرانە،
دگـۆ:- بەگێ منۆ، دە بەسـە، تە ئاگر بەردا مالا مە، ما
ئەزێ چ بێژم.
بێ تە قودوومێ مە شكێناندن، ديسانێ چۆلا خوە دانە.
گۆ:- لاوۆ، ڤەى برايێ من مرييـە، هنـە دەستێ خوە
ئاڤێتنە ناموسێ مەندانە.
گۆ:- بەگێ من ب خوەدێ، دەست ئاڤێتنە ناموسێ
مەندانە.
وەختێ ڤێ گالگالێ دبێژە، گەلەكى دقەهرى،
چەعڤ ل سەرێ وى سۆر بوون وەكە ئێ لۆكانە،
چيركە - چيركێ درانن، ڤێرين پێدكەتى ل خۆرتێ
مەندانە،
كۆنێ رەشى عەرەبى ئەڤانا پێچانە،
داڤێتن سەر لۆقانە،
ئۆرينێ لۆقانە، كالينێ بەرخ و مييانە،
پەزێ خوە راگرن، كۆنن داتينن، تاليا كۆنا بەردكن عەردا
خوەدانە،
لێ حەملێ ئەحمەد ئاغايێ مەندى حەملەكى گرانە،
هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ
لۆ،
هەرێ هەرێ، هەرێ، بەگێ من لۆ،
هەرێ مێرێ منۆ، دلێ من ل يانە،
بەيراقێ حەربێ چكاندن، پێشيا كۆنا دانينە،
تاليا كۆنا ب سەردا دانينە عەردا خوەدانە،
دخوەزن شەرەكى گرانە،
بەيراقـا حەربێ چكـاندنـە بنيـا كۆنێ زۆر عەلى ئاغـايێ
تيمارى، باڤێ نازليخانە،
هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، كورێ من،
هەرێ، هەرێ، بەگێ من لۆ.

بەلێ ميرێ منۆ، دلێ من ل يانە،
ئەمێ بێن سەر ديسانێ زۆر عەلى ئاغايێ تيمارى،
باڤێ نازليخانە،
دچوو ديسانێ دگۆ، كورێ منۆ تەيارۆ، دلێ من ل يانە،
لاوۆ، ئەز نەكەتمە بەر كوشتنێ،
كوشتن كوشتنا مێرانە، قەيد خرخالێ شێرانە،
ئەز كەتمە بەر خەما عەرف و عمران، هەردوو چيلى بێ
شێرانە،
ب خودێ كرنە ب شيرێ ناگێ بەكر،
ديسانێ ب شەكرو بشيرێ ناگانە،
ئەز نەكەتمە بەر كوشتنا تە، تو ژ مەرا نە لازمى،
ئو نەكێم دبێ ژ عەشيرێ مەندانە،
لێ لاوێ منۆ، ئەز كەتمە بەر ڤان هەردو تەرحێ
حەسەنى.
گە ئەما زانم چلۆ تە ژ بەر چەعڤێ وان بخم ل عەردا
خوەدانە،
ترسمێ دەربـەكێ ل وان خن، عەشيـرا گران بمينـە
بێخودى، بێخودانە،
هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ،
هەرێ، لۆ،
هەرێ، هەرێ، هەرێ، كورێ من.
هەرێ، ميرێ منۆ، دلێ من ل يانە،
تەيار دگۆ:- يابۆ، ئەز تەيارم، تەيارى دينم،
ئەز تەيارەكى بازى چەنگە زێرينم،
خوە ل ناڤا رەفێ قازو قتكا دخينم.
كێزان قتكا پرشەگە ئەز دخينم،
پەرو باسك و نگا دشكينم،
ل بەر باڤێ خوە داتينم،
ژگێينى دل و گورچكا ناتەمينم،
يابۆ، ژ حەسابێ عەشايرێ مليۆنا،
ئەز غەيرى ديسانێ حەساب ب فرنگى پێنج پەرەكى ژى
تەرا نابينم،

یابۆ، تو حەسابێ کەڤنەك ژنا ب مرا دبینە،
ب قەسەم ناڤێ خوەدێ دکەڤم مەیدانێ،
هەگەر دلێ تە ل سەر برێ تە قەبوول نەکە،
ئەزێ دیسانێ توجاری ستوێ خوە ژ کەسیرا ناتەوینم
هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ هەرێ هەرێ، لۆ،
هەرێ، هەرێ، هەرێ لاوێ من، لۆ، لۆ.
بەلێ، بەگێ من ، دلێ من، ل یانە
هەرێ، میرێ من، دلێ من ل یانە،
گۆ، عەشیرا مەندا عەشیرەکێ زەعفێ عەزیمی گرانە،
حەملێ ئەحمـەد ئاغـایێ مەنـدی، باڤێ غەزالا کوردا حەملەکێ گرانە،
بۆرە - بۆرێ کورێ باڤانە،
شنگینێ دارێ کۆل - مسریانە،
عەشیر هەردو ب هەڤدو ئاریانە،
دێ وەلادێ خوە ئوندا کر، لیلینێ قیزاو بووکانە،
زارۆکێ تفالێ بەردەستێ، همبێزێ، دێ وەلاد دایێ عەردا،
خوەدێ تەعـالا وێ عەیب و سۆسـرەتـا گران نەینە دیسانێ ل سەر عەردا خوەدانە،
هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ هەرێ، هەرێ، لۆ
هەرێ، کورێ من دلێ ل بانە، لۆ، لۆ،
بەلێ، بەگێ منۆ، دلێ من ل یانە،
هەرێ، میرێ خۆ، دلێ من ل یانە
حەچی زۆر عەلی ئاغایێ تیماری، باڤێ نازلیخانە،
دێن و بالا خوەدا تەیار وەکە تەیرەکێ بازێ چەنگ زێرینە،
رادبە ب سەر حەمدانی دکەڤە،
ڤێ ئالی، دیسا ل ئالیێ د دقولپینە،
مێرا دکوژە، گلحا ڤەدگەرینە.
لێ دەستێ وێ ناگهێ ئاپێ وێ،
ئاپێ وێ ژ دوور ل پەرێ مەیدانێ لێ دمەیزینە،
وێ رۆژێ دیسانێ ئاپێ وێ گەلەکێ سواربوون و میرانی‌یا وێ دعەجبینە،
باڤێ وێ زۆر عەلی ئاغایێ تیماری دڤێ:
- بەلـێ، بەلـێ، بەلـێ، لۆ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ،
هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، لۆ.
هەرێ، هەرێ، هەرێ، کورێ من، لۆ.
هەرێ کورێ منۆ، دلێ من ل یانە،
بەگێ منۆ، دلێ من ل یانە،
دیسانێ هەوار ل سەر سەرێ تەیار گران بوو،
بوو شنگینێ دارێ کۆل - مسری‌یانە،
حەوا - حەوا کورێ باڤانە،
فرێنێ بێڤلێ حەمدانی‌یانە،
عەجاج ژبەر سمێ وان گرتن مژو مۆران ل عەورانە،
عەرف و عمران، هەردو دەستێ وان دانە کەلەمچانە،
ستوێ وان ل لەلان، لنگێ وان ل قەیدانە،
ئاڤێتن ل کۆزانە،
ڤێرین ب ڤان دکەڤە، دنێرن تێ دەنگێ لیلینێ قیزان و بووکانە،
بان باڤێ خوە کرن گۆ:- ئەرێ لۆ،
هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، لۆ،
هەرێ، هەرێ، هەرێ، یابۆ، دلێ من ل یانە،
تە نە بەختە، نە دینە، نە سۆزە، نە ئیمانە،
تو دەستێ برا ژ هەڤدو دقەتینی، ب ساغی ل عەردا خوەدانە،
پشتی تەیار، گە تشتەك پێ بێ دەقەکێ تەنێ ئەم خوە ساغ ناهێلن ل عەردا خوەدانە،
تە تەیار ئاڤێتی دیسانێ بەر گورزو رمانە.
ئاپێ من زلامەکێ زالمە،
دیسانێ عەفو ناکە ئنسانێ خوەدێ ل عەردێ خوەدانە،

ته نگێ مه خستیه قەیدا، دەستێ مه دانه کەلەمچانه،
یابۆ، هەما مه بەردە ئەمێ ل جەم برایێ خوە بن،
بلا ئەم هەردو بێن کوشتن ل مەیدان و مەغوودێ کورێ
باڤانه، لۆ،
هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ،
هەرێ، لۆ،
هەرێ، هەرێ، هەرێ، میرێ من لۆ، لۆ.
هرێ بەگێ منۆ، دلێ من ل یانه،
میرێ منۆ، دلێ من ل یانه،
گۆ، وەختا دێن و بالاخوە دا عەرف و عمران،
دیسانێ دێن وبالا خوە لامێ هێسرێ چەعڤێ وان دبارن
هوندوورێ قەیدو مەربەتایه.
باڤێ وی ڤیرین پێ کەت، دەستێ وان ڤەکر ژ کەلەمچانه،
ستوێ وان ژ لەلانه، لنگێ وان ژ قەیدانه،
وەکە دوو شێرا تو بەردێ ژ زنجیرێ،
سوار دبوون ل حەمدانیٖیا،
بەرێ خوە دانه مەیدانا گرانه،
ئەوێ رۆژێ دێن و بالا خوە ددمێ،
دیسانێ بوونه کشل ژ برایێ خوە تەیارڕا، دکوژن میرانه،
مال و تالان گلح ڤەدگەرینن،
ب سەر باڤێ خوەیی ئختیار، ناڤا ئیلێ گرانه،
شنگینێ دارێ کوٚل ـ مسرییانه،
وێ رۆژێ عەشیرا ئەحمەد ئاغایێ مەندی شکێناندنه
دیسانێ ل عەردکه بێپیڤانه،
خوین داژۆ لاشانه،
سمبێلی سوٚر سوٚسنی د ناڤا خوینانێدا دمانه،
حەوا ـ حەوێ کورێ باڤانه،
یەکێ خوەدێ نەناس ژ وردا تێ‌دبینه عەرف و عمرانه،
دەربەکێ داڤێ وان هەردو چێلییێ شێرا،
وەکـە تو تەرحێ حەسـەنی تم و دایم ئاڤ ل بنـه، وەجێ
وان وەکە گولانه،
سەرێ وان ژێ دکن وان داڤێن ئاخاکوورێ مەرزەلانه،

ژ نووڤێ دیسانێ زوٚر عەلی ئاغایێ تیماری باڤێ
نازلیخانه،
دبێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ،
لۆ، لاوۆ،
هەرێ، هەرێ، هەرێ، کورێ من، لۆ
بان دکێ بەلێ زارۆیی منۆ، دلێ من ل یانه،
برێ من، دلێ من ل یانه،
عەشیرا ته عەشیرەکی زالمه، ئیمان و رەحم تونه ل دلێ
وانه،
م خودێ کر عەرف و عمران ب شیرێ ناگانه،
کورێ باڤا ل مەیدانا گرانه،
گەلـەکی دلێ برایێ وی ئەحمـەد ئاغـایێ مەنـدێ، باڤێ
غەزالا کوردانه،
دلێ وی شەوتی، رما خوە چکاندو عەنیا خوە دانی سەر
رمێ، چلوٚبەکێ هێسرا باریانه،
ئەوێ رۆژێ دیسانێ وی ئختیاری خوە بەردایه مەغوودێ
کورێ باڤا،
کەلا خوە هێنك کر، لێ چ بکێ،
دڤێ، تەڤا بقەلینم، ئەز ڤەناگەرینم خەلەڤا عەرف و
عمرانه،
لاوۆ، تەیارۆ، خوەدێ ته تو دەربا نەوافەقینه،
دیسانێ خوەدێتۆ ژ مر دستینی عەردا خوەدانه
دبێ، تەیـار وەکـە تەیـارەکی بازی، چەنـگ زێـرین چاوا
بوویه قەسابێ سەرێ میرانه،
خوینی داژۆ لاشانه،
حەوا ـ حەوێ کورێ باڤانه،
لێ ئەنـەمـا زانـم نه سەر بەختـێ مه بە، نه سەر بەختێ
گۆتن بێژێ بەرێ،
هنك دبێ ب عەمرێ خوەدێ کر،
هنك دبێن یەکی دەربەکا دایێ ل بەژن و بالا باڤێ
نازلیخانه،
ئەوی ژێ عەمردا، ژ نووڤا مەیدان بوو تەیار ئاغا، کەکێ

نازلیخانە، هەی لۆ،
هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ،
هەرێ، لۆ،
هەرێ، هەرێ، هەرێ، کوڕێ من، لۆ.
بەلێ، بەگێ منۆ، دلێ من ل یانە،
وەزیرێ منۆ، دلێ من ل یانە،
مەیدان ل سەر سەرێ تەیار گران بوو،
بوو حەوا - حەوێ کوڕێ باڤانە،
فرسان و عەگیت نکارن خوە بگرن ل بەر بێهنا تەیار،
کوڕێ زۆر عەلی ئاغایێ تیماری، باڤێ نازلیخانە،
وێ ڕۆژێ دیسانێ ئاپێ وی گەلەکی قەهری، داماری عەنیێ ڕابوون،
زرخێ بۆتانی قامچیك د بەر جزمێدا دانی،
بەرێ خوە دا ترادا برازیێ خوە تەیار ئاغا، ترادەکە گرانە،
تم و داییم مەیدان ل ئالیێ وی دشکێ،
سوار نکارن دو دو بگهێن سەر سسیانە،
حەوا - حەوێ کوڕێ باڤانە،
وەکە چیایێ ئۆمەریا خوە بەڕا پەڕێ مەیدانە،
کێلەکا تەیار سێزدە شڤ د ناڤا پشتا وی چکانە،
شریتێ خوینێ سەر بەژن و بالا زراڤ،
شال و شاپکێ بۆتانی نازك ڕژاندن عەردا خوەدانە،
دگۆ، هەڕێ، هەڕێ، هەڕێ، هەڕێ برازێ من هەڕێ.
هەڕێ هەڕێ، هەڕێ، لۆ، لۆ.
بان دکە:- لاوۆ، تەیارۆ برازێ، دلێ من، دلەکی دلۆ دینە،
تەیار بان دکێ دەبێ:- ئاپۆ، ئەز تەیارم، تەیاری دینم،
تەیارەکی بازی چەنگە زێڕینم،
ئەز مێرا دکوژم، ب قەسەم ناڤێ خوەدێ، حەساب د ناڤا من نینە،
لێ دەستێ ب تەنێ چ بکم شێرێ عەلی بە دەنگە ژێ نابێ،

تە فرسەند ژ م ستاندییە، نکارم دەست هلینم
دلێ من ژ دلا دلەکی دلۆ دینە،
مەکتووبێ ژ بەر خوە دەردخە، کاغەزێ، قەلەمێ ل سەر داتینە،
گەلەك سلاڤ و کلاڤا لێدکە، پیرکانێ ئاغایێ ئێزیدخانە،
دبێ حالێ من ب قەسەم ناڤێ خوەدێ، حال د من نەمانە،
حەگەر ئیمدادەك تە هەبە، تو گازیو هەوارێ بشینە،
دیسانێ ژ کەکێ نازلیخانە،
هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ،
هەرێ، لۆ
هەرێ، هەرێ، هەرێ، بەگێ من، لۆ.
بەلێ، بەگێ منۆ، دلێ من ل یانە،
هەرێ، میرێ منۆ، دلێ من ل یانە،
وەختێ مەکتووب گها دیسانێ دەستێ پیرکان ئاغایێ ئێزیدخانە،
لنگێ خوە لێخست ل قۆندرا، ل ماسانە،
ڤێڕینەك دا ناڤا عەشیرێ زیلانە، حەیندارا،
ب قەسەم ناڤێ خوەدێ ئێزیدێ خالتانە،
بێ عەبە سوار جواندن و هەوارەکە مەزن قەوات و ئیمدادەکە گران دانە ژ تەیارڕا،
دیسانێ وەکە کەریێ شەمارو ئنزانە،
دارو دەڤنێ چۆلانە،
سالا غەلاو جەلا، کولی کەتیە عەردا خوەدانە،
ولۆ قەوات بێ حەساب، بەرەقێ وان بلند سپی، چاوا دیسانێ کشیانە
ئێ ما ئەحمەد ئاغایێ مەندی، باڤێ غەزالا کوردانە،
دبێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، گەلی مەندانۆ،
گەلی مەندانۆ، دلێ من ل یانە،
بالا خوە بدنێ خوەب خوەتییێ مە خلاس کری،
ئەم کەتنە شەڕێ کریڤانێ مە ئێزیدیانە،
سۆزی من ل بەر خوەدێ بە، ئەز ژبیر ناکم،
ئەو سۆندا مە خار ب قورانێ عەزیم، ب سۆندێ

حوٚریانه،
مه دگوٚ:- «ئێ ژنا بده غەریبا، ئێ ژنا بڤه ژ غەریبانه،
نامووسێ وان بەگلکه، مالێ وان تالانه»،
ئەڤ ئیروٚ ژ مەڕا کەتنه عەردەکه ڕاست، عەردەکه بێ‌پیڤانه،
باڤێ منوٚ، زەند بدن هەڤدو، ئیروٚ ئاخر دەورانه،
یان مەندا وێ بمینن، یان وێ نامووسێ بمینن ل شوونا خوینانه، لوٚ
هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، لوٚ
هەرێ، هەرێ، هەرێ، میرێ من، لوٚ، لوٚ.
هەرێ، هەرێ، هەرێ بەگێ منوٚ.
بەگێ منوٚ، دلێ من ل یانه،
پوٚرێ پوٚشمان، گرییێ گاورێ بنێ بەحرا ب حالێ تەیارا،
دارو دەڤی یێ ب حالێ وێ گریانه.
بەرێ خوەدا جەم خوا خوە نازلیخانه،
ئەوێ زەلیخا توونێ ب خوەڕا بر بەردایێ دەرییێ نازلیخانه،
قەدەرێ چەند سالەکی مان، هەگەر ب گالگال ئەز بێژم، درێژە، نکارم ل بەر عەمرێ وان بمینم،
وێ ستران درێژ ببه، نکارم درێژ بکم ل عەردا خوەدانه.
لاوێ زلیخانێ زوو دگهێ، خوٚوت بوو.
عەمرێ وی سێزده سال، خارزیکی وی کوڕێ نازلیخانه،
ئێزیدی کەتن ب ئاقلێ وی، گوٚتن:
- کوڕوٚ، خالێ ته ل ڤره، وێ ڕوٚکێ تەسلیم بکه عەشیرێ ئێزدیانه،
وێ ته بهێله ناڤا سوٚلا، بکه گاڤانێ سەوێل، دەوارا ل چوٚلانه،
ڤێ گالگالێ دبێژه، لاوك جاهله؛ گوٚ:- ژ ئیروٚ و نێڤا گالگال ژ دەڤێ ته دەرکەڤه،
ئەزێ گلگالێ ته بشکینم، ب قەسەم ناڤێ خوەدێ، ناڤا فرسانا ل دیوان گرانه،
تەیار ژ نووڤا وێسرێ وی زوٚ - زوٚ خوە بەردانه،
دگوٚ:- هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، خارزیێ هەی لوٚ،
ئەرێ خارزیێ، دلێ من ل یانه،
هەڤێ ته، گالگال تو کێم بێژه،
زێده گەرەك توٚ ژ خالێ خوە بێژی بەرده م ژ ناڤا ئێلێ گرانه،
م چ کر، م سەرێ خوە خراکر،
گە ئەز باش بووما، م نەددا زلیخاتوونێ، چیچەکا ملانه،
لێ دەستێ خوە ئاڤیتی نگێ خارزیێ خوە،
لێ‌خستی ل بن گوهێ دیوارێ ئوٚدا گرانه،
مەژێ د چەعڤارا ئاڤیتی، بەردا، بەردا خوەدانه.
بەلێ بەگێ منوٚ، دلێ من ل یانه،
حاکمێ منوٚ، دلێ من ل یانه،
گەلی وەلاتێ غەریب و غوربەتێ،
نه ئەهله، نه خاله، نه خارزی‌یه، نه خودانه،
کەتی‌یه عەردەکه بێ پیڤان چەند غەددەره
ناحەملینه ئنسانێ شەڤدەر ل چوٚلانه،
ڕەڤینێ تاڤان و عەورانه،
شرقینێ بروسکێ، عەبوورێ بەرفێ باریانه،
حشك کرن تەیرو تروورێ چوٚلانه،
فرینێ حەمدانییێ دبندا شێنکایی نەما،
دیسانێ قوڕامێ جانێ‌یا وی ڕجفین ل عەردا خوەدانه،
ئەو نکاره بشتەغله ب چەعڤانه،
شەڤ نیڤێ شەڤێ نێرێ ڕوٚنیکەکه خویانه،
گهایه دیسابەر ڤێ ئلا گرانه،
سەرێ حەمدانی بەردا گوٚ، ڕاست هەکی تو عەسیل بە،
تێ من بگهینی کوٚنێ مرازا،
گە م خلاس‌کە ژ ڤان ئیشێ هانه،
غەزالێ بان دکه:- وایێ، وایێ، دلێ من یانه،

ئەرێ یادێ من ل یانە،
ڕاست ئا باڤێ من نە بەختە، نە ئیمانە،
قەلاند تفکا ئابێ من ژ بنیدا،
نەما تەیار بریندارکر، نە نزانم بەردا ب کیژان عەردێ
خوەدانە،
یادێ یانی باڤێ من ئەز دابـووم کورامێ م تەیـار ئاغـا،
تەیارێ دینە،
ئە نەما زانم ل کیژان دەرێ ب لورتیلێ ئیزدی‌یا خوەدێ
دانینە، هەی، لۆ، لۆ،
هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ، هەرێ،
هەرێ، لۆ،
هەرێ، هەرێ، هەرێ، کورێ من، لۆ،
بەلێ بەگێ منۆ، دلێ من ل یانە،
حەمدانی‌یێ خوە ب چاسرا کۆنێ خوراند،
دیسانێ غەزالێ چەنگ و گۆ:- یادێ، دلێ من ل یانە،
ئەڤ چەند سالە ڕۆکێ تەیار نەهات سەر زمانێ مە،
هەگەر ئەز ژ تەمە، ژ باڤێ خوە ئەحمەد ئاغایێ مەندی،
باڤێ غەزالا کوردانە،
گە ئەز حور ڤیز حورامە،
هەگـەر ئەڤ شریتێ چاسـرێ خوری‌یـا، مێڤـانێ مە تەیار
ئاغا، کەکێ نازلیخانە،
تالی‌یا خوینێ دگەرە گیری خوەدێ کێری مەرڤ نەمانە،
هەرێ، بەگێ منۆ، دلێ من ل یانە،
غەزالێ ڕادبوو، چەندبوو دگۆ:
- ڕاب دایێ، دیسانێ ئەڤ تەیارە،
خوە ئاڤیت نەهێلی پشتەغلێ، جەمدی‌یە ژ سەرمێ،
هەما ڕاهشتنێ د ئۆرتا خوە دانینە،
پۆتك و لڤینێ دانە دۆرێ وێ ڕۆژا گرانە،
ب نقشکی می‌یانە چوون و هاتن، کارە بدە جوابا وانە،
ئەمێ کن لێخن، دیسـانێ غەزالێ ڕابـووبـەرێ خوە دا
دیوانا گرانە
گۆ:- یابۆ، ڕابە ژ خەوا گرانە،
گۆ:- کەچا من تەخێرە؟ قەی هلائینە دژمن و نەیارا، ئەم
تەوقاندنە ل خوەدانە،
گۆ:- یابۆ، ئەز تەلـەبیـاتکێ، گالگـالکێ ژ تە بخازم و نە
زێدە ل عەردێ خوەدانە.
یابۆ، ئانکا گە مێڤانێ مە بێ تەیار، تەیارێ دینە
گەرەك تو بدی خاترێ غەزالێ، عەفو بکە ژ بۆی خاترێ
من،
تفکا مالا مەزن ب دەربەکێرا نەتەفینە، لۆ،
دگۆ:- ئەرێ ڤیزا منێ، دلێ من ل یانە،
مادام‌تو کەچەکە پیرەکە بیر دبە ڤان گالگالێ هانە،
ب قەسەم ناڤێ خوەدێ، گە تەیار بە، ئەزێ تە بدمێ ب
قەول و ڕەسوولێ خوەدانە،
گۆ:- یابۆ، تەیار بان کرنێ هاتێ ژ ئالیێ مالێ، داگەڕاندن
دیوانا گرانە،
بانێ کرن مەللەکی سورمانا نکاحا وی کرن ل غەزالا
کوردانە،
ئەوێ ڕۆژێ دەف و دەهۆل و زورنە ژ وانرا دانینە ل دیوانا
گرانە،
گۆ:- تشتێ چوو ئەم لێ سوئال ناکن.
میرێ منۆ، گهانە مرادێ خوە.
ڕونشت ل بەر ئابێ خوە، گۆ:- ئابۆ، تو چ بێژی،
ئەز دیسانێ نکارم، گالگالێ‌و گۆتن نەمانە.
سەرێ وە ژ مر ساغ ل عەردا ئالانە.

فەرهەنگۆك

---

ژوەرا بێژم: پێتان بلێم، پێتان بێژم
هەڤدوو: یەکدی، یەکتر
شیڤ: شیو، ئاش، چێشت، بەمانا نانی (شێوان)یش
حژ: حەز
هین: هەرگیز، قەت
شەرپەزە: پەشێو، شپرزە

بان کر: بانگە کرد

غەلا: گرانیوقات وقڕ

گران: گەورە

بڤن: ببین

بڤ: بیە، بەرە

حەتاگ: تاوەکو، (گ)هێندێ جار بە مانا (گشت)هاتووە.

خەل: خەلك.

دان بالاخوە: بیریان کردەوە

بجڤن: خڕبنەوە

شڤ: شووڵ، شووڕك

پۆز: لووت

قوبوور: دەمانچە، پشتوو

جۆل: ڕان، گەلە، کەری

می: مەڕ، مێ

حەلال: لێرەدا بە مانا مەڕومالاتە

نەفەل: مێخەك، (قەرەنفل) ئەسڵەکەی (قەرەنەفەل)ە،
واتا: مێخەکی ڕەش.

تلی: قامك، پەنجە

کریڤ: خزم، دۆست

عەور: هەور

مژومۆران: تەم ومژ، دووکەڵ

کۆن: خێوەت، ڕەشماڵ

دەو: دۆ

مێشك: مەشکە

پێسیر: یەخە

نەوق: (ناوقەد؟)

قورگ:

مێژێن: کشان

بەگلك:

سۆرنك:

نگ:

تکارك: تەدارەك

چیت: چیغ

ئۆرتە: ناوەند

هەوق: گەردن

حەمدانی: جۆرە ئەسپێکە

سورمان: موسلمان

زارڤ: باریك

مفت: مست

بندۆق: فندق

تەعژی: تاژی، ئانجی

ژمر: ژمرا، بۆ من

بۆش: گەلەوشتر

دەڤە: وشتر

نامووسیێوان بەکگلە: نامووسیان بە ئاڵان وبرۆ دەبردرێ

دەڤی: دەوەن

لۆق:

چکاندن: چەقاندن

چیلی: بێچوو

ناگ: (ناقة) وشترەمێ

دەرب: (ضرب)

قازوقتك: قازوقولینگ

کۆل ـ مسری: کۆسەمیسری، شیری‌میسر

بێقل: کەپوو

لەلە: کۆت

مەربەت: (مربط) پێوەند

خویان: ئارەقە

مەرزەل: گۆڕ

دامار: دەمار

تراد: راونان

ماس: پێلاو

عەسیل: (اصیل) رەسەن

کورام: کوڕمام

نڤشك: نویشك، سەرتوو



# م چرا خوه ڤەمراندو یاتە بەردایێ



○ صبری بۆتانی ○

دبێژن زەلامەکی هەسپەك هەبو. ئەڤ هەسپێ وی تەپ دهاتێ. هەر شەڤ تەپرەپا وی بو دئاخورێدە.

وی ژی چرا خوه دبر دچو بەر سەرێ هەسپێ خوه رادوەستا هەتا تەپا وی ژێ دچو. ئێدی نەبو شەڤەك و نەبو مەهەك. مێرك پێڤە کێسیرەبو. رۆژەکێ گۆتە خوه یاقەنج ئەوە کو ئەز ڤی هەسپێ خوه بفرۆشم و خوه ژێ رحەت بکم، ئوسا بۆمن و وی ناچت سەری. رۆژا پاشتر کورتان کر و لێ سواربو و چو. گەلەك گوند و زوم شۆن خوەڤە هشتن. چۆچۆ هەتا گها گوندەکی دوور و ڤەدەر دا ناس نەکن.. ژ هەسپێ خوه پەیابو و رۆژ ب خێرەك دا و گۆت:

هەکە بکر هەبن ئەز ڤی هەسپێ خوه دفرۆشم..
زەلامەك ژنێڤ کۆمێ هاتە پێش و گۆت: ئەڤە ئەز، هەکە تو بفرۆشی ئەزێ بکرم.. بازارا خوه کرن و هەسپ ژێ کری و گۆتێ ژی: برا هەسپێ تە چاوایە؟.. گۆتێ:

بابێ من خودێ وکیلێ تەبت م چرا خوه ڤەمراند و یاتە بەردایێ، هەسپێ من وەلێ باشە. مێرك دراڤێ خوه وەرگرت و زڤری هات مالا خوه.. یێ دی ژی هەسپێ خوه بر داکر. رۆژ چۆ و شەڤ هات.

ل دەرەنگێ یا وێ شەڤێ دەنگێ تەپرەپەکێ ژ ئاخورێ هات. ژ خەوا شرین هلپەکاند. وی ژی چرا خوه ڤێخست و بر و چۆ بەر سەرێ هەسپێ خوه راوەستا هەتا تەپا وی ژێ چو. چار- پێنج رۆژ سەرڤە چۆن، کارێ وی بو ئەو. رۆژەکێ گۆتە خوه: خودانێ ڤی هەسپی ئەز خاپاندم، هەسپێ وی نەهێژایە پۆلەکی قەلپ، هەکە بفرۆشم ژی کەس پۆلەکی پێ نادت، دراڤێ من ژی چۆ، و هەسپ ژی بو بەلا سەرێ م. چارە نینە ئەزێ رابم هەرم هەسپێ وی لێ ڤەگەرینم. وی ژی رابو هەسپێ خوه جل کر و لێ سواربو، چو.. نە ل ڤی گوندی گوندی هە. ب پرس و پرسیار ژی کەسەك نەدیت کو سالوخەکێ ژێ هلدت.. پاشێ ل نێزیکی گوندەکی دیت کو هەسپێ وی ئەو رێیا ل سەر دچۆ بەردا و رێیەك دێ گرت و لەزاند. مێرك زانی کو ئەڤ رێیا گوندێ خودانێ وی یێ بەرێیە. وی ژی هەفسار سست کر. راست و رێ چۆ بەر دەرێ مالێ. ژێ پەیابو و گۆت: وەرە بابێ من، وەرە بەلا ڤی هەسپێ خوه ژمن ڤەکە. شەڤ تەپ تێنێ و ئەز چرا خوه ڤێدخم دچم بەر سەرێ وی رادوەستم هەتا تەپا وی ژێ دچت.. مێرك گۆتێ: هەی بابێ من! ما رۆژا گۆتێ کو من هەسپ فرۆتی تە، من نەگۆت: خودێ وەکیلێ تەبت، م چرا خوه ڤەمراند و یاتە بەردایێ؟.



# پاییزوك

عبدالرحمن مزوری

دەما ئەم هندەك خو دناڤ سترانا زارگوتنا كوردیدا بەرددەینە خارێ، بومە ئێكسەر خویا دبیت، چەوا گەلەك تاك وچق و جوك. . ژێ دچن. مینا سترانێد شەڕان و مێرانیێ كو لاوكن Lawik سترانێد ئەڤینی و بەردلكیێ حەیرانوكن Heyranok ، سترانێد درێژێد ئولی لاوژەنە Lawje ، ستران وەرگرتن ژدەڤێ هەڤدو گەرە ـ لاوژەنە Gere - lawje ،[1] سترانێد دیللان وسەمایێ دیللوكن Dillok ، سترانێد شینی و خەمان زێمارن Zêmar ،[2] سترانێد نڤاندنا زاروكا لورینە ..... ئو رەنگێ ئەم ئەڤرو لسەر دئاخڤین كو پاییزوكن Payîzok .

[پاییزوك] مینا ژناڤێ وان دیارە **كەژێ پاییزێ دبێژن. .** هندەك كورد دبێژنێ پیرە پاییزوك، **دەمر بەندەكا سترانێدا** پەیڤا [پاییز]ێ بشاشكەرایی تێتن **وەكی دەم. هەكە هاتو** هوزانڤانی پەیڤا پاییزێ نەدانابیت، **هندەك نیشانێد وێ** دانابنە، مینا ستێرا گلاڤێژێ، یان **تەڤێد باران و بەرفێ،** یان باو عەوران. . . هتد.

ناڤەروكا [ پاییزوكا] ئەڤینی و بەردلكی یە، **دناڤبەرا كچ** وكوڕاندا. . یان كوپر نێرینا **دونیایی یە، بشاوایەكێ** فەلسەفی، دەمێ بەلگە وەراندنا **داروباری.**

روهەلاتڤانێ مەزن توما بوا **Thomas Bois** نڤیسی یە:

پاییزوك، ئانكو سترانێد پاییزێ، بەندێد، وێ كورو كچ دهاڤێنە بەریێك، دەمێ پاییزێ ژ زوزانێد بلند تێنە خارەێ.(*)

بۆ پشتەڤانیا ئاخفتنا بوری، چەند ڕێزەك دناڤ پاییزوكێد گوتارا مەدا هەنە، باسی هاتنا كوچەرا دكەت ژ زوزانا وەكو:

**ئیرو پاییزە**
**منێ نەكریە كاروبارێ زڤستانێ**
**كوچەرێد مال خراب، مالێدخو، باركرنە**
**ژوار وكووزێد ڤێ زوزانێ. . .**
**. . . هتد.**

یان:

**نیشانێد پاییزێ چنە. .؟!**
**سیڤێد سۆرن**
**گەلی وبەرگەلیا بگرن.**
**دا كوچەرێ مالێ خراب نەبورن**
**. . . هتد.**

بۆ كێش و قافیا [پاییزوكا] چو جوداهی دناڤبەرا وان و سترانێد دیێد كوردیدا نینە، وەكی [لاوكا] یان [حەیرانوكا] بو نمونە.

هەر هوزانێد سەربەستن. . دهەر بەنرەكێدا باراپتر [سێ] قافیە یەك دگرن. . جارنا [چار] قافیە ژی.

ئەڤێد ژێری، قەفتەكا پاییزوكێد كوردینە، لدوی زانینا مە، حەتا نهو، نەهاتینە بەلاڤكرن:

*** ١ - هایێ. . هایێ**
**وێ ل من هاتی پیرە پاییزەكی،**
**بلەز وبەزە**
**سەركێد ژوری بەفرێ گرتن**
**غەزەبێ خو هاڤێت خوپانێد،**
**كەڤتە رەزە**
**خوزی ژخێرا خودێرا**
**تو بوكەكا مالا بابێ من بای**
**من ژكرتو مالێ دنێ ئەڤە بەسە!**

*** ٢ - هایێ. . هایێ**
**وێ ل من هاتی پاییزەكی رەش و تاری**
**دارا خەملا خو وەراندن**
**تاڤی تاڤی باران باری**
**خوزی ژخێرا خودێرا**
**ئەزو بەژنا بلند جارەكا دی**
**بگەهاین ئێك**
**بلا پاشی ئەزا رەبەنا خودێ بیام،**
**تەماشاكێ ڤی بازاری**

*** ٣ - هایێ. . هایێ**
**وێ ل من هاتی پاییزەكا زوییە،**
**منێ نەكریە كاروبارێ ڤێ كانوینێ**
**سەركێد بلند بەفرێ گرتن**
**تاڤیا خو هاڤێتە،**
**كەپێد دیرەبوینێ**
**كورو كول مالو، مالێ باب خرابو**
**دەیابێد تەچما دەینەكر**
**وێ سالا پار، ل وارگەهێد وێ هاڤینێ. .؟!**
**ئیرو پاییزە وا هاتییە وەختێ،**
**خاتر خواستن وبەلا ڤبوینێ**

*** ٤ - هایێ. . هایێ**
**ئیرو پاییزە، دلكێ منێ كەتییە**
**بەر كەسەرا**
**گورە باكی راییە (لكاتول)و (كەلەم پەرێ). .**
**فراندییە دەخل وقرشكێ،**
**لسەر بێدەرا**

هەچیێ دوست و یارەك بكەیفا دلێ‌خو نەبیت
بلا چومارا مەدحێدخو نەكەت،
لناڤ دیوانا، ل چو دەرا..!؟

* ٥ - هایێ.. هایێ
ئیروپاییزە، منێ نەكری‌یە،
كاروبارێ زڤستانێ
كوچەرێد ماڵ خراب، ماڵێدخو، باركرنە
ژوارو كووزێد ڤێ زوزانێ
خوزیكا ئەز بیامە هەڤال و هوگرێ بەژنا بلند..
دسێ شەڤێد كانونێ‌داو
دسێ روژێد خوپانا ڤێ گولانێ

* ٦ - دایكێ تو ب خودێ كی
سەرێ من رەبەنا خودێ ب شو..
سێ‌بسكێد دەلال چیكی
وەكی كچێد شێخاو دەنا دەمێ پاییزێ،
دچنە [جەمایێ] تەوافا [شێخادی]..
منێ عەبدالەكا خودێ
دگەل ڤریكی

* ٧ - هایێ.. هایێ
پاییزەكێ ل من دەست دا منێ نەكری،
كاروبارێ زڤستانێ
سەرێ بەرویكا مە دخازێ
رەشیشەكێ هویر بارانێ
ئیرو خەلك و عالەم ب حالێ خوە زەوجین
ئەزو هەڤالا خوە بی‌یە،
مەحەلێ دەست ژهەڤدو بەردانێ

* . - هایێ.. هایێ
نیشانێد پاییزێ چنە..؟!
سیڤێد سورن
گەلێ‌و بەرگەلیا بگرن،
دا كوچەرێ ماڵ خراب نەبورن
ئەڤینیكا خەلك و دونیا وعالەمێ..
بسالێ و مەهانە
ئەڤینیكا من وكەلەش گەورا من..
ب كوتەك وزورن

* ٩ - هایێ.. هایێ
پاییزەكێ ل من دەست دا
من چ ژحالێ خوە نەزانی
سەرێ [سوبریتكێ]مە گرتی بەفرێ،
جەمەدێ گرتی،
میرگە و كانی
چاڤێ كەلەش گەورا من، پ خوە رەشن..
ناگرن كلێ سوبحانی

* ١٠ - ئاخ هەی هایێ.. هایێ
ل من هاتو پیرە پاییزە،
وەیلا ل من عەبدالەكێ خودێ من نەكریە
كاروبارێ زڤستانێ
چیایێد مە یێد ژوری بەفرێ یێدگرتین
ل دەشتكا مە یاتێتن تاڤەكا بارانێ
هسن بەرێخودایێ بو وەختێ كەپر هەرفاندنێ
كچان و كوران دەست ژێك بەردانێ
ئای هوی فەلەك خاینێ
سنگە وبەرێ ڤێ كولێ
.. كول ماڵ بابێ
كووزو پیوانێ دەستێ من بون
ڤیجار دلا بەرێخو بدێ
كەتی‌یە بەندا ماڵان ومیران..
لەقانێ و گەزان و....
حەرامە تێكڤەدانێ

* ١١ - ئاخ هەی هایێ.. هایێ
ب سەرمەدا هاتی‌یە پیرە پاییزەکا
چەندا بلەزو بەزا
ئاڤەکا بارانێ دارێتە دەشتا مە یاژیری،
خراپکرن کەپرۆکێد ئەڤان رەزا
ئای هوی فەلەك خابنێ
سنگە وبەرێ ڤێ کولێ
... کول مالێ بابێ
کووزو پێوانێ دەستێ من بون
ئیجار دلا بەرێخو بدێ
چاوا کەتی‌یە بەر بەندا مالان و میران
.. لەڤان و گەزا

* ١٢ - ئاخ هەی هایێ.. هایێ
ب سەرمەدا هاتو پیرە پاییزە،
وا لمن دکەتن گازی
ئاڤەکا بارانێ دارێتە داروبارێ رەنگین
شەنگە سپیندارۆکێد حەودا،
هێلانە تازی
کچێ مالێ باب خرابێ تو چاوا ژخودێ ناترسی،
ئەڤە سەرێ خدرو خدر ئەلیاسانە
تو دەستەکێ هەلال و بەیبوینا..
ژمن دخازی...؟!

* ١٣ - ئاخ هەی هایێ.. هایێ
گەلاڤێژا مالێ خراب توچەندا ساری
ئەز دزانم،
داخەکا تە ژهەردی‌بو
یادی ژبەلگێد داروباری
پاتو بومن چ دبێژی،
سنگە و بەرێ ڤێ کولێ
.. کول مالێ بابێ
کووز وپێوانێ دەستێ من بون
ئەڤروکە ئێکێ دی خاری..؟!

*

* ١٤ - ئاخ هەی هایێ.. هایێ
ب سەرمەدا هاتەڤە پیرە پاییزە،
وەختێ ئەڤان گێرا
گەلاڤێژا مالێ خراب خو دهەلاڤێت.
ناڤ قەشانەکێ ستێرا
سنگە وبەرێ ڤێ کولێ
... کول مالێ بابێ
کووز وپێوانێ دەستێ من بون
دیسا کەتینە بەر لەڤان و گەزان،
.. بەر بەندا مالان ومێرا

ژێدەرو دەهمەن:

---


(١) د. ئوردیخانێ جەلیل/ سترانێ زارگوتنا کوردا یەتاریقیێ/ بەغدا ١٩٧٧ز/ ب: ١٠.
(٢) أنور المائي/ الأكراد في بادينان/ الموصل ١٩٦٠م/ ب: ٢٠٢.
(٣) توما بوا/ مع الأكراد/ ترجمة: آواز زنگنه/ بغداد ١٩٧٥م/ ب: ٧٣.
(٤) ئەڤ شەش پاییزوکە، هژمار [١ - ٦] ژزار دەڤێ هێژا حەجی عەمەرێ بێزهی، روژا ١٩٨٤/٨/٢ز هاتینە وەرگرتن.
(٥) ئەڤ سێ پاییزوکە، هژمار [٧ - ٩] ژ زاردەڤێ سترانبێژێ ناڤدێر مُحمَّدعارفێ جزیری، روژا ١٩٨٥/١٠/٢٨ هاتینە وەرگرتن.
(٦) ئەڤ پێنج پاییزوکە، هژمار [١٠ - ١٥] ژ زاردەڤێ سترانبێژێ هێژا محمَّدێ نیهاریێ [محمد یاسینێ بامەرنی] سالا ١٩٧٧ز هاتینە وەرگرتن. هوژانڤان محسن قوچان ژمەرا شاندینە، جهێ سوپاسیا مەیە.




# بەشیعرەکانی "بەیان"دا چوومەوە

○ کاکەی فەللاح ○

بەرلەوەی چاوی سەرنج و تێبینی و رەخنە بە شیعرەکانی «بەشی سۆرانی» گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە - ١١٨ - ی نیسانی ١٩٨٦دا بگێرم، حەزدەکەم ئاوڕێکی بایەخدان لەو رەوشتە رۆژنامەگەرییە دروستەی ساڵەکانی پەنجاکان و

شەستەکان بدەمەوە، کە دەستەی بەڕێوەبەرانی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە، جاروبار، ئەرکی چاوگێڕانەوەیان، بە بابەتەکانی شیعر، یان چیرۆك، یان هەموو ناوەرۆکەکە، بە شاعیرێك، نووسەرێك، ڕەخنەگرێك، دەسپاردو، دوابەدوای ئەو ژمارەیە، بڵاودەکرایەوەو سوودی خۆی بە نووسەری بابەتەکان و خوێنەران بەگشتی و، بەتایبەتی نووسەرو شاعیرە لاوەکانی جیهانی ئەدەب و ڕۆشنبیری دەبەخشی. ئەم ڕەوشتە ماوەیەکی ئێجگار زۆرە، بەرچاو ناکەوێت و خراوەتە پشت گوێ و، تەنانەت پیاو بۆ ئەوەش دەچێت کە ئەمە ڕەنگە ڕەوشتێکی (ژەنگاوی کۆن) بێت و لەگەڵ ڕەوتی شیعری نوێ و ئەدەبی هاوچەرخدا دانوویان نەکوڵێت و نووسەرو شاعیری ئەمڕۆش ڕەنگە لچ و لێوی لێ هەڵقورتێنن و بەدڵیان نەبێت.

بەڵام بەلای منەوە، هەتا بڵێی ڕەوشتێکی سوود بەخش و ئاسۆیەکی ڕووناکە بۆ فێربوون و پێگەیاندن و هەست کردن بەلێ پرسینەوەی وشەو پێشکەوتن و خۆناسین.. هتد. بۆیە هیچ نایشارمەوە پڕ بەدڵ ئارەزووی زیندوو کردنەوەی ئەم نەریتە ڕۆژنامەگەرییە دەکەم و

هیوادارم هەموو گۆڤارو ڕۆژنامەیەکی کوردی بایەخی پێ بدات و بەڵکوو هەندێك شارەزایی و تاقی کردنەوەو ڕۆشنبیری و ڕەخنەی بابەتیانە جێگای هەڕەمەیی و پاشاگەردانی و کاڵ و گرچی و بایی بوون و خۆنەناسین بگرنەوەو کەمێك بەرچاوی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیمان ڕووناك ترو گەرم و پتەوتر بێت.

هەر بۆنەوەش، ئارەزووەکەم لە چوارچێوەی قسەو پێشنیازدا نەمێنێتەوەو دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرنووسەری ئەم گۆڤارەدا لە سلێمانی و لەسەر داواکردنی شاعیرێکی هاوڕێم - کە شیعری لەم ژمارەیەدا نی یە - ویستم ئەم هەنگاوی ڕەفتارە بنێم و لە بەردەمی نەرمەبایەکی ڕەخنەدا سووکەشەن و کەوێکی ئەو کۆمەڵە شیعرە بکەم و ئەوەندەی بتوانم پووش و پەڵاش و دانەکەی لەیەکتر جیابکەمەوەو شتێك بە ئەنجام بگەیەنم.

### ١ - کسپەی دێرین:

ئەم پارچە شیعرە، بەپێی پێرستی بەرگەکەی هی کاك (عوسمان خۆشناو)ە، بەڵام لای سەرناوەکەی کاك (عوسمان هەورامی) نووسراوە - کەرەنگە ئەمەیان ڕاست بێت و ئەوی کەیان هەڵەی چاپ بێت - ناوەرۆکی شیعر ڕازوگلەیی دڵدارییەو پێش بیست ساڵ زیاتر هەناسەی داوە.. ڕووبەڕوو بوونەیەکی سۆزو هەستی زاتی و ڕۆمانسیانەیە. وەك شێوەی دوواندن و دەربڕینی مەبەست و داڕشتن پارچەیەکی تاڕادەیەك سەرکەوتووە. ئەگەرچی بەر لە هەموو شتێك ئەو خەست بوونەوەو چڕییەی کە دەبێ لە شیعردا هەبێت، ئەم کەمتری، زۆر کەمتری گرتۆتە خۆی. قاڵبی شیعرەکەش لە شێوەی چواریندایە کە وەك شێوە کۆنە. لەبارەی کێشەوە، دەبڕگەیی یە، واتە پێنج بەپێنج، کە پێی وەستان لە ناوەراستایە. ئەم کێشەش کێشێکی ڕەسەنی خۆماڵی کوردییەو لە زۆربەی شیعرە هەورامیە کاندا، بەتایبەتی مەولەوی و گۆرانی فولکلۆریدا باوە.

لەڕووی وشەی شیعری و ڕەوانییەوە لە دێڕەکانی: (وتم بینیاییم کزبووە نابینێ)، (وتی کەواتە گەیشتمە سنووری)، (وتم بەزمانی دەروون بمدوێنە)، (چۆن لە دڵت دێ. دڵ پێ شیل ئەکەی) (وتی تۆ هێشتا لەمن نەگەیشتووی)، (هەر کاتێ کە دیت بۆ نەمری ڕۆشتووی) وشەکانی: (کزبووە، گەیشتمە، بەزمانی، لەدڵتادێ، نەگەشتووی، بۆ نەمری) گران بەدەستەوە دێن وکێشیان لاسەنگ کردووەو قورس. لەڕووی دەربڕینیشەوە دێڕی: پەرۆش داناوی سەرهەزار حەیفت) نەوشەی ڕاناوی مانای دێت - کە ڕەنگە (داماوی) بێت و وشەی (حەیفت) بۆ قافیە

هاتونە ناوەوە پێم وایە وشەی لەشکەڵ)یش بۆ قافیەبازی وای‌لێ‌کراوە ئەگینا (سکل)ە کە پشکۆیە.

## ٢ - ئەی مەی گێری لاو:

پارچەی دووەم بەرهەمێکی کاك پیربال مەحموودی شاعیرە، کە تەمەنی شیعری زۆرەو دەمێکە شیعر دەنووسێت و بڵاو دەکاتەوە. ئەمێش بابەتێکی رۆمانسیانەیەو لە دەورو خولی مەبەست و گیانی خۆی دەسووڕێتەوەو هاواری دوورکەوتنەوەو حەسانەوەو وچان دەکات.
داوا لە (مەی گێری لاو!)

دەکات کە بەجووتە دەستی یەك بگرن و ڕوویکەنە دەشت و گوڵشەن و مێرخوزارو سەر گیانی بناری شاخەکان و جیهانێکی دوور لەکینەو گەزین و دزو جەردەکان سازبکەن و خۆیان تێراوی خەیاڵ و بێ گەردیی سروشت و تەنیایی بکەن. ئەم پارچەیە وادیارە لەسەر پێ‌ودان و ڕێ‌و شوێنی پارچە شیعرێکی دیارو ناسراوی (بلە) چنراوە کە دەڵێت:

**لەبەر چاوی بەد، لە ترسی بەدکاز**
**دڵ خۆم ئەکەمە گۆڕی یادگار**
**بە گریانی وشك، بە ناڵەی بێ‌دەنگ**
**دێنمە لەرزین تەختی کردگار**

لە ڕووی داڕشتن و وشە بەکارهێنان و چۆنێتی دەربڕین و وێنەی شیعری‌و جوانکاری‌و تەنانەت ناوەرۆکیشەوە کە بۆ مەی گێڕێکی لاوە سفت و پتەویی کێش و قافیەش.

- ئەگەرچی شاعیر لە هەموو بەرهەمە شیعری‌یەکانیدا بایەخێکی ئێجگار زۆری. بەقافیەو قافیەکاری داوەو دەدات و بە ڕاستی لەم لایەنەوە بە دەستەلاتە - ئەلێم لەم لایەنانەوە جێی گفتوگۆ لەسەر کردن و رەخنەیە بۆ نموونە:

وشەی (جوانکاران) لە برگەی یەکەمدا زۆرتر بۆ قافیە هاتووە، (شاکاران) لەبرگەی پێنجەمدا مانای نایەت و هەر بۆ قافیەیە. وشەی (لە هەرلایەوە) کە زۆر دووبارە بۆتەوە، ناتەواوە، دەبوو بیوتایە «لە هەر لایەکەوە».

یان «لە هەموو لاوە»، وشەی «لاو» لە خوێندنەوەدا ئەگەر مافی تەواوی خۆی پێ‌بدرێ، **کێشەکەی قورس دەکات، دێری «لە گوڵشەندا لە کەیفگەی یاران» نووچ و وەستانێکی تیایەو ناخۆش دێ بە دەستەوە. پێم وایە** پایزانیش کە گەڵاڕێزان **دێت تەنیا گەڵا هەڵدەوەرێنێ** دارودرەختەکان نامرن **بەپێچەوانەی ئەو دێرەوەکە دەڵێت:**
**نەدار ئەمێنێ، نەگەڵای داران**

## ٣ - باخچەی جوانان: -

سێ‌یەم پارچەی ئەو ژمارەیەو بەرهەمی کاك م. عەبدوڵڵایە - کە بۆ یەکەمجارە ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبیم شیعر بڵاوبکاتەوە. بابەتی ئەم شیعرە شیوەنێکی بەکوڵە بۆ مامۆستایەکی ئافرەتی جوانە مەرگ کە ناوی (ست نەزیرە)یەو لەوە دەچێت مامۆستای باخچەی منالان بوو بێت. ئەم پارچەیە شاعیر لە خۆی دوور کەوتوتەوەو ڕووی‌کردوتە مەڵبەندی پەروەردەو پێگەیاندن و پەیامی پیرۆزی مامۆستایەتی‌و بەرهەمی باخچەکان. لەم پارچەیەدا، جگە لە سۆزو هەستی ڕاستەقینە، چەند وێنەیەکی دڵگیری گرتوتە خۆی وەکوو:

**لەلەی وردیلەی باخچەی منالان،**
**کەوەك شانەو هەنگ لەیەك ئەئالان**
**یان: دامێن سێبەری لقی ئەرخەوان**

یان: چەشنی بەرخۆلە ئەبەدەس شوانەوە لەم بابەتە وێنانە ڕستێك وێنەی هەمە ڕەنگ پەیکەرە پیرۆز کەی ئەو گریان و ماتەم و جوانە مەرگی‌یەی ڕازاندوتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی دەربڕین و لێ‌چوون و ماناوە بەشی خۆی شاشی‌و کەلەبەری تیایە کە مایەی لەسەر دوان بێت و پەنجەی بەم چەشنە، وەك نموونە، بۆ ڕابکێشرێت:

وەك سەرەتا، پێم وایە «باخچەی منالان» لە «باخچەی جوانان بۆ ئەو ناوەرۆك و مەبەستە لە بارترو گونجاوترە.

«وەك نانی تەنوور گەرمی و هالاوی» بۆ «پلنگ شالاوی» لە رووی لێ چوون، یان گونجاندنەوە کەمتر چێژ وەری دەگرێت «چەشنی بەرخۆلە بە دەسی شوانەوە» لەنگەو لە هەڵەی چاپ دەچێت و وشەی (دەسی) نی یەو (دەس)ە «گرۆزو رق گر وەك مەر ئەسازان» ناتەواوەو دەبوایە بینوسیایە (رق گری) ئنجا واتا تاکەی راست دەکرایەوەو بەلام لەنگ دەبوو. «عاشق و شەیدای کورد زمان و خاك» دارشتنەکەی لاوازەو لێك پچرانێك هەیە. لەوەش دەچێت ئەم شیعرە لەمە زۆرتر بوبێت و هەر ئەوەندەی لێ بلاوکرابێتەوە.

### ٤ ـ هەلایسان ـ ئەژاد عەزیز سورمێ: ـ

ئەم پارچەیە لە رووی گەشی و چڕی و قووڵ بوونەی مەبەست و واتاو دەربڕینەوە، بە کەمترین وشە، بەهرەی راستەقینەی شیعرو هەوێنی ئەو هونەرەی زۆرتر گرتوتە خۆی. مرۆڤ لە خوێندنەوەیدا، پاش هەموو سەرنج و رامانێك، ناتوانێ بگاتە ئەوەی کە مەبەستی شاعیر تایەتی و زاتی یە، یان خۆشەویستی یەکی گەورەترو ئاودامان ترە. ئەم شێوەی دارشتن و بروسکەدان و پێداگرتن و چڕی و بەتایبەتی بایەخدانە بەوێنەی شیعری ی گونجاوو چێژاوی ی رەسەن، زۆرتر، هەر تەواو زۆرتر، بابەتی شیعری ئەم سەردەمەی کوردەوار یمانە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چەند تێبینی و رەخنەیە هەڵدەگرێت.

هەڵگیرسان، لە «هەلایسان»، بۆ سەرناوەکەی تەواوترو راست ترە چونکە ئەمیان ناوچەیی یە.

**خەمی تۆ زریبارێکە**
**لە چاوی لەخەو تۆراوی هەژارانە**

وشەی «هەژارانە» وادیارە بۆ قافیەی «داگیرسانە» وای لێ کراوە، ئەگینا دەبوایە بنووسرێت «هەژارانا».

«ئەوەندەیش بەسە «پێنج برگەیی یەو لەگەڵ هەشت برگەیی و ١٢و ١٦دا کە کێشی گشتی شیعرەکەیە نووچ و وەستان دروست دەکات، هەروەها «ئەوەندە بەسە»ش «ئەوەند بەسە» یەو «ئای باران»یش، ئەو «ئای»یە زیادەو «باران ئەفسانە نی یە»ش هەق وابوو بنووسرایە «بارانیش ئەفسانە نی یە» بۆ ئەوەی کێشەکەی راست بێتەوەو نووچ نەدات.

### ٥ ـ کۆچ ـ ئازاد مەحموود مستەفا: ـ

دووا پارچە شیعری ئەوژمارەیە، ئەم (کۆچ)ەیە.

چ سەرناوو چ شێوەی دەست پێ کردن و چ کۆتایی و گرێدانی دوواییەکەی لەگەڵ ناوەرۆك و مەبەستدا گونجاون و کەم و زۆر بەهرە هەوێنی هونەری شیعرمان لە خۆیان گرتووەو تا رادەیەك سەرکەوتوون.

وشەکان شیعرین و مۆسیقادارن، رستەکان چڕوپڕن.

«ئێوارە کۆچی زەردەپەڕ»و (گیانی تینووی بەیانی)و (گەرووی نەی)و (کۆچی سیروان)و (پشت کیوەکانی وەرز)... هتد چەند وێنەیەکی دلگیری شیعریان دروست کردووە. ئەگەرچی لە رووی کێش و مۆسیقاو لەرینەوەی ئاوازی شیعرەوە (وەك دوولەش) کەسێ برگەیە (وەکوو دوولەش) بوایەو «زەردەو گەشەی گولالەی ئاڵی»، واتە وشەی (ئاڵی)، (ئاڵ) بوایە لەگەڵ کێشە گشتی یەکەی کە ٤ یان ٨ یان ١٢یە رەوانتر دەرویشت و دووچاری وەستان و نووچ دان نەدەبوو.

لەرووی واتاشەوە (زەردە) بۆ گەشەی گولالە سوورە دەست نادات و پێچەوانەیەو (بووژانەوە)ش بۆ گولالە نابێت بەڵکوو (... گەشانەوە) بۆ هەموو گوڵێکە.

ئەمانە بوون بەگشتی ئەو سەرنج و تێبینی و رەخنانەی کە هەستم پێ کردوون و بەپێویستم زانی پێشکەش بە گۆڤاری پیرۆزی (بەیان)و ئەو شاعیرانەو خوێنەرانی بەڕێزو خۆشەویستی کوردیان بکەم و هیوادارم کەم تابێژێ لە سوودوکەڵکی خۆیان بەدەر نەبن و لە سنووری ناسکی رەخنەی ئەدەبی و نەزاکەتی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی دەرنەچووبن.

● هیوا قادر محمد ●


# جێت ناهێڵم

دڵدارەکەم...
گەر بزانی
باڵدارەکان هەوارگەیان
لەساڵێکا چەند شوێنێکەو،
بەجێ‌ی دێڵن
بۆ ژوانی وەرزێکی نوێ
باڵی فڕین لە پەل ئەخەن
بۆ باوەشی سینەو مەمکی
وەرزێکی‌تر...

هەزارویەك خەمی پێشوو،
پشت گوێ ئەخەن:
بەس بۆ ماچی وەك چەخماخە
دەنوك لەبەردی ڕەق ئەدەن!
بەلام گیانە: دڵدارەکەم
خێڵی ژانی هەر چوار وەرزم
لە هەوارگەی تۆ خستووە
هەرتۆم ئەوێ
گەر کە شتی نوح لەنگەر بگرێت
توێ تێخنن
منی دڵدار ئەبمە خوێن و،

لەناو دڵتا جێگیر ئەبم
گەر خواوەندیش ڕازی‌نەبوو
بەرگی شەیتان لەبەر ئەکەم
تا ئەتگەمێ:
منی دڵدار
بەتەنهایی هەر تۆم هەیە
جێت ناهێڵم لە چوار وەرزی
کۆچ و ڕەوتی باڵدارانا
گەر مردیشم لە باوەشتا
بەختیار ئەنوم
جێت ناهێڵم
تا ئەمێنم.. جێت ناهێڵم.. دڵدارەکەم.



# من و ژیان و ئاوات

● محمود خسروکاوانی ●

ئەو کەسەی تەڕبوو
بە ڕێژنەی سەختی توندی بارانا،
ئەو کەسەی خواردی
ژەهری ناو پیالەی ئەشکەنجەو ژانا،
ئەو بێ ئەنوایەی[1]
سەرگەردانت بوو لەناو ژیانا،
پێلووت پێ تەڕ کرد
بە ئەسرینەکەی زامی گریانا،
ئەو کەسە من بووم،
ترۆپکی[2] هیوای ئەوینی پاکی
دەریای بێ بن بووم،
منی بێ ئەنوا،
بەبێ سل کردن لەڕێژنەی باران،
بەبێ شەکەتی[3]
لەتۆف و زریان،
هەنگاوم داویشت بەرەو دڵداریت

بۆ گوڵی ژیان،
دەچووم بەرەو پێش
تا گڕی دەروون بکەم بە چراوگ[4]
بۆ ئەوینداران،
ڕووناکی بکەم شەوەزەنگەکەی
جێگای ژوانی گوڵ و هەژاران.
★ ★ ★
ئەو ڕێچکەی کە تۆ پێیدا ڕۆیشتی
لەدوا هەنگاوت .

سەمفۆنیایەك بوو زایەڵەی[5] دەدا،
لە هەندێ ساتا دەبووە ئەسیمەی
لەگەڵێ جاریش دەبووە ڕەشەبا،
منیش لەگەڵ هەر
ترپەی هەنگاوێ،
وەکو نسێیەك لەگەڵتا بووم و
ئەسرینەکەی سەر پێڵوو موژەکان
ئیلهامیان دەدا بە جەستەی ماندوو
و ڕایان دەکێشا، بەرەو بێشەڵان،[6]
تاکو بچێتە کانگەی بێشەڵان،
جێی ئەوین دیارکاو . .
گوڵێك بچێنێ پێش هاتنی ژوان.
فەرهەنگۆك



١) بێ‌ئەنوا: بێ‌کەس
٢) ترۆپکی: لوتکەی
٣) شەکەتی: ماندووی
٤) چراوگ: مەشخەل
٥) زایەڵە: دەنگە دانەوە
٦) بێشەڵان: دارستانی چڕ

ڕوون کردەوە. بەنموونەش گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکان کە بوون بە بەڵگەی بۆچوونەکانیو، لە کۆتایی دا گفتوگۆ دەربارەی ناواخنی باسەکە کرا..

● بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە نێوان چالاکییەکانیدا، پیشانگاو کۆڕێکی بۆ هونەرمەند عەزیز سلیم ڕێك خست.

لەم کۆڕەدا هونەرمەندی ناوبراو سەربردەی ژیان و بیرەوەری خۆی لەگەڵ هونەردا گێڕایەوەو باسی سەرەتای دروست بوون و پەرە پێدانی لایەنی هونەری کرد، بەتایبەتی هۆیەکانی کارتێکردنیو پەیوەندی بەسرووشت و جوانییەوە..

هەروەها باسی ڕێبازی هونەریی خۆی کرد کە بریتییە



لە ڕێبازی کلاسیکی.. پاشان بەرهەمەکانی کە لە زۆر پیشانگای گەورەی جیهانی دا نیشان دراون لە تەك ئەوەشدا، گەلێك تابلۆی ڕەنگینی خۆی لە شێوەی سلایدی ڕەنگاو ڕەنگە دەرخست کە بووە مایەی سەرنج ڕاکێشانی دانیشتوان.

● لە نێوان چالاکییەکانی هەولێردا، پیشانگایەکی ئیشی دەست لە هۆڵی ئەیوبییەی کچاندا کرایەوە.. لەم پیشانگایەدا چەندان کاری وورد لە بەرهەمی دەست وخامەی بەشداربووان نیشان درا.. بەتایبەتی تابلۆو گوڵ و بابەتی هونەریی تر..

گەلێك بەهرە لەم پیشانگایە دەرکەوتن، کە دەتوانن بەشداری لە زیاتر بەرەو پێشەوە بردنی بەهرەو باری هونەردا بکەن، بەتایبەتی ئیشی ووردەکاری دەست و خامەی کچە هونەرمەندان.. شایانی باسە کە هونەرمەند دارا محمد علي سەرپەرشتی کاری هونەری تابلۆکانە لەم بەڕێوەبەرایەتییەدا کە تا ئێستا چەندان خولی تایبەتی کردوتەوە.. ئەمەش بەتێکڕا قوتابیو مامۆستایان دەگرێتەوە.

● کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لقی هەولێر، پیشانگایەکی خنجیلانەی لە هۆڵی کە لەپووری قەڵای هەولێر بۆ کچە هونەرمەند نەرمین ئەحمەد کردەوە..







لەم پیشانگایەدا،

هونەرمەند نەرمین گەلێك بابەتی لە سرووشت و تێ‌رامانی مرۆڤانە بەرامبەر بەخاك و مرۆڤ دەربڕی بوو. . خاتوو نەرمین ئەحمەد ئەسوەد لە ساڵی ١٩٦٦ لە شاری کەرکوك لەدایك بووەو بە چەندین تابلۆ بەشداری چالاکی هەمە جۆری قوتابخانەکان کردووەو یەکەم نۆبەرەی خۆی لە ساڵی ١٩٨٤ لە هۆڵی «هونەری نوێ» لە کەرکوك نیشان داوەو پاشەڕۆژێکی، گەشی لەبەردەمە بۆ دەربڕین و سەلماندنی خۆی.

● یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کورد لە هەولێر، لە چوار چێوەی وەرزی ڕۆشنبیری خۆیدا، ئێوارەیەکی تایبەتی تەرخان کرد بۆ خوێندنەوەی کورتە چیرۆك. . . چیرۆکی لاوان. . کە چەند دەنگێکی نوێ لە دنیای چیرۆکی کوردیدا بەشدار بوون. . وە لە سەرەتای کۆڕەکەدا کە لە هۆڵی یەکێتیدا ڕێك خرا، خوشکە جوان هیدایەت



وتەیەکی دەربارەی ئەم دەنگە تازانە خوێندەوەو کورتەیەکی لە ژیان و تاقی‌کردنەوەی چیرۆك نووسینیان پێش کەش کرد، ئینجا هەریەك لەم دەنگانە کورتە چیرۆکێکیان پێش کەش کرد.

١ - سەردار احمد حسن - چیرۆکی گۆڕان.

٢ - ئازاد عبدالواحد کریم - نهێنی ڕۆژگارێکی سست.

٣ - اسماعیل فرج احمد - باوك.

٤ - صلاح حسن - ئەمشەو ئەنێژرێت.

٥ - خدیجە عمر عبدالله - سۆی دوورکەوتنەوەیەکی لە پڕ.

● ئەبێ بوترێت، نیشانەیەکی هەرە زیندووی چالاکییەکانی هەولێر، کردنەوەی پیشانگایەکی ڕازاوەی فۆلکلۆری کوردی بوو، ئەگەرچی تەنیا قوتابخانەیەکی وەك قوتابخانەی - ڕزگاری - بەم هەنگاوە گەورەیە هەڵسا، بەڵام تیایدا سەرکەوت، بەڵکو دەست پێشخەرییەکەی نیشانەی هیلاکی و خۆشەویستی پێوە دیار بوو. .

لەم پیشانگایەدا، گەلێك بابەت و کەل و پەلی هەمە ڕەنگی فۆلکلۆری نیشان درابوو، کە لە سەردەمە جیا جیاکاندا لە لادێی کوردەواری بەکار هاتوون، لەوانەش هەندێ کەل و پەلی دەگمەن کە مەترسی ڕووچون و فەوتانیان لێ دەکرێ. . . ئەوی ڕاستی بێ، حەزمان دەکرد، یان ئاواتمان بوو ئەم پیشانگایە بەشێوەیەکی هەمیشە بمێنێتەوە، چونکە دیارە بایەخی دیاری خۆی هەیە.

# بەفرا گەرم



• جەلال وەیس •

هەمی جیهان.. ئاشتی‌یە
هەمی چویچك. ستێرانا د بێژن
ڕوناهیا تاڤێ..
لناڤ گول و بەلگا بەلاڤ بو
بەفر باری

لسەر ڕوناهیا تاڤێ باری
بی پەلێت ئاگری

ئینا هۆزانڤانەك ڕاوستیا
هۆزانەك گوت:
نوکە ئەزێ لسەر ڕێکا..
ئڤینیا ڕاست
برێڤەدچم..!

هوان

# بانگەوازی خۆشەویستی

○ نەوزاد عەلی حەسەن ○



ئەی (پەری) یەکەی
گوڵی باخچەی
وەرزی ئەوین
لەگەڵ سپێدەی بەیاندا
بانگەوازی خۆشەویستم
بەرگی سروە لەبەر دەکا،
کەچی سەدای دەنگی نەویم
لە سنووری خاکی تۆدا تێپەر ناکا.
بانگەوازم باڵندەیەو..
لە کەناری ئەو کانییەدا
لەنگەر ناگرێ..
کە شەپۆلی گەرم و تینی
لە گیانی تۆ بەکۆش دەگرێ.
لە سێبەری هەست و سۆزما
ئارام دەگرێو..
لە ترۆپکی ئەوینمەو
بەرز دەفرێ.. بەرز دەفرێ
دیسانەوە جارێکیتر
لە هێلانەی وەنەوشەدا
لەنگەر دەگرێ.. لەنگەر دەگرێ.

# عەشقێکی بێ گەرد

شیعری سەلیم زەنگەنە



شیرینەکەم.....
شۆخ و شەنگە دڵگیرەکەم
پەری کوێستان..!
باڵاچنار
کارمامزی دەشت و بنار...!
زاروکێك بووم ئەلف وبێی عەشقت پێوتم
هەرلەوکاتی....
گڕی عەشقت فێری کردم:
خاك و نیشانم خۆش بووێت
گڕی عەشقت فێری کردم
گڕی ژینی سەربەستیم خۆش بووێت
شیرینەکەم....
خۆشەویستیت مەشخەڵێکە
بۆ بەگژ وکەو ناحەزەکان
خەنجەرێکە..!!
بۆبێ دالذەو چەوساوەکان
هاوارێکە
خوێن شیرینم خۆشەویستیت بێهاوتایە
گڕی عەشقی پیرۆزی تۆ
لەناو دڵم داگیرسایە..!
دانامرکێ... دانامرکێ
تا ئەوساتەی:
دڵم لە لێدان دەوەستێ
دڵم لە لێدان دەوەستێ

# فڕاندی

فڕاندی، زڕاندی، مڕاندی، هێند بەسەرما
کولاندی، سووتاندی، بڕژاندی، چۆن لە گەرما
بە هێزی پڕ سۆزی کە جۆشی ئاخ کە ئەمما
بە ئێشی بەرێشی دەروێشی خەون و ئەرما

○ عدنان حەوتەغاری ○



# لاوان

## هەڵە

○ شێخ طیب قەرەداغی ○

هەڵەم کرد بوومە هاوسەری ژینت
زۆر شەرمەزارم بوومە پەرژینت
ئەبوایە وەك ڕۆژ هەر بەرز بوومایە
تۆش لەبەر خۆرما هەڵ قرچایتایە
پەیمانم نەشکاند ناردمە داوات
ئەوساتێ گەییم چیت لەدڵدایە
هەڵەم کرد - هەڵە خۆم تاوانبارم
ئیتر چارەنووس کاری چی‌تیایە
برۆ . . . بتۆرێ . . . بەدڵی خۆت بژی
مەخسەری ژینت کۆتایی نایە
ڕۆژێ دێ لێوی تاوان بکرۆژی
فرمێسکی سوێری - بریا - بڕێژی
بەڵام ئەو ڕۆژە ئاخۆ من چۆن بم
زۆر دوورە تووشی لە وێنەی تۆبم
جاری‌تر جوانی نامخەڵە تێنێ
بەهاری لاویم هەڵ کرۆزێنێ
ئەگەر ئەوینێ هاتەوە دڵم
مەرجە سەنگینێ بکەمە گۆڵم

## دوو پۆستەرە شیعر

○بۆتان جەلال ○

١ - هەوار
ئەم هەوارە جێ‌مەهێڵە
بۆ نازانی گەر تۆ کۆچ کەی
دەریای دەروون شەپۆڵ ناکا . . ؟
چیتر هەوری پیرۆزی ساڵ،
بارانی خۆر نابارێنێ‌و
داری بەهار چرۆ ناکا . . ؟
٢ - نزا
بۆچی گیانە . . بەم شەوگارە
ڕێی گۆرانی‌و نزام دەگری،
بۆ نازانی
منی عەشق و هاری سەرشێت
هەموو ڕۆژێ
لەمەڵبەندی عەشقی تۆدا
تیشکی جوانی ئاسۆم هەڵدێت . . !؟

# یەکەم خاڵی بادانەوە



● صدرالدین محمد ●

ـ قەرەنی بادەوە، باد . . . ە . . و . . ە

مژە هەناسەیەکی گەرم هەرچی تاسەی هەبوو لەسی‌یەکانی پەچنی‌و دەزووی نیگاکانی لەسەر کلاشە کۆنەکانی‌دەستی کرد بەچنین. کلاشەکانیشی بە تەقڵی درشت کەوتنە بەیەکەوە دروونی کوڵانەکان.

تەپوتۆزی برسیش شوێن پێیەکانی هەڵگرت و بۆ هەنگاوی بادانەوەیەکی‌تر کەوتە سڕینەوەی جێ پێیەکانی. هەناسەی تەنگ بوو دەرگای سی‌یە سووتاوەکانی کرایەوە. بادانەوەش زیوالی بە کلاشەکانمەوە نەهێشت و. . . .

هێرشی هەناسەیەکی هەڵچوو کۆتایی بەدەنگی وشەکانی هێنا، پورە هەنگێك لە هەنگوینی مێشکی‌یەوە ئالا بادانەوە بووە شاژنی هەنگەکان و پورەکەی بەشانەوە بەوژەوژ بەسەر دەشت و دۆڵ و بەرزایی‌یەکانا برد.

سەراپای ئاوایی دڵی گڕی دەگرت و درەختی باخەکانی دەکەوتنە ناو وەرزی ڕووت بوونەوە.

«قەرەنی بادەوە . . با .» شاژنی ناو شانەی هەڵفراند وەك جارانی پێشو قاچەکانی ـ کە وێڵی ئاسۆی ئەو ڕێگەیە بوون مرۆڤ بەرەو دوا ناگەڕێتەوە بەسەریا ـ ناچاری بادانەوە کرانەوە.

ـ خۆ ئەمانە جلی جوان و پێڵاوی نوێشیان هەیەو کەچی هەر لێرەشەوە دەڕۆن و لەو سەریشەوە وەك من. . . . برەیەکی ساردی خەست، لێوەکانی بەست. لەشوێنی خۆی وەستا، دەورو بەریشی هەر هەنگاو بوون بایان دەدایەوە، چاوەکانی بوونە ئاوێنەی جیهانێکی ئاڵۆزو دەخولانەوەو دەورو پشتیشی هەموو تیا ئەکەوتە مامە خولە

ئاسۆی ڕێگەیەکی ڕاست ئاسمانی چاوەکانی ڕوون کردەوەو هێشتاش هەر چەشنی مزراح لەسەر زەوی داکوترابوون و دەخو. . لا . . نە . . وەو دەخولا . . نەوە.

خولانەوە جیهانی پێش چاوەکانی بەدەوریا سوڕاندەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا . . لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات . . لە سەرەوە بۆ . . . لە خوارەوە بۆ. . . . .،

سوڕایەوە، سوڕایەوە. . . ئەمیش لە شوێنی خۆیا توایەوە. توایەوەو یەکەم خاڵی دەست پێ‌کردن و یەکەم شوێن پێی بەرەو ڕێگەکە نەخشاند.

«١» پێش کەشە بە «قەرەنی» پیرێکی پەککەوتەبوو خەڵکی گاڵتەیان پێ‌دەکردو کاتێ بەڕێگەدا دەڕۆیشت پێیان دەگوت «قەرەنی بادەوە» ئەمیش بەرەو دوا دەگەڕایەوە.

## ئاسۆی رۆشنبیری بەیان

# راپۆرتی رۆشنبیری هەولێر

○ شێرزاد عبدالرحمن ○

ئەوی سەرنج بداتە بزووتنەوەی رۆشنبیری لە شاری هەولێردا، بەتەواوی هەست بەو جموجوڵە بەردەوامە ئەکات کە لەم شارەدا ساز دەکرێ و تیایدا دام و دەزگا رۆشنبیرییەکان بەشداری فراوان دەکەن. .



● دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردیی لقی هەولێر، بەردەوامە لە نواندنی چالاکی هەمە رەنگ. . لە نێوان ئەم کۆمەڵە چالاکی یەش، دەزگا کۆڕێکی بۆ نووسەر عمر فارس لە ژێر ناوونیشانی «ژن و ژن خوازی» لە هۆڵی ژووری بازرگانی دا سازدا، کە باسی لایەنی داب و نەریتی کوردەواری کرد لە مەسەلەی ژن و ژن خوازی داو لە سەرەتاشدا کاك محمود زامدار کاکی کۆرگێڕی پێش کەش کردو لە بەسەرکردنەوەیەك دا چالاکی یەکانی دەزگای روون کردەوە لە پێناو برەودان بە باری رۆشنبیری لە شارەکەدا. .

هەر لە هۆڵی ژووری بازرگانی دا کۆرێکی تر بەناوونیشانی - ژیانی ئافرەتی کورد - بۆ مامۆستا مەغدید حاجی رێك خراو کۆرەکەش لەلایەن خوشکە دلپاکەوە بەرێوە بردرا. .

کۆرگێر لە سەرەتادا لە رووی مێژوویی کۆمەلایەتی یەوە باسی ژیانی ئافرەتی کوردی کردو ژیانی ئافرەتی بەژیانی کۆمەڵ و پەیوەندییەکانی ئابووری بەستەوە. .

هەروەها لە بارەی ژیانی راستەقینەی ئافرەتی لادێ نشینی و ئافرەتی کرێکاری کوردەواری دوواو گەلێك نموونەی بەبەڵگە هێنایەوە. . ئینجا رۆڵی تێکۆشانی هێزە



نیشتمان پەروەرو خێر خوازەکان و شاعیرو ناودارانی کوردی

# راپۆرتی سلێمانی

ئامادەی کردووە : باوکی‌شنە

«بەختیار مستەفاو پێشانگەی سێ‌یەمی تایبەتی»

لەهۆڵی گەلەری سلێمانی دەزگای رۆشنبیریو بلاوکردنەوەی‌کوردی پێشانگەی سێ‌یەمی هونەرمەند «بەختیار مستەفا»ی ئامادەکرد.. پێشانگەکە بریتی‌بوو لە چەند تابلۆیەك هونەرمەند «دارا حەمە سەعید» دەربارەی ئەم پێشانگایەو ئەزمونی «بەختیار مستەفا» نووسیویە «بۆ



یەکەم جار هونەرمەند بەختیار مستەفا کارە هونەریەکانی وەکو مێژوویەك پێشانی هونەر دۆستانی ئەدا ئەڵێم وەك مێژوویەك چونکە هونەرمەند لە ساڵەکانی حەفتاوە تا ئەمرۆ هەموو قۆناغەکانی ژیانی هونەری خستۆتە روو. کاك بەختیار بە چوار قۆناغدا رۆیشتووە، ئەگەر هاتو وەکو شێوە تەماشای تابلۆکانی بکەین بەڵام لەراستیدا وەکو ناوەرۆك ئەتوانم بڵێم هەر دوو قۆناغە.

• بەپێی پرۆگرامی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد، دوو ساڵ جارێك دەست دەکرێ بە هەڵبژاردنی دەستەیەکی نوێی کارگێران لە کۆمەڵە...

لەم ماوەیەشدا، کۆمەڵە دەستی کردبە هەڵبژاردنی دەستەیەکی نوێ.. کە لە ئەنجامدا ئەم برایانە دەرچوون و ئەرکی راپەراندنی ئیش وکاری کۆمەڵەیان گرتە ئەستۆ... برایان: رسمی جەلال، تەلعەت سامان، ئازاد مولود، بکر



معروف، عبداللە پشدەری، نامق علی قادر.. جگە لە ئەندامانی ئیحتیات.. هەروەها دوای هەڵبژاردن، دەست کرا بەکار دابەش کردن و چەند لیژنەیەك پێك هات لەوانە:لیژنەی شانۆ، تۆماری دەنگ و فۆتوگراف، هونەری تەشکیلی پروپاگاندەو راگەیاندن ئێمەش، بەو هیوایەوەین، کە وەرزی نوێی کۆمەڵە، پڕبێ لە بەرنامەی چالاکی..



قۆناغی یەکەم.. ئەگەڕێتەوە بۆ سالآنی حەفتاکان کە لە چەند تابلۆیەکدا دەرئەکەوێ بەقەبارەیەکی بچوك بە مەرەکەب داڕێژراوە بە هێلی زۆر وردو بابەتی دەولەمەند.. لەم قۆناغەدا هونەرمەند هەندێك ڕەش بینە، لاشەی شەهیدو مەسیح بەتەنهایی لە سروشتێکی چروسامناك دا بەبێ خاوەن فرێ ئەدا بەپێچەوانەی ئەمەوە لە قۆناغی ١٩٨٣ - ١٩٨٤وە دەست پێ دەکا پاش ئەوەی ئەو هەموو گۆڕان کاری یە بەسەر کۆمەڵ و پرۆژەکاندا هات وەکو تەقینەوەیەکی گەورە، بەتایبەتی لە پارێزگای بەغدا. ئینجا کاك بەختیاریش وەکو ئەندامێکی چالاکی ئەم کۆمەڵە داخوازی ئەو هەموو پرۆژانە بۆ شارە بچکۆلانەکەی ئەکا. لەم قۆناغەدا ئەوەندەی دەربڕیوە، ئەو پرۆژانەی لەمێشکی کاك بەختیاردان خستونیەداخ و گێژاوێکی گەورەوە، بۆیە نەیوسیتووە هیچ هێلێك و نەخشەیەك بەکاربهێنێ ئەمەش هونەرمەند بەرەو قۆناغێکی پڕ لە کارەساتی جگەر بڕ ئەبا

واتە قۆناغی چوارەم پاش ئەوەی هونەرمەند لە ١٩٨٥دا لە خزمەتی سەربازی ئەگەڕێتەوەو دەست ئەکات بە گوللەباران و کاول کردنی هەموو ئەوپرۆژە گەورانەی کە لە قۆناغی ڕابوردوودا خەونی پێوە ئەبینی قۆناغی دووەم هەمان قۆناغی یەکەمی دوبارەکردۆتەوە بەلام ڕۆنی ڕەنگاو ڕەنگی بەکارهێناوە ئەم قۆناغە گرنگە چونکە هونەرمەند زۆر لە دڵەخورپێ دا ئەژی ئەمەش وای لێ ئەکا واز لەهەردوو قۆناغەکە بهێنێ واتە یەکەم و دووەم ئەم گۆڕانە نەك هەرخۆی بەلکو منیشی خستۆتە گێژاوەوە چونکە بەڕاستی من ناتوانم حوکم بدەم بەسەریدا.

ئەوەنەبێ وەکو لەکاکم بەختیار خۆیم پرسی فەرمووی «من نامەوێ شت وەکو خەڕەك دووبارەبکەمەوە» منیش نامەوێ وشەکانم بکەم بەخەڕەك و لە کۆتایی دا هیوای سەرکەوتن بۆ کاك بەختیارو خۆش بەختی بۆ ئێوەی بەڕێز ئەخوازم». ئەوەبوو پێشانگاکە لە ٣تا ١٥ - ی ئاباری خایاند.

هونەرمەند سالی - ١٩٥٧ - لە سلێمانی لەدایك بووە، دەرچوی ئەکادیمیەی هونەرە جوانەکانی زانکۆی بەغدایە سالی ١٩٨٠. ئەندامی کۆمەڵەی تەشکیلی و نەقابەی هونەرمەندانی عێراقە، سەرۆکی بەشی تەشکیلی یە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی.. لەگەڵێك پێشانگەدا هاوبەشی کردووە، دوو پێشانگای تایبەتی لەبەغدا کردۆتەوە.

باوکی شنە

ئامادەی کردووە

چەند ڕۆشنایی یەکی نوێ بۆسەر گۆڤاری «بانگی کورد ١٩١٤» بەو ناونیشانەی سەرەوە یەکێتی یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی کورد لقی سلێمانی لە هۆڵی کارگەی جگەرە ڕۆژی ٤ی ئایار کۆڕێکی ئەدەبی بۆ کاك ئومێد ئاشنا سازکرد، بەڕێوەبەری کۆڕ مامۆستا «دلشاد مەریوانی» سەرەتا بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کردو بە ناوی لیژنەی ڕۆشنبیری یەکێتی یەوە وتی: ئازایزانم.. خۆشەویستانم.. هەموو ساڵ گەر یەکێتی هەبووبێ ئەوە بزوتن و کۆشش و تەقەلای پیرۆز پرشنگداری خۆی هەبووە.. کە هیچ نەبێ ئەوانەی کەمە شارەزایی یەکیان هەبووبێ و ڕووی کۆڕی وا ڕۆشنیان بووبێ بانگەواز کراوە بۆ شارەزایان و ئەدەب دۆستان و لاوان تاسوود لەو شارەزایی یە وەربگرن. هەر لەبەر ئەوەشە ئێمە بوونی ئەم یەکێتی یەو بوونی چالاکی یەکانی بە پێویست دەزانین بەڵکو بە هەل و دەرفەتێکی سوود لێ وەرگیراوی دەزانین.. ئەمەرای ئێمەیەو ڕۆشن و ڕاستەوخۆ چ بە کۆڕو



کۆمەڵ چ بە گۆڤارەکەی خۆمان سەلماندومانەوە دەیەها پاتمان کردۆتەوە ئیتر هەرکەس و کۆمەڵ و لایەنێك ڕای تری هەبێ ئێمە کورت و کوردی ئەڵێین: ببورن ئێمە ڕێزی ڕاکانان دەگرین وەلێ بڕوای ئێمە ئەم یەکێتی یە لە بەغداو شارەکوردەکان دا بوونی چاکترە لە نەبوونی.

ئێمە زۆرمان لەکەس نی یەو زۆری کەسیش قبوڵ ناکەین لەسەرخۆمان چونکە کە هیچ نەبێ لەناو خۆمان دا وەك ئاوا چەپکێ لە تیشکی خاوێن کۆدەبینەوە باوەڕمان بەدیموکراتی یەتی ڕا هەیە.. بەڵام دەبێ بپرسین کام دیموکراتی یەت ئەو دیموکراتی یەتەی لەسنوری باسی و خواس و بابەتی کۆڕەکانمان دەرناچێ و لەپێناوی بەرژەوەندی زمان و کلتوورو ئەدەبی نەتەوەکەمان دایە.

ئێمە خۆمان دەزانین بە چ ژان و خۆڕاگرتن و کەم دەرامەتی یەك چالاکی ئەم یەکێتی یەمان ڕاگرتووە. بۆیە ڕازی نین لەمەلاولاوە کەسانێك یان کۆمەڵانێکی خاوەن بەرژەوەندی تایبەت بەڕاسپاردە گەنجێکی کەم ئەزموون و ئاستی ڕۆشنبیری دیاری کراو زیان بەم چالاکی یانەمان بگەیەنێ. چونکە مەعلومە ئەم چالاکی یانە بۆ بەرژەوەندی کوردو ئەدەب و هونەرو ڕۆشنبیری کوردی یە بۆ ئەم ڕاستی یەش ئێوە خۆتان شاهیدی حاڵن و لەوەتەی چالاکی یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی کورد لقی سلێمانی دەستی پێ کردووە هیچ باس و بابەت و کۆڕێکی دژوارمان نەبووە. بەڵکە تەحەمولی گەلێ تیروتانەو سەرکوتانێکی سەرەکی و لاوەکیمان کردووە بە بێ ئەوەی لاریمان هەبێ یان پەشیمان بوونەوەمان هەبێ بەرامبەر هیچ هەڵوێستێکی یەکێتیمان -

یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی کورد -.

ئەمڕۆ لەم کۆڕەدا یادی ساڵڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی دەکەینەوە کە دەبوو ٢٢ی نیسان واتە مانگی پێشوو ئەم کۆڕە بگیرایە وەلێ لەبەر ئەوەی لەو ڕۆژە پیرۆزەدا ئێمە هەر هەموومان سەرقاڵی کۆنگرەی یەکێتی ئەدیبان




و نووسەران بووین هەندێک چالاکی تریشمان لە هەولێرو بەغدا هەبوو جەنجالی کردبووین ناچار یادەکەمان خستە ئەمڕۆ کە دوانزە ڕۆژ دوای کاتی خۆی دەکاو نەمان ویست لەمە دواتر بکەوێ . .

لە دوای ئەوەی مامۆستا ـ دلشاد مەریوانی ـ وتاری یەکێتی لقی سلێمانی خوێندەوە ئینجا کاک ـ ئومێد ئاشنا ـ لێکۆڵینەوەکەی خۆی پێشکەش کرد . . نووسەر پەیڕەوی بەرنامەیەکی زانستیانەی کردبوو لە باسەکەیدا بۆ نزیک بوونەوەی زیاتر لە شێوەو ناوەڕۆکی گۆڤارەکەو هەموو لایەنێکی :-

١ ـ خستنە بەرچاوی ئەو سەرچاوانەی تا ئێستا باسی گۆڤاری ـ بانگی کوردیان کردووە.

٢ ـ ڕاست کردنەوەی هەڵەی ئەو سەرچاوانەو ساخ کردنەوەیان.

٣ ـ لە بەدەست هێنانی ئەنجامەکانی خاڵی دووەمدا دوا بڕیاری خاوەن کۆڕ بەسەر هەموولایەنەکانی گۆڤارەکەداو ڕۆشنایی نوێ خستنە سەر گۆڤارەکە . . ئینجا نووسەر باسی ئەو سەرچاوانەی کرد کە دەربارەی گۆڤارەکە نووسیویانە وە چەند نووسخەیەکی لە وێنەی گۆڤارەکە بەناو ئامادەبووانی کۆڕەکەدا بڵاوکردەوە . . نووسەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە گۆڤاری ـ بانگی کورد ـ گۆڤارێکی سیاسی و ئەدەبی و ئایینی و کۆمەڵایەتی بووە ژمارە «١» یەکی لە ـ ٨ ـ ی شوباتی ١٩١٤ بەرانبەر بە ـ ١٣ ـ ربیع الأول ی ١٣٣٢ ی هیجری لەبەغدا بە زمانی کوردی تورکی پانزە ڕۆژ جارێک دەرچووە . هەر ژمارەی ـ ٢٤ ـ لاپەڕە بووە . هەر پێنج ژمارەکەی دەبێت بە ـ ١٢٠ ـ لاپەڕە خاوەنەکەی خوالێ خۆش بوو «جەمال بابان»بووە . شوباتی ١٩١٤ دەرچووەو لە ناوەڕاستی هەمان ساڵدا کە جەنگی جیهانی یەکەم دەستی پێ کرد گۆڤارەکە وەستا پڕشیکی جەنگی جیهانی یەکەم گۆڤارەکەو خاوەنەکەی گرتۆتەوە . .

هەروەها نووسەر وتی : ناوی هەموو ئەو نووسەرانەی بەشداریان تیاداکردووە نازانین . بەڵام ئەمانە ناوی هەندێکیانن : جەمال بابان، عەلی باپیر، شوکری فەزلی، عومەرنەزمی، بهاءالدین شێخ نوری شیروانی خاکی بەغدادی، فکری .

لە کۆتایی ئەو باسەدا لەلایەن ئامادەبووانەوە گفتوگۆو پرسیاری لەسەر درووست بوو.

# پانەی بەیان

○ ئاسۆ ○

وا ئەم جارەش بەیەك دەگەینەوە، پۆستەی ئەم ژمارەیەمان هەمەڕەنگ بوو، ئەو بابەتانەی کە شیاوی بڵاوکردنەوە بوون و بەهرەی قەڵەم ڕەنگینی نووسەرەکانیانی تیابوو بە پەسندمان زانی ڕێچکەی بڵاوکردنەوەی خۆیان بگرن و بە پێی دەرفەت و بواری گۆڤارەکە چاویان بە ڕووناکی بکەوێ، خۆ ئەو بەرهەمانەی کە تروسکەی رووناکیان تیابوو ئەو کۆپلانەمان لێ بژارکردن کە هەنگاوێکن بەرەو دوا ڕۆژێکی گەشترو، ئێمە هەمیشە ڕێگەخۆش دەکەین بۆ ئەو خونچانەی تازە پشکوتوون و ئاوەڕۆیان بۆ دەکەینەوە کە زیاتر گەشەبکەن.

هەر بەرهەمێك کە هێزوپێزی تیابێ، هەر بەرهەمێك کە زادەی بیرو ئەندێشەی نووسەری لێهاتوو و کارامە بێ، ئەوە بە شانازییەوە باوەشی بۆ کراوەتەوە، بەرهەمی باش خۆی پێناسی خۆیەتیو خۆی دەسەپێنێ، بەڵام کە بەرهەمێ بڵاوناکرێتەوە نابێ نووسەرەکەی وابزانێ بە جۆرێ سەیری دەکرێ کە پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە نەك بەرهەمەکە.. بۆیە داوا لەو نووسەرانەو دەکەین کە دەیانەوێ نووسینەکانیان لە گۆڤاری «بەیان»دا بڵاوبێتەوە، مەسەلەی لایەنی هونەرکاریو بارودۆخی ڕێبازی گۆڤارەکە ڕەچاوبکەن، هەر تەنیا لایەنێك لەسەر حیسابی لایەنەکەیتر ڕێگەی بڵاوکردنەوە خۆش ناکات، گۆڤاری بەیان چاوی لەدەستی نووسەرو ڕۆشنبیرانی کوردە، کە شیعری ڕەسەن و لێکۆڵینەوەی پتەو و چیرۆك و شانۆنامەی بەپێزو بابەتی وای بۆ بنێرن کە ئاستی گۆڤارەکە بەرز بکاتەوە نەك بە پێچەوانەوە،

ئیتر چاوەڕوانی خامەی ڕەنگینتان دەکەین و لە جارێکی تردا هیوادارین کە نووسینەکانتان زیاتر مایەی دڵنیایی ئێمەو خوێنەران بن و دەرگای بڵاوکردنەوە بۆتان **والا**تربێ.

- ئاسۆ -

● کاك «عومەر مەرگەیی» هۆنراوەیەکی بۆ ناردووین بە ناوی «گەڕانەوە» ئەوەی جێگەی سەرنجە کۆپلەی یەکەم و دووەمی شێوەی پەخشانی بەخۆوەگرتووە، بەڵام هی سێیەمیان ئیقاعەکەی پاراستووەو بەهرەی شیعریی تێدا بەدیدەکەین، وا بۆی بڵاودەکەینەوەو هیوادارین لەمەولا هەنگاوی گورج تر هەڵێنێ:

**ئەی نەورەسی حەزی گەشم،**
**ئەگەر جارێکیش لە جاران...**

**عاشقی خەزانێ بوو بینم**
**لێم ببوورە**
**«ئەگەر ئێستا لەلام ئەبووی**
**ئەتزانی چۆن»**
**لە عەشقتدا ئەتوێمەوەو**
**سا ئاوێتەی پەیامێکی مەزنترو گەشتر ئەبم!!**

● بۆ خاوەن هۆنراوەی «دارێکی شکاو» بیری هۆنراوەکەت و دارشتنەکەی ئەوەندە پتەو تۆکمەنی‌یە کە پێ‌ی بوترێ شیعر، وا چەند دێرێکت بۆ بلاو دەکەینەوە تاخۆت و خوێنەر شارەزای شێوازی هۆنراوەکەت بن کە تۆش بەتەورداس کەوتوویتە گیانی شیعرەکەت:

**منیش لە خەما هاوبەش ئەم دارەم**
**بۆیە وانزو دڵ پڕ بەژارەم**
**دڵ داگیرساوە دولبەر لێم ئالۆز**
**هەروەك و دەرویش ئەیکەم زکرو سۆز**

هیوادارین زیاتر خۆت، ماندوو بکەیت و وردتر سەرنج بدەیت

● بۆ خاوەن هۆنراوەی «بلبل و هوزانڤان» کاکی برا هۆنراوەکەت بۆ بەلافکرنێ دەست نادات، ببوورە هۆنراوەی باشترمان بۆ بنێرە.

● وەلامی پرس» هۆنراوەیەکی زۆر سادەو سەرەتایی‌یە، مۆرکی لاسایی کردنەوەی پێوە دیارە، ببوورە کەڵکی بلاوکردنەوەی نی‌یە

● «بزوتنەوەی نوێ لە شانۆی جیهانی‌دا» کە لە عەرەبی‌یەوە کراوە بە کوردی، وەرگێر مافی تەواوی بە بەرهەمەکە نەداوەو چاکی وەرنەگێراوە، بۆیە بە پێویستمان نەزانی بلاوی‌بکەینەوەو داوای وەرگێرانی بابەتی نوێ‌ترو بەپێزتر دەکەین کە وەرگێر خۆی بە وەرگێرانەکە ماندوو کردبێ.

● «شانۆگەری پانتومایی » بەم شێوە نی‌یە کە لە گۆڤاری بەیان دا چاوبکاتەوە، داوای بەرهەمی بەپێزو پتەو لە نووسەر دەکەین کە لە ڕووی ناوەرۆکەوە نیشانە بپێکێ.

● چەند گازندەو هیڤی ژ ڤەلەکا کویڤی» شیعرە کە لاوازەو شیاوی بلاوکردنەوە نی‌یە. با بەرهەمی‌تر ڕووی بلاوکردنەوەی هەبێ.

● «یادی نامەکەم» بەناو شیعرە، قسەی ئاسایی‌و سەرپێ‌یە مەرجی شیعری تێدا بەدی‌ناکرێ. جارێ خەریکی خوێندنەوە بە و لە شیعر بگە ئەوسا دەست بدە قەڵەم.

● «کانی‌و چاوەکانت» نە شیعرەو نە پەخشانێکی هونەرکاری، کاکی برا پەلە مەکە، هەوڵ و تەقەلا بدە، کە زۆر چاك لە شیعر بگەیت و خەتەکەشت خۆش بکە ئەوسا بەرهەممان بۆ بنێرە.

● کاك «سمکۆ ئەحمەد» هۆنراوەکەی بە ناوی «لاشە»وە ناردووە، لەڕاستیدا تەنیا کۆپلەی یەکەمی شیاوی بلاوکردنەوەیە وەك بڵێ‌ی لە هەنگاوی یەکەمدا چاك بۆ مەسەلەکە چووە، لەدواییدا نەیتوانیوە سەرکەوتن وەدی بێنێ، بۆیە ئێمەش تەنیا هەر هەنگاوی یەکەممان بەدڵ بوو،

**سەرم ببوایە نیشتمان**
**تۆم دەکردە فەرمان ڕەوا**
**دڵم ببوایە پەرستگا**
**دەمکردیە گەورەترین خوا**

● کاك « أ. أ» چیرۆکێکی بۆ ناردووین بە ناوی «کۆچەر»، لەڕووی تەکنیکی چیرۆکەوە کزە، بەتایبەتی لە کۆتایی‌یەکەیدا کە نەیتوانیوە خوێنەر بوروژێنێ، چاوەڕوانی بەرهەمی نوێ‌تر دەکەین کە شیاوی بلاوکردنەوە بێ.

● «نازانم بێ‌وەفایە یا هەرزەکارە» چیرۆکێکی ساکارەو مەرجی هونەری چیرۆکی تێدا بەدی‌ناکرێ، خەتەکەشی تابڵێ‌ی ناخۆشە. تکامان وایە لە مەودوا کە بەرهەم دەنێری نووسینەکەت دیارو ڕوون بێ، تابۆمان بخوێنرێتەوە دەبێ ئەوەش بزانی کە تارادەیەك بەهرەی نووسینت تیایە

بەلام پێویستی بە بژارکردن و تەنەڵەکردن هەیە.

# شورەشا تیرمەهیّ‌و پیّشکەفتنا رەوشەنبیریا کوردی

پشتی شەفەقا شورەشا ١٧ - ٣٠ تیرمەها مەزن گەهشتیە هەمی دەڤەریّت عیراقیّ‌و مللەتیّ عیراقی ژ تاریستانەکا مەزن رزگاکری... ئەڤجا سکریّ رویباریّ دەستکەفتا بەڤی‌و دەستکەفتیّت مەزن و میّژوویی هاتنە بجهـ ئینان بو کوریّت عیراقی ژ کوردو عەرەب و کیّمانیا.

ئەو دەستکەفتیّت مەزن ئەویّت هاتینە بجهـ ئینان بو مللەتیّ کورد لعیراقیّ بیّ گومان گەلەکن و ل گوتارەکا هوسایا بچویك ناهیّنە هەژمارتن، لیّ بتنیّ ئەگەر ئەم بەریّ خویندینە ئەو دەستکەفتیّت بجهـ هاتین بو کەرتا رەوشەنبیریّت کورد، دیّ بینین ئیّك ژ یاتیّ گرنگترو میّژوویی ترە..

ژوان دەستکەفتا دامەزراندنا ئیکەتیا ئەدیب و نڤیسەڤانیّت کورد ل سالا (١٩٧٠)یّ‌و دامەزراندنا زانکویا سلیّمانیّ ئەوا نهو دیّرتیّ زانکویا صلاح الدین و دامەزراندنا دەزگەها رەوشەنبیری‌و بەلاڤکرنا کوردی ئەوا سیّ چاپەمەنیا دەردکەت و یارمەتیا نڤیسەڤانیّت کورد ددەت ب چاپکرنا کتیّباو کوریّت ئەدەبی‌و رەوشەنبیری لهەمی قولاجیّت کوردستانیّ بەرهەڤ دکەت.. دیسا دامەزراندنا ریّڤەبەریا خواندنا کوردی‌و کومەلا رەوشەنبیریا کوردی‌و کوریّ زانیاری کوردی‌و ئەمانەتا گشتی‌یا رەوشەنبیری‌و لاوان لدەڤەرا ئوتونومیّ، ئەڤە هەمی فیقیّ دارا مەزنا شورەشا ١٧ ٣٠ تیرمەهیّ‌یە.

بیّ گومان ئەڤە هندەك ژوان دەستکەفتیّت رەوشەنبیری بوون ئەویّت بوینە ئەگەرا ڤەژینا بزاڤا رەوشەنبیریا کوردی لعیراقیّ‌و بوینە ئەگەرا پیّشکەفتنا کاروانیّ رەوشەنبیریا کوردی‌و بوینە ئەگەرا گەشدار بونا پەیڤا کوردی یارەسەن.. رەوشەنبیریّ کورد لعیراقیّ هەردەم بیّ سەربلندو سەرفرازە ب ڤان دەستکەفتا... چنکو هەتا نهو خواندنا کوردی یان هونەریّ کوردی یان ئیّزگا کوردی لئیرانا دەجال خومەینی قەدەغەیەو حەرامە!!

دەجال خومەینی هەتا نهو ژی کوردا نادانیّت مللەت!! بەلکو هەمی روژا ب دەهات گوندیّت کوردا د دەتە بەر گوللە توپاو دەهان گەنجیّت کورد ب سیّداراڤە دکەت!!

ئەڤەیە شورەشا ١٧ - ٣٠ تیرمەها مەزن.. شورەشا دەستکەفتا.. شورەشا پارتیا بەعسا عەرەبیا هەڤپشك.. شورەشا بەیانا (١١) ئادارا پیروزاو ئوتونومی.. ئەو شورەشە ئەوا ئیکەتیا نیشتمانی لعیراقی بهیّز ئیّخستی‌و کریە موکمترین چەپەرو سەنگەر بەرامبەرا هیّرشیّت ڤەماییّت دەجال خومەینی.

لو ژبیرا مە نەچیّت کە مەزنترین دەستکەفت ئەو دەمیّ سەروکیّ فەرماندە (صدام حسین) گوتی «من دڤیّت ئەز فیّربیم ئەزمانیّ کوردی» یان دەمیّ گوتی «کوردا لعیراقیّ دوو ماڤیّت هەین ماڤەك وەك کوردو ماڤەك وەك عیراقی».. ئەڤ گوتنیّت سەروکیّ ڤومانـدار جهیّ شەهنازی‌یە بو کوردیّت عیراقا نوی.. عیراقا شورەشا ١٧ - ٣٠ تیرمەهیّ هەزار هزار سلاڤ ل بیرهاتنا شورەشا ١٧ - ٣٠ تیرمەها مەزن بن.

● وەسفی ردینی ●

بەیان
مجلة ادبية شهرية
تصدر عن دار الثقافة والنشر الكردية
وزارة الثقافة والاعلام
بغداد

رئيس مجلس الادارة ورئيس التحرير
مصلح مصطفى الجلالى



**BAYAN**

Litrary Monthly Magazine
Ministry of Culture and Information
Issued by: The Kurdish House for Cultuer and Publishing
Baghdad - Iraq

EDITOR IN CHIEF
**MUSLEH MUSTAFA JALALY**

دار الحرية للطباعة

نرخی (200) فلسه